# پێشەنگ ژمارە: 16

**زستانی 1386ی هەتاوی**

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد ساڵحی

سەرنووسەر: سەعید ئەمانی

دەستەی بەڕێوەبەر:

بێستون

ناسر حەقپەرەست

شورش محەمەدی

کەریم ئەمانی

رووبەرگ و مونتاژ: هیوا عەبدی

ئیمەیل: (peshang2@msn.com)

تەلەفون:

07701934573

07701567854

نرخ: 1500 دینار / 1000 تمەن

بۆ ئاگاداری خوێنەران:

- کەڵك وەرگرتن لە بابەتەکانی پێشەنگ بە ئاماژە کردن بە سەرچاوە ئازادە.
- ناوەرۆکی بابەتەکان تەنها نوسەرەکانی لێی بەرپرسیارن.

| ناوی بابەت: | نووسەر یان وەرگێڕ: | لاپەڕە: |
| --- | --- | --- |

**بابەت :**

| | | |
| --- | --- | --- |
| ئارەزوویەکی وەدی نەهاتوو | ن: سەعید ئەمانی | 5 |
| خۆنواندنی پیاو سالاری لە ئەدەبیاتی داستانی ژنانەدا | ن: جەواد ئێسحاقیان ـ و: شۆڕش محەمەدی | 7 |
| "نانی رووت" حیکایەتی مرۆڤە ستەملێکراوەکان | ئا: ئاریز حسێن ـ ن: محەمەد شوکری | 13 |
| بارمتە گرتن | ن: گابریل گارسیا مارکێز ـ و: سەعید ئەمانی | 15 |
| پابەند بوونی هوونەر و ئەدەبیات لە روانگەی شاملووەوە | و: بێستون | 19 |
| میخائیل شۆلۆخۆف و رۆمانی دۆنی ئارام | و: ئارەزو بێکەس | 21 |
| گەڕان بە دوای ئەدەبیاتی لادێیدا | ن: عەلی شالوربەچە ـ و: شەهروز ناسری | 24 |
| ئەدەبیات و ئارمانگەرایانی کۆمەلایەتی | ن: ئازەر سولتانی ـ و: ئاکام بەسیم | 26 |
| ئەدەبیـــات و ئایدیۆلـــۆژی | و: مەجید مارابی | 29 |
| شاملو و مۆسیقا | و: هیوا ئەمانی | 31 |
| مارکسیزم و فەلسەفە | و: وێلاگی سوسیالیزم | 34 |
| ئەوەڵی مانگی گوڵان ساڵرۆژی لەدایک بوونی موختاری | ئا: فەرهاد مورادیان پور | 39 |

**فیلم و سینەما :**

| | | |
| --- | --- | --- |
| ژان لوک گوداری شۆڕشگێر | و: کەریم ئەمانی | 44 |
| رەنگی زەعفەران، خرۆشانی نەسڵێک | و: بێستون | 49 |
| سەرزەوینی مەوعود | ئا: ژان ماندێل بوم ـ و: پەیمان | 52 |

**وتووێژ :**

| | | |
| --- | --- | --- |
| محاکمەی سۆسیالیزم | ئارشیوی رادیو دەنگی شۆڕشی ئێران | 54 |
| شەڕی گەورە بۆ شارستانییەت | و: م. حەمامیان | 63 |

**چیرۆک :**

| | | |
| --- | --- | --- |
| جلی نوێ | ن: حسێن شیربەگی ـ و: سەرگوڵ بێتوشی | 66 |
| ئێوارەیەک لەگەڵ سارا | ن: ناسر حەقپەرەست | 70 |
| گوللە بە جێگای نان بە یەکسانی دابەش کرا | ن: مینا ئەسەدی ـ و: محەمەد حەمامیان | 73 |
| کتێب | ن: حسێن شیربەگی ـ و: شەماڵ | 76 |
| وتووێژێکی دە دەقیقەیی | ن: شەهلا شەفیق ـ و: سەرگوڵ | 80 |
| گوڵی سوور | ن: مەنسوور یاقوتی ـ و: محەمەد تەرەغە | 84 |

**شێعر :**

| | | |
| --- | --- | --- |
| 26ی رێبەندان | ن: مام هەژار | 86 |
| درێژترین رۆژی ساڵ | ن: یۆرگۆ سیفریس ـ و: محەمەد تەرەغە | 89 |
| باڵندە | ن: سیاوەش کەسرایی ـ و: م. باوەرێز | 96 |
| دیاری | ن: نیشتمان ئەسەدی | 97 |
| ژمارەیەک کورتە بابەتی جۆراوجۆر کە لە لایەن خوێنەرانی ئازیزی پێشەنگەوە بە دەستمان گەیشتوون | | 98 |

# بۆ، دەور و نەخشی شاعیران و هونەرمەندان لە ئاست چاوەڕوانیەکانی جەماوەری زۆرلێکراو و بەش مەینەت دا نیە؟

ئایا فاکتەرەکانی غیابی حوزوری شاعیران و هونەرمەندانی ئەم دۆخەی ئێستا، کە بە یەکێك لە پڕکێشە و پڕ تەنگژەترین قۆناغەکانی مێژووی بەشەری پێناسە دەکرێ بەنیسبەت بار و دۆخی دنیا بەگشتی ورۆژهەلاتی ناوین بەتایبەتی، لە لوتکەی کێشە سیاسی وکۆمەلایەتیەکاندا یان لانی کەم شان بەشانی ڕەوتی ڕووداوەکان لە چی دایە؟ چ هۆکارێك بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی لە دەور و نەخشی کاریگەر و پڕلەحەماسەتی ئەم چینە بێ بەشکردوە. لەبەرچی بەشێکی بەرچاو لە چیرۆك نووسان، شاعیران، سرووودبێژان و شێوەکاران پشتیان لە ئەرکە سیاسی و خەباتگێرانە کۆمەلایەتیەکانی خۆیان کردوە و سەریان بردۆتەوە نێو ئەژنۆی دنیای تاکی خۆیان و داماوانە بە هەمووبارێکدا خەریکن چارەنووسێکی ئەزلی و ئەبەدی پڕلە بێ هیوایی، بێ دەرەتانی و چارهەلنەگر بۆ مرۆڤایەتی وێنا دەکەن.

من لەم کورتە وتارەدا نامەوێ ئاماژە بە هیچ کام لەو فاکتەرانە بکەم کە بەلامەوە هۆکارن و ئاماژە پێکردنیان مەجالێکی بەرینتری دەوێ و بابمێنێ بۆ کاتێکی دیکە بەلام ئەوەی کە مەبەستی سەرکی منە لەم کورتە نووسینە دا ئەوەیە کە ئەم حالەتە ناکرێ و ناتوانێ تائەبەد شێوەی کاری ئەم چینە بێت و چاوەڕوانیە بەرحەقەکانی چین و توێژە هەژار و زۆرلێکراو و ماف خوراوەکانی ئەم کۆمەلگا پڕ لە زولم و نابەرابەرییە پشت گوێ بخەن و ولام نەدەنەوە. یان بەوتەیەکی تر بە خۆگێلکردن مۆری تەئید لە مناسباتی پڕلە جورم و جەنایەتی نیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری، کە بە پەیڕەوکردنی سیاسەت و بەرنامە نا ئینسانیەکانی ژیانی بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەم گۆی زەویەی کردۆتە دۆزەخ بدەن. چون بە شاهیدی مێژوو کەسانی وەك: ئۆژین پوتیە شاعیری فەرانسەوی و یەکێك لە ڕێبەرانی کۆمۆنی پاریس و خاوەنی شێعری ئەنترناسیۆنال، ئەلکساندرپتۆفی شاعیری شۆڕشگێری مەجارستانی، جوهەیل سرود بێژی تێکۆشەری بزوتنەوەی کرێکاری لە ئامریکا، جەك لەندەن، سابت ڕەحمان، ماکسیم گورکی ڕۆمان نووسی سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبری ڕووسیە، بودلێر شاعیری گەورەی فەڕانسەوی و تێکۆشەری سەردەمی شۆڕشی ڕێنسانس لە ئۆروپا، ویکتۆر خارا، جەمالێ موفتی، یەلماز گونەی، نازم حیکمەت، گولسورخی، سەعید سولتان پور، میرزادە عیشقی و بە سەدان تێکۆشەری دیکەی بواری هونەر و ئەدەبیات دەور و تەئسیری بەرچاویان هەبووە لەسەر جۆشدان، گەشە پێدان، ئاڕاستە و بەرەو پێش بردنی بزوتنەوە جۆراوجۆرە شۆڕشگێڕانە کۆمەلایەتیەکان لە ئاستی دنیادا. هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا دەربیجەی قسە و باس لەسەر ئەم بابەتە بکرێتەوە و شنەی ڕەخنە و توێژینەوەکان ژێلەمۆی سستی و بێ دەروەستی لە ڕوخساری ئەم سکلە لابدات و بە زووترین کات شاهیدی گەشانەوە و بلێسەسەندنی بین.

***



سەرچاوە: گۆڤاری ئارەش

**بابەت و بەرهەم، سەرنج و پێشنیارەکانی خۆتانمان بۆ بنێرن.**

**"پێشەنگ"**

بابەت

# ئارەزوویەکی وەدی نەهاتوو



*ن:سەعید ئەمانی*

ڕۆژنامەگەری ئازاد و ڕەخنە گرتن لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا بووەتە ئارەزوویەکی وەدی نەهاتوو. چونکە سانسۆڕ و ڕژیمە دیکتاتۆریەکان هەر شتێك کە خۆیان بە مەسڵەحەتی نەزانن ئیزنی بڵاو کردنەوەی پێنادەن. ڕۆژنامەکان لەو وڵاتانەدا بوونەتە ئامرازی پیاهەڵدان و ستایش کردنی دەسەڵات. و بەم هۆیەوە ویژدانی ئاگای ڕۆژنامە نووسی سەربەخۆ و ئازادیخواز بەردەوام لەژێر گوشاری سانسۆر و باری گرانی بەڕێچوندا دەهاڕدرێ. بارودۆخی نالەبار و تەگەرە و گیر و گرفتەکانی سەر ڕێگای کار کردنیان سکاڵا و گازندەی ئەم بەشە لە ڕۆژنامە نووسانی بەرز کردۆتەوە و لە زۆر شوێن تەنگ و چەڵەمەی گەلێك جیدی بۆ پێك هێناون کە لە وڵاتانی وەك ئێران، عێراق، ئەفغانستان، فەلەستین، لیبی، سوریە، میسر، عەرەبستان، سودان، سومالی و ئەندونزی لەچاو شوێنەکانی دیکەی دنیا گەلێك بەرچاوترە.

ئەم کێشمەکێش و بەرەوڕوو بوونەوەیە تەنیا تایبەت بە سەردەمی ئێستا نیە، بەڵکو پێشینەیەکی بە درێژایی مێژووی تەمەنی رۆژنامەگەری لەپشت سەرە. سانسۆر و بەرتەسك کردنەوەی ئازادی قەڵەم و بیروڕا دەربڕین، پێ بە پێ و شان بە شانی نووسین و قەڵەم وەشاندن هاتۆتە پێش و بێجگە لە چەند دەورەیەکی کورت، ئەویش سەردەمی گۆڕانکاریە بنەڕتیەکان لەو وڵاتانەی شۆڕش و ئاڵ وگۆڕ تێیاندا ڕوویداوە وەك سەردەمی شۆڕشی مەشروتەخوازی و شۆڕشی ساڵی 1357ی هەتاوی لە ئێران، و دوای ڕاپەڕینی 91ی میلادی، بۆ ماوەیەك لە کوردستانی عێراق و ئاڵوگۆڕی لەم بابەتانە، یان هێندێك جار سەرودەمی هەڵبژاردنەکان لێرە و لەوێ کەمێك فەزاکە دەکرێتەوە، هەرچەند زۆرجار گوشاری زیاتری بۆسەر بواری ڕاگەیاندن بە دواوە بووە، بە بەردەوامی مەیدانی گەشە و هەڵدانی لە نووسەران و قەڵەم بە دەستان بەرتەسك کردۆتەوە و بەری بە هەوڵەکانیان گرتووە.

ئەم بەربەستانە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم ڕۆژنامەنووس و نەیهێشتوە ڕۆژنامەنووس بەباشی بتوانێ وڵامی چاوەڕوانیەکانی خوێنەرانی بداتەوە کە ئەویش خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە: ڕۆژنامە نووس پێویستە ڕاست بێژ و پارێزەر و پشتیوانی شێلگیری ئازادی بێت، ڕەخنەگر و دەربڕی ڕاشکاوی دەرد و مەینەتیە کۆمەڵایەتیەکان و لایەنگیری دیمەکراسی و دادپەروەری بێت.

ئەم چاوەڕوانیانەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەساسیترین تایبەتمەندیەکانی ڕۆژنامەنووس چاونەترسی، ژیری، وشیاری، دوورئەندێشی و خۆڕاگری یە. ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە و ڕاست بێژ، هەواڵنێری ئەو ڕاستیانەیە کە لە دنیای دەور و بەریدا

ڕوو دەدەن. بە پێچەوانەی هەندێك لە هاوکارەکانی کە پیاهەڵدەر و ستایشگەری دەسەڵات و سوڵتەن، دەستەمۆی دەسەڵات نابێ. ئەو پارێزەر و پاڵپشتی سەربەخۆیی یە، و لە ئازادی قەڵەم، ڕادەربڕین، کۆڕ و کۆمەڵ و ئەنجوومەن و ڕێکخراوەکان داکۆکی دەکات. لە ناخی دەروونەوە لەسەر ئەو باوەڕ و قەناعەتەیە کە مرۆڤ ئازاد و سەربەخۆیە و هیچ کەسێك بۆی نییە ئەم ئازادی و سەربەخۆییەی لێ بەرتەسك بکاتەوە و پێشێلی بکات...

دیارە، ئەو ڕۆژنامە نووسانە جێی مەبەست و چاوەڕوانی خەڵك و جوێنەرانی جیدین کە زانیاری و شارەزایی تەواویان لەسەر پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە، کەسێکە نەخزیوەتە کونجی خەڵوەتی خۆیەوە و لە پڕۆسەیەکی گەڵاڵە بۆ داڕێژراودا سەری کێشاوەتە گشت کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەیەوە و توانایی شیکردنەوە و هەڵاجی کردنی پرس و بابەتە جۆراوجۆرەکانی هەیە و لە هەمان حاڵدا پرۆژە و ڕێگا چارەش دەتوانێ ئیرایە بدات.

جیا لەو نووسەر و ڕۆژنامە نووسانەی بە شێوەیەکی بەرین لە ئاستی دنیادا بۆ بەردەوامی ڕۆژنامەکەیان و دوور خستنەوەی پیشەکەیان لە مەترسی دەست درێژی لایەنە دژی ئازادی، کۆنە پەرست و دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان، دەستیان داوەتە خۆ سانسۆری، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامە نووسان بەردەوام ویستویانە ئەرکە پیشەیەکەی خۆیان بەباشی بە ئەنجام بگەیەنن و کارەکانیان لە ئاستی چاوەڕوانیەکانی خوێنەرانیان دابێت. بۆیە ئێمە ڕۆژانە شاهیدی دەست و پەنجە نەرم کردنی ئەو ئینسانە خاوەن هەڵوێستانە لەگەڵ ئەو مەترسیانەداین کە هەڕەشە لە ژیان و پیشەکەیان دەکات. دیارە ئەو مەترسیانەش تەنیا لەلایەن دەسەڵاتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆریەکانەوە نییە بەڵکو زۆرجار دەکەونە بەر هێرشی گورووپە توندڕەو و تیرۆریستەکانیش. لە ساڵی ڕابردوودا، واتە ساڵی 2007، کە یەکێك لە ساڵە پڕلە کارەساتەکان بوە بۆ ئەو کەسانەی لە بواری ڕاگەیاندن دا ئیشیان کردوە، ژمارەی ئەو ڕۆژنامە نووسانەی لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیادا گیانیان لەدەست داوە گەیشتوەتە زیاتر لە 86 ڕۆژنامە نیگار لە 21 وڵاتی جۆراوجۆر دا و 67 ڕۆژنامەنووسی تریش لە 15 وڵاتی دیکە ڕفێندراون و زیاتر لە 887 کەسیشیان لێ دەستگیر کراوە. لەو ساڵە دا عێراق زۆرترین قوربانی لێ گرتوون کە زیاتر لە 57 کەسە. ئێرانیش وەك یەکێك لە نا ئەمنترین وڵاتانی دنیا بە ئەژمار دێت بۆ ڕۆژنامە نووسان لە ساڵی 2007دا. ژمارەیەکی بەرچاو ڕۆژنامە نووس تێیدا ڕووبەڕووی دەستگیر کردن، زیندان و ئەشکەنجە و مەرگ بوونەتەوە. وەك بەشێك لە نوێترین ڕووداوەکانیش لە ناوچەکەدا دەکرێ ئاماژە بە ڕۆژنامە نووسان عەدنان حەسەن پوور، هیوا بوتیمار، یەعقوب میهر نیهاد لە ئێران، پەرویز کامبەخش لە ئەفغانستان کە حوکمی ئیعدامیان بۆ دەرچووە و بێ سەر و شوێن بوونی دوو ڕۆژنامە نووسی ئینگلیسی لە بەسرەی عێراق بکەین.

لەگەڵ ئەوەی دابین کردنی بژێوی ژیان، وەك باقی چین و توێژە کەمداهاتەکانی نێو کۆمەڵ، بە زەقی داوێنی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانیشی گرتووە و ئەم گرفتی بەدەست هێنانی بژیوە گەیشتۆتە ئاستێك کە تاقەت و برستی لێ چنیون و بەشێکی بەرچاوی لێ ناچار کردوون پێشێلی بەشێکی زۆر لەو بایخ و ئەرزش و بەرپرسیاریانە بکەن کە لە ئەستۆیانە، ژمارەیەکیش قایم و پتەو، بە ئیرادەیەکی ڕاسخەوە بڕیاریان داوە تا ئاخر داکۆکیکار و پارێزەری ئەرزش و بایخ و ئەرکە بنەڕەتییەکانی بواری ڕۆژنامەگەری ئازاد بن و نەهێڵن هیچ بروبیانوویەکی، وەك پاراستنی بایخ و نەریتە وەهمیە کۆمەڵایەتیەکان!، پاراستنی ئەمنی قەومی و شتی تری لەم بابەتانە بواری چالاکی پیشەکەیان بەر تەسك بکاتەوە. کێشە و ململانێی نێوان دەسەڵات و ڕۆژنامە نووسان لە ئێران و لە هەرێمی کوردستان دەتوانێ لە نموونە هەرە بەرچاوەکانی ئەم ململانێیە بێت.

***

بابەت

# خۆنواندنی پیاو سالاری

# لە ئەدەبیاتی داستانی ژنانەدا

*ن: جەواد ئێسحاقیان*
*و: شۆرش محەمەدی*

مێژوی ئەدەبیاتی جیهان تا یەك 2 سەدە لەمەوبەر، پیاوسالارانە بوو، و یەکەمین هەوڵی ئەدەبیاتی فێمێنیستی لە رۆژئاوا و دواتر لە ئێران، لە نارەزایەتی بەو خۆنواندنە ئەدەبیە بوو. بۆ ئەوەی کە وێنەیەکی روون و هەستیار لەو خۆنوێنیە ئەدەبیە پێشکەش بکەین، ئاماژە بە هەڵبژاردنی نازناو بۆ نوسەرانی ژن لە ئوروپا دەکەین کە نیشان دەدات ئەوان نەیاندەوێرا بەرهەمی خۆیان بە ناوی راستەقینە و ژنانەی خۆیانەوە بلاو بکەنەوە و بە هۆی زاڵ بوونی کلتورو هزری پیاوسالارانە، هەوڵیان دەدا کە بە رەت کردنەوەی رەگەزی ژنانەی خۆیان، بەرهەمەکانیان لە لای جەماوەر جێگای پەسەندتر بکەن. لە فەرانسە رومانەکانی "سورو سپی"، "ئیندیانا" و چەندین رۆمانی دیکە، کە لەساڵی 1831وە بەرەو ئەم لا بەناوی پیاوانەی "ژۆرژ ساند" بلاو کراوەتەوە، لە نوسینی ژنێکن بە ناوی "ئۆرۆر دوپێن". ناوبراو سەرەرای ئەوەی کە لە ژیان دا ژنێکی ئازاد بوو، لە بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بە ناوی خۆی، خۆی دەبوراد و ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تەنانەت لە ولاتێکی ئازادی وەك فەرانسە، رەگەزی ژن وەك نوسەرێك هێشتا بە شێوەی رەسمی پەسەند نەدەکرا. لە ئینگلستانیش رۆمانەکانی



"میدڵ مارچ" و خوێندنەوەیەك لە ژیانی شارستانی، کە لە ساڵەکانی 1871 و 1872 دا بلاو کراونەتەوە، بەرهەمی نوسەرێکی ژن بە ناوی "مێری ئان ئیۆنز" بوون.

فیلیپ گۆلدبێرگ سەبارەت بە پێشداوەری رەخنەگرانی پیاو لە بابەت نوسەرانی ژنەوە، دەنوسێت کە ئەگەر نامیلکەیەك لە نوسەرێکی ژن بە ناوی "جون ئێسمیت" بە مام ناوەند هەلبسەنگێنین، نامیلکەیەك کە

دروست هاوسەنگ بێت لەگەڵ ئەو، و "جان ئێسمیت" نوسیبێتی، سەرنج راکێش تر دێتە ئەژمار. "دیل ئیسپێندێر" لە کتێبی "دایکی رۆمان"ی خۆی دا کە ساڵی 1986 نوسیویەتی، باس لە 2 هەزار رۆمانی سەدەی هەژدە دەکات کە نیوەیان نوسەرەکەیان ژن بووە، بەڵام تەئکیدی کردوە کە گۆیا بایەخێکی هونەری ئەوتۆیان نیە و "دەتوانرێ ئەو بابەتە لێکدانەوە و رون کردنەوەی بۆ بکرێت".

1. ڕەخنەگرێکی دیکە بە ناوی ماکس بیربۆم، لە کاتی هەڵسەنگاندنی بەرهەمی نوسەرێکی ژن بە ناوی "ئەویدا"، لەوە سەرسام دەبێت کە چۆن ناوبراو سەرەرای ژن بونی، بەو تواناییەوە نوسیویەتی.

2. ئەو ڕەخنەگرە لە سەدەی بیستەم دا ژیاوە و سەرەرای هەموی ئەوانە، هێشتا رەگەزی نوسەر بۆئەو مەسەلە بووە.

ئەو هەموو نکۆلی و دوژمنکاریە لە حەقی ژن دا، سروشتیە کە ئاکامێکی بەر هەلەست کارانەی دەبێت، یانی نوسەرانی ژن بەرەو دژایەتی کردن لەگەڵ پیاو هان دەدا، کە لێرەدا سەبارەت بە ئەمە قسە دەکەین. لە رۆمانی "فانوسی دەریایی"دا کە لە لایەن "ویرجینیا وۆلف"ەوە نوسراوە (1926)، نارەزایەتی بەرامبەر بە پیاوسالاری و سوکایەتی پێکردن بەرچاو دەکەوێت. لە شەشەمین بەشی وەرزی یەکەم دا بە ناوی "پەنجەرە"، خانمی رەمزی بە خۆشحالیەوە باس لە چونی خۆی و بنەمالەکەی بۆ ناو فانوسی دەریایی دەکات، بەڵام ئاغای رەمزی کە چاوەروانی ئەوە ناکات، کەسێك رێگای بۆ دیاری بکات، بە تورەییەوە دەلێت: "سبەینێ، ئەگەری چونی ئێمە بۆ ناو فانوسی دەریایی زۆر کەمە"، خانمی رەمزی پرسیاری لێکرد: بۆچی ئەوەندە دلنیای؟ با زۆر جار مەسیری خۆی دەگۆرێت. وتەی دور لە عاقلی ئەو، و بەکەم زانینی هزری ژنان، تورەی دەکرد. لە نێوان شیوێکی پرمەترسیی دا ما بۆوەٌ، و ئیستا خاتون لە بەرامبەر راستیەکان دا خۆیەکی نیشان دەدا و مندالەکانی ئەوی بە شتێك هیوادار دەکرد کە لە دەرەوەی تەوەرەکە دا بوو... پێیەکی بە پلیکانە بەردەکان دادا و وتی: "لەعنەتت لێبێت". بەڵام مەگەر ئەو چی وتبو؟ کەش و هەوا لەوانەیە کە سبەینێ باش بێت. هەر ئەوە و ئیتر برایەوە. بەڵام ئیمکانێکی واش هەبوو."3

ئاغای ڕەمزی مامۆستای زانکۆیە و لە بواری فەلسەفە دا کتێبێکی نوسیوە، سەرەڕای ئەوانە، هەڵس و کەوتێکی ئاسایی هەیە. لی لی بریسکۆ کە هات و چۆی لەگەڵ بنەمالەی ئەوان هەیە، هەندێ جار لە نەبونیان دا بیریان لێدەکاتەوە، بەڵام بیر کردنەوە لە هەڵس و کەوتی ئاغای ڕەمزی، زۆر دلخۆشکەر نیە: بەرەبەیانێکی زوو دەرگای ژوری نوستنەکە بە توندی لێك دەدرێت. ئاغای ڕەمزی بە تورەییەوە لە سەر مێزی خۆراك خواردن هەڵدەستا. دەوری چێشتەکەی لە پەنجەرەوە فرێ دەدایە دەرێ. پاشان لە سەرانسەری ماڵەکەوە دەنگی لێکدرانی دەرگاکان و لەرینەوەی پەردەکان دەبیسترێت، وەك ئەوەی کە بایەکی توندی دەهات و دانیشتوانی ماڵەکەش کە نەیاندەزانی چی بکەن، ئەمسەر و ئەمسەریان دەکرد و هەولیان دەدەا، دەلاقەکان دابخەن و شتەکان وەك خۆی لێبکەنەوە...وە لەو کاتە دا خانمی ڕەمزی دەکەوتە حاڵەتێکی نێوان پەژارە و بێزاریەوە و وا پێدەچوو کە ناتوانێ بە ئارامی پێ لە سەر باهۆز دابنێ، یان پێبکەنێ...4



ئاغای ڕەمزی وەشوێن کەوتنی ڕوداوەکان لە دەریا دا بە کاری پیاوان و مال داری بە کاری ژنان دەزانێ و بە بێ ئەوەی کە بیر لە توانا و ئاستی لێهاتویی هاوسەرەکەی بکاتەوە، ئەوی بە کاری ماڵەوە دەوێت: "پێی خۆش بوو، کە پیاوەکان بەو شێوەیە کار بکەن و ژنەکان ماڵ داری بکەن و لەو کاتە دا کە پیاوەکان بە

بابەت

هۆی باهۆز لە دەریا دا نوقم دەبوون، ژنەکان لە تەنیشت مندالآنی نوستو دابنیشن."

سیمۆن دوبوار لە "رەگەزی دوهەم" دا لە سەر ئەو باوەرەیە کە خۆویستی پیاو لە عۆقدەکان، بێ توانایییەکان و لاوازی کەسایەتی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ و هەر لە سەرەتای منداڵیەوە بەرەو ئەملا ئەو دیاردەیەی لە گەلە و پیاو بە دانانی دەسەلاتی بێ ئەم لاو ئەولا لە شوێنی بچوکی ناو بنەماڵە دا، دەیهەوێ رێگاچارەیەك بۆ ئەو عۆقدانە بدۆزێتەوە و دەست بکات بە قەرەبوکردنەوەی هەلس و کەوتەکانی رابردو: "زەماوەند، پیاو بەرەو ئیمپریالیزمێکی پر لە هەوا و هەوس هان دەدات، بیر کردنەوە لە دەسەلات داریەتی، شتێکی جیهانیە کە لە ئارادایە و هیچ خۆراگریەکی لەبەرامبەر دا ناکرێت، دانی (کار)ی مندال بە دایك، دانی ژن بە مێرد، بریتیە لە بارهێنان و راهێنانی زولم و زۆر لە سەر زەوی. زۆربەی کاتەکان، لای خەلك پەسەند بوون، هان دران، ئامۆژگاری کردن و رێنمیانی کردن بۆ مێرد بەس نیە، ئەو فەرمان دەدات و رۆلی فەرمانرەوا دەبینێت. مێرد بە سەپاندنی هێزی خۆی بە سەر ژن دا لە ماڵەوە، خۆی لە هەموو رق و دوژمنیەکانی قۆناغی مندالی و لە ماوەی ژیان دا... رزگار دەکات. ئەو توندوتیژی، توانایی (داسەپاندنی هیز) و قەبول نەکردنی ئاشتی رەچاو دەکات، بە دەنگێکی جیدیەوە فەرمان دەدات، یان هاوار دەکات و مست لە مێز ئەدات، ئەو کۆمێدیە بۆ ژن بۆتە راستیەکی رۆژانە ... پیاو رێگری ئەوەیە کە ژن بە بێ ئەو هەناسە بدات، بەلآم سەرەرای هەمووی ئەوانە، ژن سەرکێشی ئەکات."

لە رۆمانی دورگەی "سەرلێشواوی" سیمینی دانشوەر دا، سەلیمی فەروخی، "هەستی" ناچار دەکات کە لەچکە لە سەر بکات و بەم شێوەیە مەیلی خۆی بۆ دەسەلات داریەتی و داسەپاندنی بیری خۆی بە سەر هەستی دا، تەنانەت بەر لە زەماوەندیش نیشان دەدات. دایە گەورە داوا لە هەستی دەکات، پیش ئەوەی کە لە گەل سەلیم مالێ بە جێ بهێلن، لەچکە لە سەر بکات، بەلآم هەستی نایهەوێ بە پێچەوانەوەی بیر وباوەری خۆی کارێك بکات، کە سەلیم پێی خۆش بێت: "دەبێ من هەر بەو شێوەی کە هەم، قوبول بکات، نایهەوێ، باشتر؟ کاتێك گەرایەوە بۆ تالار، سەلیم پرسیاری کرد: ئەگەر داوایەك لە ئێوە بکەم، قەبولی دەکەن. هەستی بێ ئەوەی کە بزانێ وتی: "بێ گومان". داواتان لێدەکەم، لەچکەیەك لە سەر بکەن، لەچکەکەش بە دەست دایەگەورەوە بوو.

نوسەر نیشان دەدات کە بیری پیاوسالارانە، ژنان ناچار دەکات تا ورده ورده لەو هەلوێستانەی کە باوەریان پێیەتی و تاکە کەسیە، پاشەکشە بکەن و بەم شێوەیە، ژن بە هەر پاشەکشەیەکی خۆنەویست، دەبێ خۆی بۆ پاشەکشەی دواتریش ئامادە بکات و لە درێژ ماوە دا ئیتر شتێك بە ناوی بیری سەربەخۆ و تاکەکەسی بۆ ژن نامێنێتەوە. دووهەمین بابەت لە مل کەچ کردنی بەناچاری هەستی کاتێکە کە لەگەل سەلیم باس لە مەیلی خۆی بۆ کار کردن لە دەرەوەی مال و لە وەزارەتی فەرهەنگ دا دەکات، هەستی خوێندنی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان تەواو کردوە، بەلآم جگە لە وێنەکێشان دەیهەوێ لە راهێنان و پەروەردەش دا وانەی زمانی ئینگلیسی بلێتەوە. کاتێك هەستی دەیهەوێت بۆ سەلیمی رون بکاتەوە کە کار لە دەرەوەی مال، بە دەست هێنانی سەربەخۆیی ئابوریە و "ئاکامی زال بونی ئابوری پیاو، چەوسانەوەی هەر چی زیاتری ژنە"، سەلیم لە ولآم دا دەلێ : "زۆربەی پیاوە ئێرانیەکان ناتوانن ئەوە قەبول بکەن کە ژن بە دوای سەربەخۆیی ئابوریەوە بێت. ئەوە لە من ببیستن، ئێوە پێتان وایە کە ئەگەر لە بواری ئابوریەوە سەربەخۆبن، کەمتر دەچەوسێنەوە. نا، ئەگەر توشتان بە توشی پیاوێکی خراپ بکەوێت، حەق دەستی مانگانەشتان ناداتێ و دەلێت: لە مالی منە کە کار دەکەی و ئەو کاتەی کە دەبێ تەرخان بە من و مندالەکان و خزم و کەسمی بکەی، لە ئیدارە کار دەکەی. کەوا بوو سەر لە نوێ دەبێ دەست درێژ بکاتەوە بۆلای پیاو و بۆ خەرجی حەمام، ئارایش، جل و بەرگ و...، داوای پولی لێبکات... من جۆرێکی دیکە چاو لەو مەسەلەیە دەکەم. من نامهەوێ ژنەکەم هەم لە مالەوە کار بکات و هەم لە ئیدارە. هەم ئاگای لە مندال بێت و هەم لە مێرد، لە کار

دەکەوێت. بیر بکەنەوە، بەرە بەیانی زوو منداڵەکان لە خەوی خۆش هەستاندن و پاس دانیان وەك تۆپی فوتبال بۆ ماڵی پور و دایەگەورە، تا ئەوەی کە خانم بچێتە ئیدارە، ئایا کارێکی دروستە؟... لە (منداڵپارێز)یش، سورێژە، مێکوتە و کۆخە رەشە و لانی کەم زۆکام و ئانژین، چاوەروانی منداڵەکان دەکات...هەندێ لە پیاوەکان لە کار کردنی ژنەکانیان لە ئیدارە، دو دڵ دەبن و باوەریان پێیان نامێنێ. بۆچی؟ لە بەر ئەوی...."

لەجلدی دووهەمی ئەو رۆمانەدا بە ناوی "سارێبانی سەر لێشێواو"، کاتێك هەستی وشەی "مل کەچ کردن" لە نوسراوەکەی سەلیم دا دەخوێنێتەوە، لێی بێزار دەبێت، گلەیی لە سادەیی و نەفامی و گێژی ئەو دەکات و بیر لە رابردو دەکاتەوە و لە سەر و بەندی جیایی هەمیشەیی لە سەلیم، ئامۆژگاری خۆی دەکات: "ئەو رۆژە لە پارك منی رازی کرد تا دەست لە کارەکەم هەڵبگرم. من باسم لە سەربەخۆیی ئابوری کرد. پرسیاری کرد، کام سەربەخۆیی؟ وتی کە پێویستیەکی بە پولی ئەو پیشەیە نیە. من باسم لە یەکسانی ژن و پیاو کرد و لە کۆمەڵگا دا بوون. بەلێنی پێدام کە پێکەوە چەندین سەفەرمان دەبێت. وتی کە پێشانگاکانی وێنەی سەراسەری جیهانت پێ نیشان دەدەم. کتێبی وێنەی هەموو وێنە کێشەکانی گەورەی جیهانت بۆ دەکرم. لەگەڵ هونەرمەندەکان پەیوەندیمان دەبێت. من ئەو رۆژە لە پارك شتێکی خراپم نەوت. وتم کە باوەرم بە پاراستنی کەسایەتی ژن و لە هەمان کات دا بەشداری لە کۆمەلگا و هەروەها سەربەخۆیی ئابوری ژن هەیە و بەلام تۆ باست لە عەشق کرد، دەرمانێکی جادویی. من پیم وا بوو کە عەشق، بەختەوەرم دەکات، بەڵام نەیکرد. ئەی "هەستی نوریان" کە عەقلت وەك لەتە بەردێك ..."

سەلیم کە بیرێکی پیاو سالارانە و سوننەتی هەیە، نەیاری هەندێ لە چاکسازیە حقوقیەکانی پیش لە شۆرشە و دانی هەر جۆرە خالێکی حقوقی و یەکسان لە گەڵ پیاوان بە ژنان، بە هۆکاری لێکترازانی بنەماڵە و چونە سەرەوەی تەلاق دەزانێ. هەر ئەو ئامازانە بە رونی بیری دواکەوتوانە و ئیرتجاعی ئەو نیشان دەدەن: "شاش کە لە دژی قورئان، ماف تەلاق و سەرپەرشتی منداڵانی داوە بە ژنان، لە زوترین کات دا هەموو شتێك لێك هەلدەوەشێنێتەوە. رێژەی تەلاق پاش ئەو یاسایە روی لە هەلکشان کرد و ئێران لە بواری رێژەی تەلاق و لێك هەلوەشانی بنەماڵەوە، لە نێوان ولاتانی جیهان دا پلەی چوارەمی بە دەست هێنا".10

هەستی جارێك رو بە سەلیم باس لە تابلۆیەك دەکات کە مامۆستا مانی لە سەر کلاس و لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لە سەر پەردەی سینمای کلاس، بە خوێندکارانی نیشان دا بوو: " بەرهەمێکی ناسراوی هونەری هێندە و زیاتر بە شێوەی پەیکەر. یەکێك لە مەیمونەکان دەستی بە چاویەوە گرتوە، یەکیان دەستی بە گوێی گرتوە و ئەوەی دیکەشیان دەستی لە سەر زاری داناوە. کە نیشان دانی بارودۆخی ژنان لە دونیای چکۆلەی ئێمە دایە". 11

یەکێکی دیکە لە خۆنواندنە بەرچاوەکانی پیاوسالاری، کاتێکە کە برازای هاوسەر، بە بێ راوێژ لە گەل بنەماڵەی مامی، بریار لە سەر زەماوەندی کچە مامەکەی دەدات. "شەهرنوشی پارسی پور" لە نامیلکەی "توبا و مانای شەو" دا باس لە خۆتێوەردانە نا بەجێکانی برازای هاوسەری توبا دەکات. هاوسەری توبا بۆ وەرگرتنی داهاتی ملك و زەویەکانی و نوێ کردنەوەی گرێبەست، سەردانی ئازەربایجانی کردوە. موحسین کوری بیوك ئاغا، خوازبێنی "مەنزەرولسەلتەنە" کچی توبای کردوە. برازای هاوسەری توبا هەر لە گەل گوێ بیست بوونی ئەو هەوالە تورە دەبێت و خۆی بە دار و بەرد دا دەدات: " شازادە لە حالێك دا کە لە تورەییان سور هەلگەرابوو...شمشیرەکەی لە کالان دەرکێشا، دەرگای ژورەکەی کردەوە و لە پلیکانەکان سەرکەوت. توبا کە چارشێوی بە سەرەوە بوو، بە ترس و دلەراوکێیەکی زۆرەوە هاتە بەر هەیوان... شازادە بەردەم پەنجەرە بلیندەکانی مالی کرێنشین و بە نوکی شمشیرەکەی پەنجەرەکەی کوتا. شیشەکە جرزی برد و لە پرێك دا سیمای ترساوی ژنی بیوك ئاغا لە پشت

بابەت

پەنجەرەکەوە وەدیار کەوت. شازادە بە دەنگێکی بروسکە ئاسا، داوای موحسینی کوری بیوک ئاغای کرد. وتی کە ئەگەر پیاوە و رەگی پیاوەتی پێوەیە، با بێتە حەوشە و خۆی نیشان بدات. ژنی بیوک ئاغا هەر ئەوەندەی پێکرا کە کورەکەی لە دەرگای پشتەوەی ماڵێ رەوانەی دوکانی بابی بکات وپێی بلێت کە چەند رۆژێك لە ماڵێ دەرنەکەوێت...شازادە دەیویست کە هاوسەر بۆ ئامۆزاکانی بدۆزێتەوە. کوری ئەرفەعول دەولە کە لە مێژ نەبوو لە بریتانیا گەرابۆوە، دەیتوانی هاوسەرێکی باش بۆ "مەنزەرولسەلتەنە"ی شۆخ و شەنگ بێت. ئەو شازادەیە ئێستا بە زەحمەت بە زمانی فارسی قسەی دەکرد و لە کارو باری سەربازیش دا پلەیەکی بەرزی پێدرا بوو. سادە و دلۆڤان و تەمەنیشی موناسب بوو، تەنیا 18 سالی تەمەن بوو. ئەگەر 2 یا 3 سال راوەستابان، مەنزەرولسەلتەنە دەبوو بە 13 سال و زەماوەندەکە وەرێ دەکەوت."

یەکێکی دیکە لە خوێندنە پیاوسالاریەکان، داسەپاندنی کاری قورس و بەردەوامی مالداری بە سەر ژن دایە، بە تایبەت سەبارەت بەو هاوسەرانە کە هەر دوکیان لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن و بەشێك لە مەخارجەکانی بنەماڵە دابین دەکەن. یان ژنێکی روناکبیر و هونەرمەند کە کارەکەی خۆی بە کارێکی جیدی، حەیاتی و داهێنەرانە دەزانێ و چاوەروانی ئەوە دەکات کە پیاویش گرینگی بدات بەو شتەی کە بیرو مێشکی ئەوی بە خۆیەوە سەرقال کردوە و لە بەرێوە بردنی کارەکانی ماڵێ دا هاورێیەتی بکا. ئەو بۆچونە کە گۆیا مالداری لە زومرەی ئەرکەکانی تایبەتی ژنانە، بنەرەتەکەی هەلدەگەرێتەوە بۆ تەمبەلی و حەزی چەق بەستوی پیاوان. رەخنە گرتن لەو بۆچونە سوننەتیە بۆتە یەکێك لە بنەماکانی بەرچاوی ئەدەبیاتی فێمێنیستی. ئەوەی کە بۆ سیمۆن دوبوار جێگای داخ و نیگەرانیە، لە دەست چونی ئەو هەلەیە کە ژن تێیدا ، ئەگەر پەرۆشی کاری مالی نەبوایە یان کارەکەی بە هاوکاری هاوسەرسوکتر ببوایە، دەیتوانی بە کەلك وەرگرتن لەو ئەوان، بوارێك بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاری و کۆمەلایەتی خۆی پێك بێنێت. ئەو مال داری تەنیا، بە یەکێك لە ئاستەنگەکانی گەشەی کۆمەلایەتی ژن دەزانێ و بە ناولێبردنی کاری ناو مال بە کارێکی تاقەت پروکێن و بێ کرێ، کاری ناو مال بە "ئەشکەنجەی سیزیێف" یا کاری تاقەت پروکێن و بەردەوام دوپات بۆوە و بێ کۆتایی ناو لێدەبات و دە نوسێ: " ئەو هەموو رۆژێ دەبێ قاپ و قاچاغەکان بشوات، کەل و پەلەکانی ناو مال بسرێ، ئەو جل و بەرگانە بشورێ کە رۆژی دواتر سەر لە نوێ پیس، تۆزاوی و بێ کەلك دەبێت، ئەو هیچ کارێك ناکات، ئەو تەنیا درێژە بە سەردەمی ئێستا دەدات، لە ئەودا بە دەست هێنان و دەست بە سەر داگرتنی کاری باش، لێبراوانە نیە، بەلکو ئەو تەنیا هەستی خەباتی بێراوەستان لەگەل خراپێەکانی هەیە. ئەوە، خەباتێکە کە هەموو رۆژی دەست پێدەکاتەوە". 13



دوبووار نیشان دەدات کە لە دەرونناسی دا، کاری بە ردەوامی مالداری، پێکهاتەیەك لە خەلك ئازار دان (سادیسم) و خۆئازاردان (مازوخیسم"ە. ژن بە بەرێوەبردنی کاری ناومال، خۆی ئازار دەدات و بە تێك چونی ناومال، لە کاتی هاتنە ژوری کەسانێك دا، ئەوان ئازار دەدات و هەر بەو هۆیەوە سەبارەت بە هات و چۆکان و هاتنی بێگانەکان زۆر هەستیار و نیگەران دەبێت."هەر لەگەل ئەوەی کە گیانلەبەرێك پێ بنێتە شوێنی ژیانی ئەو، چاوەکانی ئاگریان لێدەبارێت، دەستەکانت بکەوە، هیچ شتێك تێك مەدە، دەست لەمە مەدە ئەو پێی خۆشە رێگری لە هەناسەدانی دەور و بەریەکانیشی بکات.

هەر رواداوێکیش، زەمانەتی هەرەشەی کارێکی بێ حەقدەست دەکات. هەر سەرەمەقولاتێکی مندالەکانیش پێویستی بە دورینەوەی شوێنیك هەیە." 14

سەرەڕای هەموی ئەوانە بە بڕوای من، هیچ نوسەرێك نەیتوانیوە بە باشی "مۆنیرو ڕەوانی پور" وێنەیەکی زیندو ، رون و ئاشکرا لە کاری مالەوە بە دەستەوە بدات. ئەو ژنی مالدارا بە توانجی "کافەچی" ناولێدەبات و لە داستانێکی کورت دا هەر بەو ناوە و بە ئەدەبیاتێکی دژی پیاوانەوە، بە دەست ئەو هەموو ئامۆژگاریە بەردەوامەی پیاوەوە دەنالێنێ. بۆ ئەوەی کە هەندێك لە بۆچونی ئاغای ناومال باس بکەم و ئاماژەیەکم بە خۆویستیەکانی پیاوان کردبێت، لێرەدا چەند نمونە دێنمەوە: "پیاو پارچی ئاوەکەی روبە ژن گرت."پڕی بکە وبیخە ناو یەخچالە کەوە"... ژن ولامی نەدایەوە. پارچی ئاوەکەی گرتە بەر شێر..." کە وا بوو تا من ئەچمە حەمام، قاوەیەك دروست بکە"... ژن ئەچێتە ئاشپەزخانە و قۆریە مسێکە هەلدەگرت. قۆریە مسێکە، ئێستا و پاش چەند سال هەروا قورسە، پێی خۆشە دەسکەکەی بگرێت و بە درێژەی ئەو روژانەی کە قاوەی ساز کردوە، لە سەری خۆی بدات... دانەیەك، دوان، سیان... 10 زەربی 365 رۆژ... پیاوەکە جگەریەکی دیکەی هەلدەکرد. "پەرداخێك ئاوی سارد".... ئاوە ساردەکە کە دەرۆاتە خوار، باوێشکێك دەدات: "چایەکی تال".... چای تال چرکەیەك دواتر لە سەر مێز ئامادە بوو....

"ناخۆم. پەرداخەکەی پیسە"... ژن دەچوو کە پەرداخەکە خاوێن کاتەوە، کاتێك کە دەهاتەوە، مشتەری "هاوسەر" هەر لەوێ و لە سەر کاناپە راکشاوە.

کافەچی پەتۆیەکی پێدا دەدات تا سەرمای نەبێت و پەتۆیەکیشی لە لای لاقی دادەنا، تا کاتێك کە دواین چرای کافە "مال"ێی کوژاندەوە، بە مشتەری دابدا..." 15

ئێستا مێرد هاوڕێ لەگەل کورەکەی لە مالێ چونەتەدەر و کافەچی ماوەتەوە و کێوێك لەو کارانەی کە دەبێ بەڕێوەیان بەرێت: "لە سەر مۆبلەکان جێگای دەستی چلکەنی شێرزاد دیار بوو، وەرسوراوە کە نەیان بینێ، چاوی لە پەنجەرە کرد، 2 گیرەی پەردەکە کەوتبون، 3 گەلای گولدانی "دیڤین باخیا" زەرد ببوو، لە سەر تەلەویزیۆن و تابلۆکان... تا.... سەری لەقاند. چاوەکانی بەست، یانی لەو دونیایەدا هیچ شتێکی دیکە بۆ دیتن نەبوو؟ ئەو کاتانە، واتە 10 سال لە مەوبەر چۆن چاوی لێدە کرد، بیری لە چی دەکردەوە؟ پیاوێکی دی کە لە دورەوە بە کۆلانەکەی ئەوان دا دەهات و خۆی لە پشت پەنجەرەکەوە راوەستا بوو، تا ئەو پیاوە سەری بەرز بکاتەوە و چاوی بەو بکەوێت و دەستی لێ راوەشێنێ.

قژی بۆر و بلیندی خۆی دی کە بە وەرسوڕانی ئەو بەرەو ئایفۆنەکە، لە ئاسمان دا بلاو دەبونەوە.

ئێستا قژەکانی وەك پیاوان چاك دەکرد، تا کاتێکی کەمتر بۆ شۆردن و شانە کردنیان پێویست بێت، بەلام.... دواین جار کە سەرت شانە کرد کەی بوو؟"

ئاکامی سروشتی کاری تاقەت پروکێن و هەمیشەیی ناو مال، لە ناوچونی جوانی وناسکی ژنی مالدارە، لەوەوە کە ژن جوانی خۆی وەك خالێکی گرینگ و سەرنج راکێشی پێویست بۆ پاراستنی بارودۆخی خۆی، چاولێدەکا، لە دەستدانی جوانی بۆ ئەو وەك کارەساتێك وایە کە ناش گەرێتەوە، بەتایبەت کە پێی وایە پیاو ژنی بەو جوانی، ناسکی و سەرەنج راکێشیەوە، دەوێت. لێرە دایە کە هەست بە مەترسی دەکات و لە داهاتووی تەندروستی بنەمالەیی خۆی دەترسێ، رەوانی پور کە لە داستانی"کافەچی"دا بە جوانی ئەوە دەر دەخات: "دەستێك کە بە سەر ناوچاوانی شێرزاد "کورەکەی" دادێ، دەستێکی ژنانە نیە کە کێ وتبوی نەرمە وەك... لۆکەی وت یا وەك گولی لالە عەباسی _ وەك ئەوە وایە کە دەیان خیز و ماسەی ورد و درشت پێوەی نوسابێت _ ئای ناوچاوانی کورەکە نەروشێنم _ هەر ئێستکانێك کە دەیشۆری، ئەگەر خیزێکی ورد بە دەستی تووە بچەسپێنێ، پاش چەند سال، دەبێ بە کێو، کێوی دەماوەند و دەبێ بەرزی بکەیەوە و بە سەری خۆتی دادەی".

***

بابەت

# نانی رووت

## حیکایەتی مرۆڤە ستەملێکراوەکان

*ئا: ئارێز حسێن*

*نانی رووت (رۆمان)*

*نوسینی: محەمەد شوکری*

*وەرگێڕانی لەفەرەنسیەوە: نەجاتی عەبدوڵلا*

*لەبڵاوکراوەکانی چاپخانەی رەنج – 2007*




لـەم رۆمانـەداو لـەکۆتایی کتێبەکـەدا نوسـەر دەڵـێ" منداڵەکان کاتێك دەمرن، دەبنە فریشتەو گەورەکانیشـە شەیتان" ئەو لە ڕۆمانی (نانی رووت)دا. دەیەوێت بڵێت نـەفرەت لـە تەمـەن و گـەورەیی کـە هـەتا دێت لـە گـەڵ ڕۆژگـاری شـومدا توشـی نەهامـەتی و دەردەسـەری دەبێـت. خۆزگـە بەمنـداڵیش کـەوەکو فریشـتە دەژی و دەوێت؟

ئەحلام مستخانە دەڵێت " هەرڕۆمانێکی سـەرکەوتوو، تاوانێکـە لـە بیرەوەرییـەکانی دەکـەین ڕەنگیشـە لـە کەسـێکیی بکـەین" دەکرێـت بڵـێن، ئـەم ڕۆمانـە بیرەوەریـی(محەمـەد)ە یـان بیرەوەرییـەکانی خـودی محەمەد شوکریە.

کەبەئازایەتیـەوە هـاتوە بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتـەوەو دەست لە تابۆکانی کۆمەڵگای عەرەبی وئیسلامی دەدات ئەوباس لـەباوکێکی دڵڕەق و ترسـناك دەکـات ودەڵـێ" باوکم وەکو جانەوەر وابوو... کامێك وەك خواوابوو... باوکم وەحشێك بوو. بێ هیچ هۆیەك لە دایکمی دەدات

پاڵـەوانی ڕۆمانەکـە(محەمـەد) کـەخودی (محەمـەد شوکریە) لە تەمـەنی منداڵی دا بەتراژیـدیاترین ژیاندا گوزەر دەکات و باوکی لەبەردەمیدا براکەی دەکوژێت و ترس سـەراپای ژیـانی دەگرێتـەوەو توندوتیـژی بـاوکی دەبێتە مۆتەکەی ژیانی" بۆیە سەراپای ڕۆمانەکە بریتیە لەگێڕانـەوەی حەقیقـەتی ژیـانی کەسـێك کەنمونـەی کۆمەڵگای عەرەبیە.

بەڵام ئەم گێڕانەوەیە بەتەنها بەسەرهات و روداوگەلێك نیـە، بەقـەدەر ئـەوەی داننانـە بەحەقیقـەتی تـاڵ و ئازایەتیـە لـەوتنی راسـتیەکات و وتنـی ئـەو شـتانەی کەکۆمەڵگایەی عەرەبی و ئیسلامی بەعەیبەو مەترسـی دەزانن.

قسـەکردن لەسـەر (دزی سـێکس)و سەرخۆشـبون و داوێـن پیسـی، تێکـەڵاو بـون لەگـەڵ سـۆزانیەکان و رابواردن) حیکایەتی سەرەکی ناو رۆمانەکە بەسەرهاتی پاڵەوانەکەیـەتی کـەخودی کۆمـەڵگاو بـاوك و خێـزانیش

بەرپرسیاری سەرەکی ئەو نەهامەتیەن کە (محەمەد) توشی دەبێت.

بەلام وەکو هاشم سالح دەلی" کۆمەلگای عەرەبی هەرگیز داننانێت یان پێی عەیبە شتە خراپ و ناشیرنەکانی خۆی باس بکات "

بەلام محەمەد شوکری، بۆ گێرانەوەی حەقیقەت و دەرخستنی جوانیەکان هەموو شتەخراپ و ناشیرنەکان باسدەکات، تابگاتە یەقین، چونکە ئەو پێی وایە هیچ شتێك لەوە جوانترنیە کەبەدژەکەت بگەیت، چونکە هەرئەویش خۆت پێ دەدۆزیتەوە.

نوسەر دەیەوێت لەرێگای ئەم حیکایەتەوە، باس لەدووقاقی کۆمەلگاو بێ مانابوونی عشق و خۆشەویستی بکات و باس لەو رەواج پێدانە بکات کەجەستەو رابواردنی فریودەرانە یان دەکات. بۆیە لە(ل39) دەلێ "

"باوکم زۆرجار لەدایکمی دەدا، بەلام شەوان گوێم لەپێکەنینیان دەبوو، لەکاتی رابواردنیشدا یەکتریان خۆشدەویست، بەلام ئەوە تەنها حەزو چێژی سێکسی بوو... منیش کەگەورە بووم دەبمە خاوەن ژن و بەرۆژ لێیدەدەم وبەشەو ماچی دەکەم..."

نووسەر دەیەوێت بلێت ئێمە خاوەنی ئەو کەلتورەین، کە مانایەکی نییە بۆعەشق وخۆشەویستی وئارامی، وژن وەکو جەستەوپلە دووکەیسەر دەکرێت و پیاوانیش پڕن لەجەنایات و وەحشیگەری وکوشتارو مەترسی..

یەکێکی تر لەجوانییەکانی ئەم رۆمانەدا دان نانە بەوراستیانەی کەعەیبەن لەکۆمەلگادا باسیان بکەی بەلام نووسەر لە(ل43)دا دەلێ کەلەخاوەن قاوەخانەکە مالیان هێندە دوور نەبوو برێك جار لەقاوەخانەکە سەرخۆش دەبوو تاخۆی لەکەچەخانەیەکدا دەبیننەوە...

نووسەر لەگێرانەوەی تابۆکان بەردەوام دەبێت ودەلی" ئاسیام بینی تەواو رووت بوو... سینگێکی سفت وسۆل، سەرگۆی مەمکەکانی تەواو دیاربوون، تووکی بەری زۆر رەش بوون...."

لەم رۆمانەدا حیکایەتەکانی کەسێك هێندە ئالۆزن وپڕن لەبەسەرهاتی سەیروئازارکێش تائەو رادەیەی کە مرۆڤ هەست بەگوناهبوون دەکات لەژیاندا.

نووسەر لەم رۆمانەدا رەنج وئازارەکانی ئینسان دەگێرێتەوە، باس لەکەلتورە داسە پاوەکانی کۆمەلگای عەرەبی دەکات، باس لەوستەم وناعەدالەتییە دەکات، کەچۆن باوکی کردۆتە سۆپەرمان و خێزان ومالیش لەباوك خراپتر.

ئەو دەویەوێت بلێت وەختێك منداڵێك فێری" دزی وحیزی وخواردنەوەو قەحبەخانەو تلیاك کێشان وهەتیوو بازی وهەژاری ودەستکورتی وسێکس ورابواردن وروژنامە فرۆشتن ولەسەر جادە خەوتن وتێکەلاو بوون لەگەل سۆزانیەکان وکوشتن دەبێتەوە" دەبێ ئەم مندالە چ سوودێکی بۆکۆمەلگا هەبێت وئەو کۆمەلگایەش چەند تاوانبارە کە منداڵێکی وابەرهەم دەهێنێت.

ئەو دەیەوێت سەرکۆنەی حکومەت ودەزگاکانی وکۆمەلگاو خێزانەکانی لەپێشەوە باوکی بکات کە هۆکاری نەهامەتی ونەگبەتی کۆمەلگاو مندالان ئینسانن.

بەلام هێشتا نووسەر پالەوانەکەی بەتال نەبۆتەوە لەهەستی ئینسانی و ئەخلاقی ونیشتیمانی بۆیە لە(ل77)دا دەلێت

"تەواون یان وەهران، یەکێکیان زیندانێکی جوان و ئەوی دیکەیان مەنفایەکی جوانە، من حەز دەکەم لەلای خۆم لەزینداندابم، وەك لەئازادی ناو مەنفا"

بەلام ئەو قەدەرو کۆمەلگاو حکومەت و باوکیەتی دەستی لەقەدەرێکی واشوومدا هەیە بەسەر محەمەد دا، بەلام هێشتا دەستبەرداری خاك وشارەکەی نابێ.

جیا لەوانەش لەناو رۆمانەکەدا لادێ، زۆر زالەو ئەوەش دەکرێت تەکنیکی تایبەتی نووسەر بێ

ئەم رۆمانە پڕیەتی لە حیکایەتی راستەقینەو وتنی راستیتە جوانەکان، پەڕیەتی لەگێرانەوەی ژیانی کۆمەلگای عەرەبی وخۆرهەلاتی کەپڕە لەچەوسانەوەو نابەرابەری وناعەدالەتی وراکردن بەدوای بژێوی ژیان ونانی رووتدا.

***

بابەت

# بارمتە گرتن

**سەبارەت بەفیلمنامەیەك**

**ن: گابریل گارسیا مارکێز**

**لەفارسیەوە: سەعید امانی**

کاتێك کە لە سیپتامبری 1978 دا دەستەیەك لە تێکۆشەرانی "بەرەی ڕزگاری بەخشی میللی ساندینیست" هێرشیان کردە سەر "کۆشکی میللی" (مەجلیسی نوێنەران)ی نیکاراگوئە، دەستیان بەسەر مەجلیسدا گرت و عەمەلیاتەکەیان سەرکەوتوانە بەڕێوە برد، کەم کەس پێیان وابوو دوای کەمتر لە ساڵێکی تر ئاناستازیا سوموزا دیکتاتۆری حەڵقە لە گوێی ئەو وڵاتە لە کورسی دەسەڵات بکێشرێتە خوارێ و کۆتایی بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی بنەماڵەیی ئەو خوێن ڕێژە بهێنرێ. ئەم عەمەلیاتە بە جێ و ڕێ و گەڵاڵە بۆ داڕێژراوە، کە گریلاکان بەو بۆنەیەوە کە ئەندامانی مەجلیسی نوێنەرانی ڕژێمی سوموزای تێدا بە بارمتە گیرابوون ناوی "عەمەلیاتی هۆڵی بەرازەکان"یان لێنابوو، وە بە دوای خۆیدا بواری بۆ ڕاپەڕینی سەرتاسەری جەماوەری، مانگرتنی گشتی کرێکاران، وەرزێران، کارمەندانی ناوەندە خزمەتگوزاریەکانی شارەکان، مامۆستایان و باقی سینف و چینەکانی تر، تیری کۆتایی نابوو بە مێشکی ڕژێمی دیکتاتۆر نیکاراگوئەوە.

هەر لەو سەردەمەدا گارسیا مارکێز ڕاپۆرتێکی زیندوو، هەمە لایەنە و بەڵگەنامەیی لەم عەمەلیاتی بارمتە گرتنە، کە ڕەنگە تا ئەو کاتە یەکێك لەو چالاکیە جەسوورانە، دەقیق و شۆڕشگێڕانە بووبێت کە بەڕێوە چووبوو، بەرهەم هێنابوو کە هەر ئەوکات چاپ و بڵاو



کرایەوە. فەرماندەیی و ڕێبەری ئەم چالاکیە سەرکەوتوانەیە لە ئەستۆی "ئادن پاستورا" بوو. پاستورا ئەو فەرماندە "سفرە" بە نێو بانگە بوو کە بە وتەی مارکێز "قسە خۆشی و شۆخی بازیەکەی" نەدەبوە هۆی ئەوەی زەڕەیەك لە شایستەگی و لێهاتوویی ئەو بۆ ڕێبەری و فەرماندەیی وەها چالاکیەك داشکێنێ کە یەکێك لە دژوارترین و بێ وینەترین چالاکیە چریکیەکانی ئامریکای لاتین بوو. (لە بەشێك لە فیلمنامەکەی مارکێزدا ژومارەی سفر بە چەشنێکی گاڵتە ئامێزانە بە پالائیس دەڵێت: "هەموو لایەکت بانگهێشتی میوانیەکەت کردبوو ئێمە نەبێ..." پالائیس لە وڵامدا دەڵێ: "کاکی برا! ئەگەر ویستبات دەتوانی تۆش بێیت... درگا بۆ هەمووان کراوە بوو...)

"چالاکی هۆڵی بەرازەکان" بە بەشداری 26 گریلای چەکداری بە ئەزموون بەڕێوە چوو. یەکێك لە تایبەتمەندی و خاڵە بەهێز و بەر چاوەکانی ئەم گورووپە ئەوە بوو کە هەموویان گەنج بوون و بێجگە لە خودی پاستورا کە لەو سردەمەدا پێی نابووە تەمەنی چل و

دوو ساڵیەوە، باقی ئەندامانی گوروپەکە لە تەمەنی هەژدە بۆ بیست ساڵی دا بوون.

یەکەم ئەندامی گوروپەکە کە پێشتر پێی نابووە کۆشکی پاڕلمانەوە فەرماندە "سفر" بوو. پاستوڕا، ئەویش بە منداڵی لەگەڵ دایکی بۆ دانی ماڵیات چووبوونە ئەوێ. فەرماندەی ژمارە دوو، دورا ماریابلز، تەنیا ئەندامی ژنی گوروپ شکڵ و شێوەیەکی ناڕۆشنی لە ساڵۆنی سەوزی پاڕلمان کە شوێنی کۆبوونەوەی نوێنەرانی بوو، لە زین دا مابوو ئەویشی لە تەلەفزیۆنەوە چەند جارێك دیبوو. باقی ئەندامانی گوروپەکە یان "مەجلیسی مەیللی"یان نەدیبوو یان تا ئەو کاتە تەنانەت پێیان نەنابووە نێو ماناگوای پێتەختەوە. ڕێبەرانی بەرەی ڕزگاری بەخش ڕۆژی 22ی ئاگۆستیان بۆ دەست پێکردنی ئەم چالاکیە هەڵبژارد چون لەو ڕۆژەدا باس و وتوێژ سەبارەت بە "بووجەی ساڵانە" سەرنج و لێ ورد بوونەوەیەکی تایبەتی دەویست. لە کاتژمێر 9/30 سەر لە بەیانی ڕۆژی دیاری کراو، کاتێ تۆڕی ئەمنیەتی ئەوەی تەئید کرد کە نوێنەران بەبێ ترس و دوو دڵی دەتوانن کۆبوونەوە بکەن، بیست و سێ گەریلای بەشدار لە چالاکیەکەدا لە گشت وردەکاری عەملیاتەکە ئاگادار کران و هەر کامە و مەئموریەتێکی تایبەتی خرایە ئەستۆ. گوروپەکە بەسەر شەش دەستەی چوار کەسی دا دابەشکرا.

لە کاتژمێر 11/50 دا "مەجلیسی نوێنەران" بە پێی ڕەواڵی ئاسایی کۆبوونەوەی خۆی لە "ژووری سەوز" دا گرێدا. لەو هەل و مەرج و سەردەمەدا تەنیا دوو حیزب ئیزنی چالاکی یاساییان پێدرابوو: حیزبی لیبڕاڵ، کە حیزبێکی سوننەتی و سەر بە بنەماڵەی سوموزای دیکتاتۆر بوو، لەگەڵ حیزبی پارێزگاران کە ڕۆڵی "ئۆپۆزسیۆن"ی وەفاداری وە ئەستۆ گرتبوو. نزیك بە تەواوی نوێنەران هاتبوونە کۆبوونەوەی ئەوێ ڕۆژی پاڕلمان و لانی کەم دوانیان بە ئەندازەی کێشی خۆیان، بە بەراورد لەگەڵ تەلادا، بۆ ساندینیستەکان بایەخدا بوون: "نوئل پالائیس دبایلە" (کە لە فیلمنامەکەی مارکێزدا بەو ناوە هاتووە) ئامۆزای ئاناستازیا سوموزا و خوزە ئابرگۆ، کوڕی ژنڕاڵ خوزە سوموزا، کوڕی زڕ برای دیکتاتۆر. قسە و باس سەبارەت بە "بوجەی میللی" دەستی پێکردبوو کە دوو کامیۆنی زەیتوونی ڕەنگی نیزامی چوونە حەوشەی پاڕلمانەوە. هەر وەك چاوەڕوان دەکرا دوو پاسەوان لەملا و لای درگای چوونە ژووری حەساری پاڕلمانەوە وێستابوون بەڵام بە چەشنێك غەرقی ئەرك و وەزیفەی ڕۆژانەیان بوون کە سەرنجیان نەدایە ئەوەی ڕەنگی ئەم دوو کامیۆنە سەوزتر و ڕۆشنترە لە ڕەنگی ماشێن و کامیۆنەکانی "گاردی نەتەوەیی". لە پڕێکدا سێ دەستە لە کۆماندۆکان بە بیستنی فەرمانی نیزامی بە فرزی لە سەیارەکان پەڕینە خواری و ڕوویان کردە کۆشکی نوێنەران. لە بەشی خۆر هەڵاتی درگای چوونە ژووری کۆشکی پاڕلمانەوە یەکەم کەس کە لە کامیۆنەکان دابەزی فەرماندە "سفر" بوو. سێ دەستە لە کۆماندۆکانی بە شوێنەوە بوو. ژمارە دوو، دورا ماریا، دەستەی سێهەمی ڕێبەری دەکرد. کاتێك کە فەرماندە "سفر" دابەزی و فەرمانی دا: "ڕێگا چۆڵکەن! دوور کەونەوە! سەرۆك بە ڕێوەیە!" پۆلیس و پاسەوانەکان لە ڕێوە کشانەوە و ڕێگایان کردەوە. فەرماندە "سفر" هاوڕێ لەگەڵ دەستەکەی بە پلیکانەکاندا سەرکەوت و گەیشتە نهۆمی یەکەم و هەروا بە چەشنێکی وەحشیانەی هاو شێوەی کرداری ئەفسەرانی "گاردی نەتەوەیی"، کە بە شێوەی ئاسایی کاتی هاتنی دیکتاتۆریان ڕادەگەیاند، درێژەی بە هەراوهوریا و توڕەبوون دەدا. کاتێ گەیشتنە دوو پاسەوانی کۆشك فەرماندە "سیفر" یەکێکیانی چەك کرد و فەرماندەی ژمارە دووش چەکی ئەویتریانی وەرگرت و هەروا بە تووڕەییەوە فەرمانیان ئەدا و ئەیان وت "سەرۆك بە ڕێوەیە!". دواتر جەماوەری نێو ڕێ ڕەوەکان بە بیستنی فەرمان و بینینی کەسانی چەك بە دەست هەر کەسە و خۆی خزاندە سووچێکەوە. لە ماناگوا پێتەختی نیکارا کوئە ئەم هەڵس و کەوتە، بە کردەوە، وەك دژکردەوەی ڕۆژانەی جەماوەر چاولێدەکرا: هەر کاتێك سوموزای دیکتاتۆر لە شوێنێك نزیك دەبۆوە، جەماوەر هەڵدەهات و لەو ئاقارە نەدەمان.

بابەت

کاتێکی کە فەرماندە "سفر" گەیشتە بەردەم درگای شوشە بەندی "ژووری سەوز" بە لوولە تفەنگە G-3 کەی درگاکەی کردەوە و "مەجلیسی نوێنەران"ی یەکسەر بە زەویدا ڕاکشاو دیت: چل و نۆ ئەندامی نوێنەرانی مەجلیس ترساو و ڕەنگ پەڕیو لەوپەڕی سەرسوڕماندا چاویان بڕیبووە درگاکە. "سفر" کە بەشێکی بەر چاو لە ئەندامانی مەجلیسی نوێنەران لە هاو پۆلەکانی دەورانی پەیمانگای ژوزئیتەکان بوون، لەبەر ئەوەی نەیناسنەوە ڕەگبارێکی لە میچی کۆشکی نوینەران کرد و هاواری کرد: "گارد! هەموو خۆ بە زەویدادەن!" ئەندامانی مەجلیس بە گشتی بێجگە لە "پالائیس دبایلە" بە پەلە لە پشت میزەکانیانەوە خۆیان بە زەویدا کێشا. پالائیس کە بە تەلەفون سەرگەرمی قسە کردن بوو گێژ و سەرسوڕماو وێستا. دواتر ئەندامانی مەلیس هۆکاری ترس و وەحشەتی خێرای خۆیان باسکرد و وتیان: ئەوان پێیان وابوو "گاردی نەتەوەیی" بەسەر سوموزا دا ڕاپەڕیوە و چۆتە کۆشکی نوێنەرایەتی تا ئەندامەکانی تیر باران بکات.

گەریلا کۆماندۆکان بە پێی گەڵاڵەیەکی لە پێشدا داڕێژراو درگاکانیان لە ژوورەوە بە قوفڵ و زنجیر داخست. چەند ساتێك پێش، زیاتر لە 2500کەس لە (نوێنەرانی مەجلیس و کارمەندانی ئیداری کوشك) بە زەویدا کەوتبوون و بیریان لە چارەنووسی خۆیان دەکردەوە. بە پێی بەرنامەی داڕێژراو سەرجەمی چالاکیە کە لە مەودای سێ خولەکدا کۆتای هات. بیست خولەك دوای عەمەلیاتی دەست بەسەردا گرتن، سوموزا یەکەمین پەیامی بەرەی ساندینیستەکانی لە کۆشکی نوێنەران و لە ڕێگای تەلەفوونەوە پێگەیشت. ئەم پەیامەی لە زمان ئامۆزاکەیەوە پێ ڕاگەیەنرا کە تێیدا هاتبوو: یان تیرەندازیەکان ڕاگرن یان ئێمەش دەست دەکەین بە ئیعدای بارمتەکان، هەردوو کاتژمێر و کەسێك ئیعدام دەکەین تا ناچار دەبن وت و وێژ لە پەیوەند لەگەڵ داواکاریەکانی ئێمەدا قەبوڵ بکەن. لێرەدا بوو کە سوموزا دەستی لە گەمارۆی کۆشکی مەجلیسی نوێنەران هەڵگرت.



لە نێو بینای نوێنەراندا کەشێکی ئارامتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا دەبیندرا. زۆربەی کارمەندانی بینای مەجلیسی نوێنەران هاودەردی خۆیان لەگەڵ گریلاکاندا دەردەبڕی. لە یەکێك لە ژوورەکاندا بەردەوام قاوەیان بۆ نوینەران و گریلاکان ساز دەکرد، خزمەت و پێڕاگەیشتن لەو پەڕی خۆی دابوو هەست بە کەم و کەسری نەدەکرا. گریلاکان سێ ئوسقۆفیان بۆ میانجگەری کردن قەبوڵ کرد کە یەکێکیان هەر ئەو کەسە بوو کە ناوی لە فیلمنامەکەشدا هاتوە: "ئوباندۆی براوو". بەرە لە ڕێگای ئەم سێ کەسەوە داواکاریەکانیان هێنایە گۆڕێ کە بریتی بوون لە ئازادی خێرا و بێ ڕاوەستانی هەموو زیندانیانی سیاسی، بڵاو بوونەوەی ڕادیۆ و چاپەمەنیەکانی بەرەی ساندینیست وەك ڕاگەیاندنە سیاسی و نیزامیەکان، پاشەکشەی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی تا مەودای سێسەت میتری دەور و بەری کۆشکی مەجلیسی نوێنەران، قوبوڵ کردنی داواکاریەکانی کرێکارانی مانگرتووی نەخۆشخانەکان، 10 ملیۆن دۆلار پوڵ، و

دوای گەیشتن بە تەوافوق و پێکهاتن زەمانەتی پاراستنی گیانی زیندانیان و گریلاکان.

سەموزا سێ وڵام نامەی بۆ ساندینیستەکان نووسی. دیکتاتۆر لە سەرەتاوە پێی وابوو بە کوشتنی کات دەتوانێ هەلێك بۆ هێرش کردنە سەر کۆشکی مەجلیس بڕەخسێنێ. بەڵام بەرە بەرە پاشە کشەی کرد. هەر وەك چۆن لە فیلمنامەکەدا ئاماژەی پێ کراوە سەبارەت بە دانی پارە، گەلیك دەست قووچاوی لە خۆی نیشاندا و تەنیا حازر بە دانی 500هەزار دۆلار بوو. مارکێز لەو ڕاپۆرتەدا کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد دەڵێ: لە دەقی وڵامنامە سەرەکیەکەی سوموزا دا گریلایەك لە بەرانبەر وشەی پێنج هەزار دۆلاردا سێ نیشانەی سەرسوورمانی داناوە!

ئاخرین داواکاری کۆماندۆکانی بەرەی ساندینیست ئەوە بوو کە نابێ هیچ چەشنە ڕێبەندان و ترافیك و هێزێکی نیزامی لە مەودای نێوان کۆشك و فرودگادا لەسەر ڕێیاندا بێت. هیچ کام لەم داواکاریانە جێ بە جێ نەکران. حکومەت "گاردی نەتەوەیی" لە تەواوی شەقامەکاندا جێگیر کرد تا بەربە هەرچەشنە خۆپیشاندانێکی پشتگیری، لەلایەن جەماوەرەوە لە گەریلاکان بگرێ. لەمپەر و پێشگرتن کەڵکی نەبوو چون تێپەڕینی ئوتوبوس (پاس)ی هەڵگری گەریلا و بارمتەکان بانگ و هاواری هەور ئاسای جەماوەری بەرز کردەوە، خەڵك ڕژانە سەر شەقامکان تا جێژنی سەرکەوتن بەرپا بکەن. کاروانێك لە ماشێن و ماتۆڕ سکلێت، کە سات بە سات ڕوو لە زیادبوون بوو، ئوتوبوسی هەڵگری گریلاکانی تا فرودگا بەڕێ کرد. لەم نێوەدا نوێنەرێك بە ناوی "ئیدواردوچامورتو" بە توندی کەوتبوە ژێر کاردانەوەی ئەم گرکانی شادی دەربڕینەی جەماوەر و داچڵەکابوو. فەرماندەی ژومارە یەك کە لە پەنایەوە دانیشتبوو وە ئێستا دەیتوانی پشویەکی ئاسودە هەڵکێشێ بە تەوسەوە ڕووی تێکرد و وتی: "جوان بڕوانە، ئەمە تەنیا شتێکە کە ناکرێ بە پارە بکڕدرێ."

گارسیا مارکێز لە فیلمنامەکەی دا ئاماژەی بە نزیك بە تەواوی ئەو ڕووداوە گرینگانەی لە پەیوەند بە بەڕێوە چوونی ئەو چالاکی و عەمەلیاتە دەقیق و سەرسووڕ هێنەرە سەرکەوتوانەیە کردوە، چالاکیەکی کە بە "عەمەلیاتی هۆڵی بەرازەکان" بە نێوبانگە. بەڵام بۆ ڕیعایەت کردنی پێداویستی و هەڵگریی ڕاگەیاندنی سینەما نموونەیەکی چەند بەرابەر بچووکتر لە "چالاکی هۆڵی بەرازەکان"ی لەبەر چاو گرتبوو تا هەر کات پێویست بێت دەست بداتە کورت و درێژ کردنەوەی. سینەما هونەری جووڵە و بزووتنە بەڵام زیاتری ڕووداوەکان لە نێو ماڵەکەی کاستیلۆدا ڕوو دەدات و لە ئاکامدا فەزای زاڵ بەسەر فیلمنامەکەدا فەزایەکی شێوە تیاتریانە و بەدیهێنانی کردارێکی دراماتیك (ئاکسیۆن) دوو جۆر ئامادە کاری بۆ بەکار هێناوە: یەکەم ئەوەی کە لە سەرەتای فیلم نامەکەدا بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، واتە (فلاش بەگێك) ڕووداوەکانی کێشاوەتە شەقامەکانی ماناگوئەوە، سەری کێشاوەتە مەخفیگاکانی گەریلاکانەوە و بە چاو گێڕانێك بەسەر پڕۆسەی خۆ ئامادە کردنی گریلاکان بۆ بەڕێوە بردنی عەمەلیاتەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەحنەی یەکەم و دواتر لە سەرتاسەری فیلمنامەکەدا بە چوون بۆ زیندان، نیشاندانی ئەشکەنجەدانی زیندانیانی ئەشکەنجە کراو، گاردی نەتەوەیی و شتی تری لەم بابەتە جووڵەیەك دەخاتە پێکهاتەی فیلمەکەوە. دووەم ئەوەی کە بە تێوەگلاندنی ڕووداوی لاوەکی و لە ڕێگای کورتە وتووێژی چەندوشەییەوە (کە زیاتر سەمەرەی زمانی چڕکراوە، زیندوو ژورنالیستی مارکێز خۆیەتی) و بڕگە گەلی تیژ تێپەڕ و تێکشکاندنی ئوسلوب و قەواعیدی زەمانی تەك هێڵی و لابردنی تۆخم و ڕەگەزە زیادیەکان خۆی لە درێژۆێژی لە سەحنەکاندا دەبوێرێ. زمانی فیلمنامە بە تایبەتی لەو شوێنەدا کە دەچێتە سەر ناوەڕۆکی حەرەکەتی گریلاکان بەرەو فرودگا هەر ئەڵێی دادخاستێك بەدژی گشت ستەمگەران، تاڵانگەران و دیکتاتۆرە سەرەڕۆ و گوێ لە مستەکانی ئامریکا دەخوێنێتەوە، حەماسی، داپڵۆسینەر و زیندووە.

سەرچاوە: گۆڤاری ئادینە

***

بابەت

# پابەند بوونی هوونەر و ئەدەبیات لە ڕوانگەی شاملووەوە

*لەفارسیەوە: بێستون*

پابەندی هونەرمەند دەبێ لە خزمەت بە مرۆڤ دابێ. پابەند بوونێك بە دوور لە قەید و بەندی تاقم گەرایی و حیزبایەتی. پابەند بوونێك بە دەر لە سیاسەت و تەنیا لە پێناو ڕێبازی مرۆڤایەتی دابێ. بەڵام بەهەر ڕادەیەك بەرهەمی هونەری بەر لەوەی کە بچێتە ژێر باری بەڵێنیەك، دەبێ پێناسە هونەری خۆی بسەلمێنێ. مایا کوفسکی -شاعیری شۆڕشگێر- پابەند بوونە کۆمەڵایەتیەکەی شاعیر بە بنەمای کارەکەی دەزانێ و دەڵێ شاعیر دەبێ بە نووسینی شێعر لە کۆمەڵگاوە دیاردەکان هەڵێنجێ و شێعر بە ((بەرهەمی ئەسپاردە کۆمەڵایەتیەکان)) دەزانێ. ئەو لە بیری کردبوو کە یەکەم دەبێ شاعیر بێ هەتا بتوانی وڵامی گونجاو بە پێویستیەکانی کۆمەڵگا بدەیتەوە، ئەگینا زۆرن ئەو کەسانەی کە هەر بەو ڕێبازە دا ڕۆیشتن و ناو و ناوبانگێکیان لە خۆیان بەجێ نەهێشت.

من شێعری ((پریا))م ڕاستەوخۆ لە ناخی کۆمەڵگا دەرکێشا. کۆمەڵگاکە بە کودەتای 1332 خەسارەتێکی گەورەی تاڵی بەرکەوتبوو، پێویستی پێی هەبوو، من کە لە ناخی کۆمەڵگادا بووم. ئەم پێویستیەم هەست پێ کرد و وڵامم دایەوە ئەویش بە زمانی خودی جەماوەر، کە لە لایەن جەماوەرەوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا. پێویست بوو، ئەم پێویستیەم لە ناخەوە هەست پێ کرد. کەوا بوو شێعرێك بوو بەرهەمی پێویستی و نیاز.



شێعرێك کە هەستێك هەڵنەخڕێنێ، چ بەرژەوەندیەکی هەیە؟ هەمیشە وتوومە و لەسەر ئەو بڕوایەم کە هونەر دەتوانێ شتێکی بەسود، جوانتر دەربڕێ و زۆرتر هێزی کاریگەری هەبێ. مەبەستم ئەوە نییە کە ویستی خۆم بە بوون و نەبوون بەسەر ئەوانی تردا بسەلمێنم، بەڵام گەورەیی هونەرمەندە کە لەم جیهانە ئاڵۆزەدا، بە شوێن چارەسەردا بگەڕێ نەك تەنیا هێور کردنەوە، لە شوێن

تێگەیاندن دابێ نەک تەنیا ڕازاوە کردنی، پزیشکی خەمخۆر بێ نە گاڵتەجار.

ئامانجی هونەر ئەگەر تەنیا ڕواڵەت نەبێ و پەرە بە نەزانی و خورافە پەرستی نەدات، ئەرکێکی ئینسانی بەجێ گەیاندوە. بێگومان کەسانێک کە کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی خورافە پەرەست و زەبوونیان دەوێ، ئامانج خوازی بە هەڵوێستی سیاسی لێک دەدەنەوە و هونەری ئامانج خواز بە هونەرێکی گیرۆدە بە سیاسەت دەزانن و تەنیا وەسفی خۆیان نەک گیرۆدە بوون بە سیاسەت بەڵکو بە ڕاستیشی دەزانن، لە هەمان کاتیشدا من خوازیاری ئەم جۆرە هونەرە نیم و هەرچەند پێش دێ کە لە ئاست شێوەکارێکی تەجریدی یا پارچە شێعرێکی بێ ئامانج کە لە ناخی دڵەوە بە لێهاتوویی و لێزانی دێتە بەرهەم، دەست خۆشی لێدەکەم، چونکە بێگومان بانگەوازێکی ئاوا ڕوون کە تەنیا هێزی حەنجەرە دەردەخات و کەسانێکی ئەوتۆی پێویستیان بە هاودەردی هەیە لە بیر خۆیان بردۆتەوە، ئەفسوسم خواردوە.

کافکا تاریفێکی درەوشاوەی لە شێعر کردوە.

لە بەراوردی مۆسیقی و شێعردا دەڵێ: "چێژێکی تایبەتی کە مۆسیقا هەیەتی، چێژێکی ترسناکە، بەڵام شێعر هەوڵ دەدا ئاستەنگی چێژ لەناو بەرێ و بە ئاستی وشیاریی بگەیەنێ و مۆسیقا ژیانی هەستیاری دووقات دەکاتەوە، بەڵام شێعر مەهارەتی پێ دەبەشێ و بەرزی دەکاتەوە.))

دەڵێ: ((شێعر سەفەرێکە بە مەبەستی دۆزینەوەی حەقیقەت ڕازێکی باتر لە حەقیقەت لە ئارادا نییە)) و




لە شوێنێکی تردا دەڵێ: ((شاعیر ئەم ئەرکەی لەسەر شانە کە مرۆڤی تەنیای ترس لێ نیشتوو لە مەرگەوە بەرەو ژیانێکی سەربەرزانە ڕێنوێنی بکات.))

شێعر لە ناخی خۆیدا هاوارێکە لە قەڵای تەنیایی، چونکە دونیای شاعیر جیهانێکی فەردیە کە تەنانەت زۆرێک لە لایەنگرانیشی بە پێچەوانەی تێگەیشتن تەنیا پەرە بە ناسینی هەرچی زیاتری لایەنی تاڵی و قوڵی ئازارەکانی دەدەن.

گلادیاتۆرێکی زەبوون کە بەبێ هیچ چەکێک لە مەیدانی بێ بەزەیی خەباتی مەزلوومانەی خۆی دا بێ پشت و پەنایە و تەنانەت توانای بەرگری کردنی نییە. پانتایی ژمارەی هاو دڵ و هەم لایەنگرانی بە کردەوە پەرە بە پانتایی بەر پرسیارێتی و پابەندبوونی دەدەن.

سەرچاوە: وتووێژێکی ناسرحەریری لەگەڵ شاملو

***



بابەت

# میخائیل شۆلۆخۆف
# و
# ڕۆمانی دۆنی ئارام

*و: ئارەزوو بێکەس*



میخائیل شۆلۆخۆف لە 24ی مانگی مەی ساڵی 1905 لە ئاوای کرۆژلین هەڵکەوتوو لە ناوچەی قەزاقنشین و شسکایا چاوی بە ژین پشکووت. باوکی وەرزێڕێکی وردەبۆرژوا بوو. شۆلۆخۆف تا ساڵی 1918 دەرسی خوێند، سەرەتا لە مەکتەبی سەرتایی ئاوایی و پاشان لە شار دا دواناوەندی درێژەی پێدا، بەڵام شەڕی نێوخۆیی کە لەو سەردەمەدا دەستی پێکردبوو، بووە هۆی ئەوەی کە شۆلۆخۆف واز لە خوێندن بهێنێت و لە ساڵی 1918 دا دەستی دایە کار کردن. لە ماوەی 5 ساڵ دا ئەو چەندین جار پیشەکەی گۆڕی. لە ساڵی 1923 نوسراوەکانی شۆلۆخۆف لە ڕاگەیەنەرەکاندا بە چاپ گەیشتن. لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا شۆلۆخۆف وەکوو هەواڵنێر لە شەڕدا بەشداری کرد. میخائیل شۆلۆخۆف، بە هۆی خزمەتەکانی لە بواری گەشە و پێگەیاندنی ئەدەبیاتی شۆرەوی پێشوو (سۆڤیەت) لە دەستەبەرکردنی ناوبانگی نووسەری نەتەوەیی، وەرگرتنی بالاترین نیشانی لینین، میدالی قارەمانی کاری سۆسیالیستی، خەلاتی دەوڵەتی و خەلاتی نۆبێلی لە ساڵی 1965 دا سەرکروتنی بە دەست هێنا. ئەو وەکوو ئاکادمیسیەنێک کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ناوبانگێکی جیهانیان هەیە و نوسەرێک کە



ناوی لە ئەدەبیاتی شۆڕەوی دا دەدرەوشێتەوە ناسراوە و بە بەرهەمەکانی خۆی عەشق و عەلاقەی خەڵکی بۆلای خۆی ڕاکێشا.

شۆلۆخۆف بە پێنووسە بەهێزەکەی وێنە گەلێك لە ژیان و ئەخلاقی مرۆڤانەی کێشاو و ناوبانگێکی جیهانی دەرکرد. ڕاگەیەنەرەکانی جیهان سەرەڕای لێکدانەوەی کتێبەکانی شۆلۆخۆف ئەوانیان بە (شاکارەکانی سەدە) و (ئەستەمەکانی ئەدەبیاتی جیهانی) و (فەرهەنگی بەشکۆی سەدەی بیستەم) ناوزەد کردووە.

ژان کاتالا نووسەری فەرانسەوی لە بارەی ئەوەوە نوسیویەتی: شۆلۆخۆف نووسەرێکە کە بیرو بۆچوونەکانی لەگەڵ هونەرەکەی وا لێك هەلپێکراون کە ناکرێ ئەویان لەوی تریان جیا کرێتەوە، نووسەرێك کە خەلاقیەتی ئەو بریتیە لە بەیانی زیندەگانی ئینسانی. کتێبەکانی بۆ ئەو زیاتر لە حەفتا زمان وەرگێردراونەتەوە و بە میلیۆن دانەیان لێ چاپ کراون و هیندێکیشیان لێ کراونەتە فیلم. لە مانگی ژوئیەی ساڵی 1941 میخائیل شۆلۆخۆف بابەت گەلێکی لە بارەی جووتیارنی کاڵوازی دۆن نووسیوە، دواتر بابەت گەلێکی لە بارەی قارەمان و دلێریی سەربازەکانن بەرەی ڕۆژئاوا بلاو کردەوە. لە پاش مامۆستایەتی، فەرمانبەریێتی ئاسار و کاری چکۆلە، شۆلۆخۆف پێی نایە نێو جیهانی ئەدەبەوە. یەکەمین کتێبەکانی ئەو(چیرۆکەکانی دۆن)، (دەشتی لاجەوەردی) و پاشان ڕۆمانی (دۆنی ئارام) و (زەوی تازە ئاوەدان) کە ناوبانگی جیهانیان بۆی دەستەبەر کرد. سەرچاوەی ئەندێشەکانی شاعیرانەی میخائیل شۆلۆخۆف، لە ژیانی جۆرا و جۆری جەماوەردا شاراوەتەوە. میخائیل شۆلۆخۆف بەو هۆیەوە لای خەڵکی، گەورە و بەڕێزە کە هەر کەسێك دەتوانێ لە کتێبەکانی ئەودا شتگەلێکی زۆر لە ژیانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. تەواوی بیرۆکە سەرەتاییەکانی ئەو لە ڕاستیدا گەلاڵە و فۆرمی بەرهەمە

حەماسیەکانی ((دۆنی ئارام)) و ((زەوی تازە ئاوەدان)) بوون کە لە ڕوانگەی پێکەوە پەیوەندانی هێزی هونەری ڕاستیەکی سەرسام کەرن. گەلێك لە چیرۆکەکانی بە ناوی چارەنووسی مرۆڤێك بە شاکارێکی ئەدەبیاتی جیهانی بە ئەژمار دێت.

هەڵس و کەوتی ئاوێتە بە مێهرەبانی و باوکانە بە نیسبەت منداڵان لە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکانی شۆلۆخۆفە: ئاندریێ ساکالف شۆفێری نیزامی، کە لە شەڕدا ئازارێکی زۆری چەشتووە و دەردیسەرەکانی بەدیل بوونی پڕ لە سووکایەتی تەحەموول کردبوو و بە ئوتومبێلێکی ئاڵمانی خۆی دەرباز دەکات. لەگەڵ وانیا ئاشنا دەبێ و سەرەنجام ئەو وەکوو کوڕی خۆی ناوی دەبات. ئاندریێ ساکالف بەم کوڕە بێ خانە و لانەیە کە چەرمەسەریەکی زۆری بەسەر هاتبوو میهرەبانی دەبەخشێ. ئەلێی وانیاش باوکی خۆی دۆزیبووە وە و چارەنووسی ئەوان بە یەکەوە گرێ درا. بەرهەمەکانی شۆلۆخۆف ڕەنگدانەوەی سێ قۆناغی مێژوویی ڕوسیەییە. ئەم سێ قۆناغە لە (دۆنی ئارام) و (زەوی تازە ئاوەدان) و (ئەوان بۆ وڵاتەکەیان شەڕ دەکەن)، خۆیان نیشان دەدەن.

ڕۆمانی دۆنی ئارام لە بواری وەسفی قووڵی ژیان و زۆری پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە و لە باری وەسفی چینە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگا و چارە نووسی کەسانێك کە بەرەو لای ڕاستیەکانی شۆڕش و شەڕە نێو خۆییەکان کێشرابوون، تا ڕادەیەك وەکوو ڕۆمانی شەڕ و ئاشتی لئۆ تۆلستۆی دەچێ. شۆلۆخۆف لە ئەدەبیاتی ڕوسیەدا دیارترین و قووڵترین دەربڕی دۆخی ناخی توێژەکانی جەماوەر بە حیساب دێت. گۆڕان لە ژیانی جوتیاران لە ڕۆمانەکانی ئەودا ڕازاوەیە و ئەمەش گەورەترین سەرکەوتنی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ڕوسیەیە کە کاریگەریەکی گەورەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکدا بەجێ هێشتووە، دەتوانرێ ئەو لەگەڵ کایگەری نێدای هێندی لئۆ تولستۆی لە ناو خەڵکی ڕوسیەدا هەڵسەنگێنی.



ڕۆمانی (دۆنی ئارام) لە زمان خەڵکەوەیە و ئەڵێی بە ئیلهام وەرگرتن لە هەستەکانی ناخی ئەوان دواوە. گریگۆری مۆلۆخۆف پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە هەر لە هەڕەتی لاوێتیەوە کاتێك کە بە هۆی هۆگری بە ئاکسینیا لە بنەماڵەکەی جیا دەبێتەوە و پێوندی دەبڕێ، هەڵس و کەوتێکی سەرە ڕۆیانە لە خۆی نیشان دەدات. ئەم ڕووداوە لە ناوچەی قەزاقستان، لە هەڵ و مەرجی باوك مەزنی دا کە منداڵان دەبێ بێ هیچ لادانێك پەیڕەوی دایك و باوکیان بن، ڕوداوێکی تایبەتی بوو. تاوانی گریگۆری مۆلۆخۆف بە تایبەت لەم بوارەدا گەورەتر دەنوێنێ کە ئەو وەکوو قەزاقیەك بۆ ژنێکی مێرددار ماڵی باوکی خۆی بەجێ دەهێڵێ و وەکوو جوتیارێك خەریکی کار دەبێ. ئەو بە توندی دەکەوێتە بەر ڕق و تووڕەیی باوکی و جوتیارەکان، بەڵام هێشتا زۆر لاو بوو و بۆ ئەو هیچ شتێك فەرقی نەدەکرد. ئەو هەر بەو دلێریەوە کە لە پەرژینەوە پەڕیە نێو ماڵی دراوسێکەیانەوە هەتا لە ئاکسینیا لە بەرانبەر مستە پۆڵاینەکانی مێردەکەی (ئتپان) بەرگری بکات، بنە ماڵەکەشی هەر بەو شێوەیە بەجێ دەهێڵێ و لەگەڵ (ئاکسینیا) تەنیا بەو جلانەوە کە لەبەریدا بوو، شوێنی لە دایك بوونی بەجێ دێڵێ و دەچێتە موڵکی یەکێك لە خانەکان. بۆ مۆلۆخۆف سەربەخۆیی مرۆڤ لە هەر شتێك پڕ بایەخترە و لەو هەموو سەروەت و سامانەی باوکی تەنیا پشتی بە ئەسپێك بەست. ئەو لەم سەردەمەی ژیانیدا لەسەر پێی خۆی ڕاوەستا و دەیزانی کە

بابەت

دۆزینەوەی ڕێگا بەرەو خۆشبەختی تەنیا بە دەستی خودی ئینسانە. باوەڕی ناڕوونی ئەو بە نیسبەت یەکترییەوە بووە هۆی زۆرێک لە هەڵەکانی گریگۆری. ئەو لەو ساڵانەی کە لە بیری دۆزینەوەی ڕێگای دروست بەرەو حەقیقەتی کۆمەڵایەتی بوو، نە تەنیا لە نەتەوەکەی جیا بۆوە، بەڵکوو لە دژی بەرژەوەندی قەزاقەکانیش هەنگاوی هەڵگرت. گریگۆری بە شەمشێر دەچێتە شەڕی ئەرتەشی سوور، بەڵام دواتر لە ڕێگایەک کە گرتبوویە بەر تووشی شک و گومان دەبێ. لەم کاتەدا پاوانخوازی ئەو ببووە هۆی غرورێکی زۆر، چوونکە بووە فەرماندەی لەشکرێک کە گوایە بۆ سەربەخۆیی و خودموختاری دۆن دەجەنگی، لە حاڵێکدا کە ویژدانی لەم کارەدا ئازاری دەدا، بەڵام لە ژیانی گریگۆریدا ئەو کاتە دێ کە ئەو شتەی کە لە ناخی ئەودا بوو وەدەر بکەوێ. عەشقی ڕاستەقینەی بە زێد و ماڵی باوکی کە ئەو دووانەی پشتسەر نابوو و منداڵێک کە بێ باوک کەوتبون و ئاکسینیا، ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دەبۆوە. دۆنی ئارام بەرهەمێکی قووڵە کە لە باری ڕاستیەوە ئینسان دوچاری سەرسوڕمان دەکات. ماکسیم گورکی بنیاتنەری ئەدەبیاتی شۆڕەوی بۆ ئەم بەرهەمەی شۆلۆخۆف بایەخێکی زۆری دانا. گۆرکی وتبووی: ئەم ڕۆمانە تەنیا لەگەڵ بەرهەمی شەڕ و ئاشتی تولستۆی هەڵدەسەنگێندرێ. (لۆنا چارسکی) لە بارەی ئەم ڕۆمانەوە نوسیبووی: ڕۆمانی دۆنی ئارامی شۆلۆخۆف کە هێشتا تەواو نەبووە، بەرهەمێکی کاریگەرە و وێنەیەکە لە ژیانی خەڵک، لە بواری هونەریشەوە باشترین ڕوداو لە مێژووی ئەدەبیاتی ڕوسیەدایە. قۆناغی دوهەمی لێهاتووی شۆلۆخۆف بریتیە لە ڕەنگ دانەوەی سەردەمی هەرەوەزەکان. کتێبی (زەوی تازە ئاوەدان) کە پەیوەندی بە پێکهێنانی هەرەوەزی بە کۆمەڵ و گۆڕانکارییەوە هەیە کە ئەڵێی درێژەی دۆنی ئارامە، ڕەنگدانەوەی چارەنووسی ڕوسیەی دەورانی شۆڕشە، کاتێک کە وڵات بەرەو ڕێگایەکی نوێ هەنگاو هەڵدەگرێ.

سەرەتایی ترین بەشەکانی ئەم ڕۆمانە لە ساڵی 1954 لە گۆڤاری ئەدەبی و هونەریدا چاپکران. لە دواهەمین ڕۆژەکانی مانگی دێسامبری ساڵی 1959دا ئاخرین بەشی ئەم بەرهەمە کۆتایی هات و لەو کاتەدا لە پێش چاوی نووسەرەوە بە دەنگێکی بەرز لە نوسینگەی گۆڤاری ئاگانیوك خوێندرایەوە. میخائیل (سافر رونۆف) سەر نووسەری گۆڤاری ناوبراو ئەم ڕوداوەی بەم جۆرە باسکرد: ئەو/ شۆلۆخۆف/ لەلای ئێمە دانیشتبوو، لە حاڵێکدا دەستی بە سمێڵە سپیەکەیدا دێنا، بە وردبینیەوە گوێی شل کردبوو، وە جار جار بزەیەك دەهاتە سەر لێوەکانی، ئەڵێی پێی سەیر بوو لەوەی کە چی بەسەر پاڵەوانەکانیدا هاتبوو، وە وادیار بوو هەر وشەیەك کە دەوترا بە وردیەوە هەڵیدەسەنگاند. شۆلۆخۆف لە ڕۆمانی (زەوی تازە ئاوەدان)دا شێوەیەکی وەکوو شێوەی دۆنی ئارامی بۆ وەسف کردنی پاڵەوانەکانی خۆی لە جیهاندا گرتۆتە بەر. ئەو ئەم کارەی بە شێوەی گشتی بە هەردوو پاڵەوانەکەی خۆی ماکار ناگولنوی و پۆلۆڤۆف ئەفسەری ئەرتەشی پێشووی قەزاق کە بە فەرمانی هاو پەیمانانی گاردی سپی لە دژی شۆڕەوی خەریکی دەست پێکردنی شەڕێك بوون، ئەنجام دەدا. ئەو بە هۆی ئەم بەرهەمانەیەوە ناوبانگی جیهانی دەرکرد. لە ڕۆمانی زەوی تازە ئاوەداندا ئامانجی سەرەکی، بەرز کردنەوەی توانایی پێگەیشتنی جوتیاران بوو. (ئەوان بۆ نیشتمانەکەیان شەڕ دەکەن) کە سێهەمین قۆناغی شاکاری شۆلۆخۆف دێتە ئەژمار هەر بە ڕادەی بەرهەمەکانی تری، جێگای سەرنجە. تازەگەری ئەم بەرهەمە گرنگە بە گشتی لە زەینی هونەرمەندانی ڕوداوە دڵتەزێنەکانی ساڵی سامناکی 1942، سەردەمی پاشەکشەی هێزەکانی شۆڕەوی لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمدا شاراوەیە. لە ڕاستیدا چ هێزی ڕۆحی و چ عەشق و هۆگریەکی جاویدان نیسبەت بە ژیان لە ناو خەڵکێکدا کە سەختترین ساتەکانی چارەنووسی خۆیان پشتی سەر دەنا بوونی هەبوو، کە تەنانەت لەو ڕۆژە دژوارانەدا جار جارێك خەریکی شۆخی و نوکتە بوون. ئەم نووسەرە مەزنە سەرەنجام ڕۆژی 22ی فێوریەی ساڵی 1984 چاوی بۆ هەمیشە لێکنا. بەڵام زایەڵەی ترپەکانی دڵی میخائیل شۆلۆخۆف بۆ هەمیشە لە ناو لاپەڕەی کتێبەکانیدا نەخشیان بەست، و بەشێك لە مێژووی مرۆڤایەتیان تۆمار کرد.

***

# گـــەڕان بە دوای ئەدەبیاتی لادێیدا

ن: عەلیشالور بەچە
و: شەهرۆز ناسری

وتارێکی ئەبدولعەلی دەست غەیب، وەرگێڕ و ڕەخنە گری ئەدەبی کلاسیك و ناوداری ئێرانی، منی خستەوە بیر ئەدەبیاتی لادێیی لەو وڵاتانە کە هێشتا دێهاتیەکان، عەشیرەتەکان یان قەراغ شاریەکان نزیك لە سەدا چلی دانیشتوانیان پێك دەهێنن. ئەو مرۆڤانەی کە هەڵگر و پارێزەری کلتووری لادێیی پێشووی خۆیانن.

لە بارێکی ترەوە، کاتێك چەنگیز ئاتیماتۆف، نووسەری میللی لە قرقیزی شۆڕەوی پێشوو، لەمەڕ عەشیرەتەکانی خێڵەکەی خۆی شاکاری ئەویندارانە و جیهانی وەك نووێلی: جەمیلە، دەخوڵقێنێ و تۆرگنیف، نووسەری ڕووس لە کتێبی: یادداشتەکانی ڕاوچیەك، سەرقاڵی هەرمان کردنی ئەدەبیاتی جوتیارانی وڵاتەکەی خۆیەتی. بۆچی ئێمە خاوەن نووسەری ئەدەبیاتی لادێیی و تەنانەت خێڵەکی و عەشیرەیی نەبین؟

لە چاو خشانێك بەسەر مێژووی ئەدەبیاتدا، دەردەکەوێ کە سەرنج دان بە بابەتی ئەدەبی لادێیی، لە ناوەڕاستی سەدەی 19ی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپاییدا باو بووە. یەکێ لەو بلیمەتە هونەریانە، "تۆرگنیف"ە. هەر چەندە ئەو لکاوەی چینی زەمیندار بوو، بەڵام بە هۆی ویژدانی ڕووناکبیری و دابڕان لە چینەکەی، دەستی دایە ڕەخنە گرتن لە دژە مرۆڤ بوونی نیزامی ئاغا و ڕەعیەتی و یان دەرەبەگایەتی وڵاتەکەی.



بەرهەمەکانی ئەو ئاماژەیەکن لە هونەری ڕیئالیستی کۆمەڵایەتی و ڕەخنە گرانە لە ئەدەبیاتدا. ناساندنی زۆر باشی پاڵەوانەکانی چیرۆك، شیکردنەوە و وێنا کردنی شاعیرانەی سروشت و دیمەنە ڕۆمانتیکەکانی لادێ، زمانی ئاهەنگین و شاعیرانە، بەشێکن لە تواناییە ئەدەبییەکانی تۆرگنیف.

بە پێچەوانەی گوگول کە جوتیارانی، وەك تاکە قوربانی و زوڵم لێکراوی نیزام و کۆمەڵگا نیشان دەدا، تۆرگنیف لە بەرهەمەکانیدا مرۆڤگەلێکی ئاسایی، خوێن گەرم، دڵ ئاوا، ڕاست گۆ، خاوەن بەهرە، دلۆڤان و بە ئاوەزمان پێ دەناسێنێ کە سەر قاڵی خەبات لەگەڵ ئاغایەکی توند و تیژ، بە لاڕێدا چوو، نەفام و هیچ و پووچن. جوتیارانێك کە سەرەڕای زوڵم و زۆر و چەوسانەوە و سوکایەتی، لە کار و باری ڕۆژانەی

بابەت

ژیانیاندا، پڕ هیواو کۆڵنەدەر دەنوێنن. لە بەرهەمەکانی ئەودا دەتوانین پێوەندی نێوان ئینسان و هونەر، سروشت و ئەوین ببینین.

لە ڕۆمانەکەی تۆرگنیفدا، ژنان زۆر جار لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی کۆمەلایەتیدا لە پیاوان بەهێزتر بوون. ئەوان بە پاڵ پشتی ڕاستگۆیی، دلۆڤانی، دڵخۆشی و تامەزرۆییەك کە بە ژیانیان هەیە، شان بە شانی پیاوان لە ژیانێکی ناخۆشدا، هەوڵدەر و تێکۆشەرن.

ئیوان تۆرگنیف لە ساڵی 1818 لە بنە ماڵەیەکی خاوەن موڵك و تێر و تەسەلی روسیە هاتە دنیا و لە ساڵی 1883 لە پاریس و لە کۆچبەریدا مرد. ئەو بە یارمەتی میراتێك کە لە دایکە زەمیندار و دەوڵەمەندەکەی بۆی مابۆوە، زیاتر لە 25 ساڵی تەمەنی لە شارە گەورەکانی ئەوروپاییدا ژیا. تۆرگنێف لە زانکۆ فەلسەفە، ئەدەبیات و مێژووی خوێندبوو.

هەڵسوڕانی ئەدەبی تۆرگنیف زۆرتر بە یارمەتی بیرۆکەی بەهێزی، لە دەرەوەی وڵات ڕوویدا. تۆرگنێف بە هۆی ژیان لە وڵاتانی جۆراو جۆری ئەوروپایی، بۆتە پەیوەندی دەرێکی جیهانی لە نێوان خولقێنەرانی مەکتەبی رئالیسمی کۆمەلایەتی. ئەو لە ماوەی 25 ساڵدا زیاتر لە شەش رۆمانی نووسی. تۆرگنێف نووێل، شانۆنامە، شێعر و بابەتی ئەدەبیشی خوڵاندووە.

لە ڕیزی بەهەمەکانی ئەون: یادداشتەکانی ڕاوچییەك، ئەو ڕەخنە لە نیزامی دەرەبەگایەتی و موڵکداری ئەو کاتی ڕوسیە دەگرێ. ئەو کتێبە، نێو بانگی "تۆرگنێف"ی وەك نووسەر و ڕەخنە گری کۆمەلایەتی دەرکرد. ئەوەی دەتوانین بە بەرهەمێکی مرۆڤ دۆستانە نێو دێر بکەین کە دەپژێتە سەر ژیانی جوتیاران. بە ڕای هەندێ کەس ئالیکساندری دووەم، تزاری ڕوسیە، لە ژێر کاریگەری ئەو کتێبەدا دانی بە چاکسازی و لە ناو بردنی نیزامی دەرەبەگایەتیدا هێنا.

تۆرگنێف لە کتێبی، هێلانەی ئاغاکان، کش و ماتی و تێك ڕوخانی ئەشرافە زەمیندارەکان نیشاندەدا. خاوەن ڕاکان، ئەوەی بە باشترین بەرهەمی تۆرگنیف دادەنێن. لە دوو ڕۆمانی: دوکەڵ، و وڵاتی نوێدا، تۆرگنێف، ئامارە بە دروشمی هەستیارانەی نارودینیکیەکان دەکا کە دەڵێن: ڕوناکبیرانی شۆڕگێڕ، بچنە جەرگەی خەڵکەوە!

لە ڕۆمانی، "باوکان و کوڕان"دا پاڵەوانی ڕۆمان خوێندکارێکی شۆڕشگێڕی زانکۆیە، دژی سەرمایەداری – دژی ئەشراف و دەرەبەگ سوننەت و لایەنگری زانست و ماددە خوازییە. بەڵام بە داخەوە ئەو بڕێك وەك دۆن کیشۆت بێ هێز دێتە بەر چاو. نووێلی: یەکەم عەشق، شاکارێك لە ئەدەبیاتی عاشقانەی جیهانییە. لە کتێبی، وڵاتی نوێ، تۆرگنێف گیان فیدایی خەباتگێڕە شۆڕشگێڕەکان نیشان دەدا کە بە هۆی بەرتەسك بوونی شانسی خەباتی چەکداری مەحکوومن بە تێکشکان. لە ڕۆمانی، دوکەڵدا، ئەو ئامارە بە شۆڕشگێڕیەکی نا شێلگیر لە ناو کوڕ و کۆمەڵی کۆچبەرە سیاسیەکان دەکا. ئاخرین کتێبی تۆرگنێف، "پەخشانە شێعرەکان"ە کە شاعرێکی ئەدەبی و زارەکی ئەدەبیاتی "ڕوس"ە.

بە ڕای مێژوو نووسانی ئەدەبیات، تۆرگنێف بوو بە هۆکاری ناساندنی ئەدەبیاتی ڕوس لە نێو خوێنەرانی ڕۆژ ئاوا. ئەو ڕۆڵێکی گرنگی لە ناساندنی ئەدەبیاتی ڕوس لە دەرەوەی وڵاتەکەی بووە. تۆرگنێف لە یەکەمین نووسەرانی ڕوسە کە لە ئەوروپا بەرهەمەکانی خۆشەویستیەکی تایبەتی لە نێو خوێنەراندا پەیدا کردووە.

تۆرگنێف لە دەرەوەی وڵاتی ڕوسیە دەگەڵ نووسەران و ڕوناکبیرانێکی گرنگ وەك: فلۆبر – موپاساد – مالرمە – زۆلا – هێنری جەیمس – باکونین – و هێرتسن ئاشنا بوو. هێندێك لەوانە لە باری ئەدەبییەوە کەوتنە ژێر کاریگەری تۆرگنێفەوە.

تۆرگنێف جارێك بە هۆی لیدوانێك لە ڕێو ڕەسمی مەرگی گوگول و ڕێز گرتن لەو، کەوتە ژێر چاودێری سازمانی ئەمنیەتی تزاری و بە ساڵێك زیندانی لە ماڵی خۆی مەحکووم کرا.

***

# ئەدەبیات و ئارمانگەرایانی کۆمەڵایەتی

ن: ئازەر سوڵتانی
و: ئاکام بەسیم

ئەوە کام شاعیری نەناسراو، خوسرەو گوڵە سورخی یان سەعید سوڵتان پور بوو هاواری کرد، شێعرەکانی دەبێ زار بە زار و سینگ بەسینگ بگەڕێت و لە شەونامە و ڕاگەیاندنە قەدەغە کراوەکاندا بڵاو بکرێنەوە نەوەك لە گۆڤارە ئەدەبیەکان و کتێبەکاندا. بەو هۆیەوە کە شێعر تاکتیکی ئەدەبیە نەك سەرقاڵی و سیاسەتی فەرهەنگی، کورت ترین فۆرمی دەربڕینی بارودۆخی نالەباری ڕۆژانەی ئێمەیە.

سەر قاڵ بوون بە ئەدەبیاتەوە، لە مێژووی خەباتی کۆمەڵایەتیدا هیچ کات ئەدەبیاتی (صرف) نەبووە، بەڵکوو ئەزمونێك بە مەبەستی پێك هێنانی هێزی ئامراز و مەودای خرۆشان و ڕاپەڕین بووە.

شۆڕشگێڕان دەیانگوت، فەرهەنگ نە دیکۆرە و نە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئارامش و سڕ بوونی گشتی، بەڵکوو نیشانەیەکە لە ئازادی وزەی ئینسانی.

جگە لە عەداڵەت و سیاسەت، تەوەری – پەیوەندی نێوان هونەر و ئەخلاق – هەر لە سەرەتاوە ڕای هەڵسوڕاوانی سیاسی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە.

ئینگڵس لە نامەیەکدا بۆ مینا کائوتێسکی وەبیر دێنێتەوە کە ئەدەبیاتی (مەبەستدار) و بەر پرسیار لەگەڵ ئەدەبیاتی تەبلیغی و دروشمی دا جیاوازە.

بوخارین و ترۆتێسکی بە هۆی ئەەی کە بیر و ڕای ئەدەبی و کلتوور – یان لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژی ئیستالیندا یەکی نەدەگرتەوە کوژران. بە شایەدی



مێژوو، زۆربەی خەباتکاران و ئارمان گەرایانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە ئەدەبیاتیان خۆش ویستووە. مارکس لە وڵامی کچەکانی دا، کە لێیان پرسی بوو لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا، بە کام نووسەر عەلاقە مەندی؟ گوتی ئاشیلوس، سێروانتز، شێکسپیر، گوتە نەوەك فلۆبێرت و بۆشنێر. لە ساڵی خەباتکارێکی دیکەی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیال دیمۆکراسی ئاڵمان دەیگوت، نابێت نووسەر بە قارەمانی بەرهەمەکانی جیهان بینیەك تەوسیە بکات کە لە دەرەوەی ئاسۆی سەردەمی ئەودا قەراری گرتبێت. وە ڕۆزا لوکزامبورگ و لێنین سەبارەت بە بەرهەمەکانی تۆلستۆی تێبینیان دەنووسی. هەروەها ئینگڵس ڕۆمانە چەند هەزار لاپەڕەییەکانی باڵزاکی خوێندەوە و خستیە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

کاتێك لێنین لە کاتی سەرە مەرگدا لە ساڵی 1923 سەبارەت بە ئەدەبیاتی تەبلیغی، بابەتی – هێندێك کەمتر بەڵام بە چۆنیەتی باشتر –ی بڵاو کردەوە، بوخارین بابەتی – شۆڕشی کرێکاری و کولتووری – نووسی کە تێیدا حیزبی بە پەرە پێدانی ئەدەبیاتی دوو ڕووانە تاوانبار کرد.

لە ڕوانگەیەکەوە، ئینگڵس کتێبی (بنەماڵەی پیرۆز)ی خۆی بە پشت بەستن بە ڕۆمانی بەناو بانگی ئەو کاتی (ڕاز و ڕەمزەکانی پاریس) نووسی. 9 ساڵ پێش بڵاو بوونەوەی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست، ئینگڵسی 19 ساڵە توێژینەوە و تێبینی ئەدەبی خۆی بە نازناوی فریدریش ئیسواڵد، بۆ ڕاگەیەنەرە گشتیەکان دەنارد.

لێکۆڵەرێک لە کتێبی (مارکس، ئینگڵس و نووسەران) دا ئیدەعا دەکات کە بەشی یەکەمی مانیفێستی کۆمۆنیست، بەبێ پشت بەستن بە بەرهەمی (کۆمێدی مرۆڤایەتی) تەسەور ناکرێت.

بە هەبوونی ئەم بایەخە زۆرە بە ئەدەبیات لە نێو نەزەریە پەردازە ئاڕمان گەراکان ڕۆژنامەی (ئالای سوور)، ئورگانی حیزبی کۆمۆنیستی ئاڵمان، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1920دا بوو بە خاوەنی بەشی فەرهەنگی و دەستی کرد بە ناساندنی ئەدەبیاتی کۆمەڵایەتی پێشکەوتن خواز.

لە چوار چێوەی توێژینەوە و هۆگری مارکس بە خوێندن دەتوانین بڵێین ئەو کاتەی شاعیرێکی گەنج بوو بۆ دەزگیرانەکەی دەنووسی، لەم ڕۆژانەدا لاپەڕە و وتارەکان دەخۆم. مارکس لە دواییدا دەگێڕێتەوە و دەڵێ وەکوو مەکینەیەکی مەزن وایە کە لاپەڕەی ڕمانەکان قووت دەدا هەتا لە ئاکامدا بابەتێکی توێژینەوەی نوێ بێنێتە سەر کاغەز. بە وتەی شاهیدان مارکس هاوکات دوو سێ ڕۆمانی لەبەر دەستدا بووە بۆ خوێندنەوە. ئەو لە پاڵ داروینـدا یەکێک لە ڕۆمان خوێنە پڕ کارەکانی سەردەمی خۆی بوو. ئەو هۆگریەکی تایبەتی بە ڕۆمانەکانی سەدەکانی 18 بە تایبەتی بەهەمەکانی: ئەلیکساندێر دۆما و واڵتێرئیسکات هەبوو. مارکس بە ڕۆمانە تەنز ئاویەکان و داستان سەراییەکانی دۆنکیشۆت بایەخێکی تایبەتی دەدا.











ڕێزی مارکس بەرامبەر باڵزاک لە ئاستێکدا بوو کە تەنانەت دەیویست توێژینەوە و تێبینی بەر بڵاو سەبارەت بە کتێبی کۆمێدی مرۆڤایەتی ئەو بنوسێت. مارکس لە پێشەکی کتێبی (لێکدانەوەی ئابوری، سیاسی)دا دەنوسێت ئاشیل قارەمانی کتێبی هۆمەر، لە دەورەی قوڕقوشم و باروودا تەسەور ناکرێت. ژانری تراژیدی بەرهەم و فۆرمی ئەدەبی تایبەت بە ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی یۆنانی کۆن بوو، ئێمە هۆمەری کرێکارمان نابێتەوە چونکە جێگا و شوێنی کۆمەڵایەتی هۆمەر بەسەر چووە. لە چەشنی ئەو چاکسازیەی مەبەستی مارکس سەبارەت بە مرۆڤ، قۆناغەکانی منداڵی هەتا هەتایی —ئەو بوو، یانی بە بڕوای ئەو ئینسان وێنەی منداڵێکی هار و هاج هەموو کات بە شوێن دۆزینەوەی هونەرەوە دەبێت.

بە پێچەوانەی مارکس کە زیاتر بۆ سەرقاڵ بوون، وچان دان و چێژ وەرگرتن ڕۆمانی دەخوێندەوە، ڕۆمان بۆ ئینگڵس بایەخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرنگی هەبوو. بە وتەی مێژوو نووسان، ئینگڵس لە هەموو ساتەکانی ژیانیدا بە شێوازێک خۆی بە ئەدەبیاتی جیهانیەوە سەرقاڵ دەکرد و پەیوەندیەکانیانی لەگەڵ کۆمەڵگا و سیاسەت هەڵدەسەنگاند. تەنانەت ماوەیەکیش لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی لەسەر ڕۆمانی فارسی هەبوو. ئینگلس دەیگوت تێکۆشانی ئەدەبی و زمانی مارتیس لۆتێر، بناغە داڕێژەری ئایینی پرۆتستانیزم، لە زمانی ئاڵمانیدا گرنگتر لە شۆڕش و ڕیفۆرمی ئەو لە کلیسای ڕۆژئاوا بوو. هەروەها ئینگڵس لە تەمەنی گەنجیدا دا شانۆ نامەیەکی بە نێوی (کوولا) نووسی.

گورووپێک لە خاوەن ڕایان، هونەریان ئەدایە بەر ڕەخنە و لێکدانەوە: هونەربابەتێکی پیرۆزە، جێی داخە بخرێتە خزمەت کاری پڕ و پاگەندەوە. باشترین ڕێگایەک کە ڕابردوومان بۆ ڕۆشن

دەكاتەوە، كردەوە و رۆشنی رەخنە گرانەیە كە ئێتاسمان بۆ دەست نیشان دەكا و دەتوانین لە رێگای ئەوەوە ئیمكاناتی داهاتوشمان بێنینە بەر زەین.

لێنین سەبارەت بە رەخنە گرێك بە نێوی برۆنۆباوێر بە سكاڵاوە دەڵێت، هەندێك لەم بەرێزانە سەرقاڵی پەرستنی رەخنەن، وەك بێژی لێكدانەوە گرنگترە لە كردەوە، حیزب و سیاسەت. ئەوانە حازرن هەر كردەوەیەكی سیاسی لە رێگای لێكدانەوەدا ئینكار بكەن.

پۆلخانۆف بە بڕوا بە خۆیەكی تایبەتیەوە دەنوسێت، وەكوو لایەنگرێكی جیهان بینی مادی، دەڵێم ئەركی رەخنەگر ئەوەیە كە ئیدەی بەرهەمێك لە زمانی هونەریەوە بگەوازینەوە سەر زمانی كۆمەڵناسی، هەر بەو هۆیەوە ئەركی رەخنەگر، گەورە كردنەوەی پێكەنین یان گریان نییە، بەڵكوو یارمەتیدان بە تێگەیشتنیەتی. پۆلخانۆف بۆ یەكەمین جار پەیوەندی دیالكتیكی نێوان بایەخی كۆمەڵایەتی و چێژی جوان ناسانەی لە هونەردا گەلاڵە كرد. ئەو لە ساڵی 1905دا لە پەیوەند لەگەڵ وتارێكی لێنین – رێكخراوی حیزبی و ئەدەبیاتی حیزبی – بابەتێكی لەژێر ناوی – ئەدەبیاتی شانۆگەری لە روانگەی كۆمەڵناسیەوە – بڵاو كردەوە.

بە بڕوای كار ناسان، بەبێ لێكدانەوەی بەرهەمە رئالیستیەكانی بالزاك تیئۆری ماركسیستی تەسەور ناكرێت، بالزاك ئەدەبیاتی سەردەمی خۆی بە دوو دەستەی: ئەدەبیاتی ئیدەكان لە چەشنی بەرهەمەكانی ئیستاندال و ئەدەبیاتی وەسف گەرانە و داستان وێژی لە چەشنی ویكتۆر هۆگۆ و شاتۆبریان و واڵتر ئیسكان دابەش دەكرد. ئەو بە ئاماژە بە ئەدەبیاتی ئیدەكان دەڵێت وێنا كردنی كۆمەڵگای مۆدێرن بە شێوازە ئەدەبییەكانی سەدەی 17 و 18 نامومكینە. بوخارین دەیگوت، شۆڕش دەبێ فۆرمە ئەدەبییەكانیش لەگەڵ خۆیدا پاڵ پێوەنێ، بە بڕوای ئەو تەوەرەی كولتوور دوا بە دوای گەیشتن بە دەسەڵات، گرنگترین كێشە و گرفتی هەر شۆڕشێكە، سەركەوتن یان تێكشكانی هەر شۆڕشێك بە ئاستی گەشە و پێشكەوتنی كولتوورەوە بەستراوە، دوا كروتوویی فەرهەنگی، دەبێتە هۆی دوا كەوتوویی سیاسی و مەترسی گەڕانەوەی تۆتالیتاریزم و بیزانیزمە.



ئەمرۆ لێكۆڵەرەكان، بنەمای كلاسیكی بیروڕای چەپ لەسەر ئەساسی بۆچوونەكانی ئیستاتیكای هێگل و كانت لە قەڵەم ئەدەن. چرنیشۆفسكی دەیگوت، جیاوازی نێوان مێژوو و هونەر لەوەدایە كە مێژوو سەبارەت بە ژیانی كۆمەڵایەتی و هونەریش سەبارەت بە ژیانی تایبەتی ئینسانەكان ئەدوێ. ترۆتسكی بە نێوی ڕاستەقینەی لیۆن، یەكێكی دیكە لە قوربانیانی تیئۆری ئیستالینی، دەیگوت، دیاردەیەكی ئاڵۆزە كە لە نەریت، تەوەرە گەلی تایبەتی و ئەنگیزەی تاكە كەسیەكان پێك هاتووە. لە ساڵی 1924دا بابەتی – كولتووری كرێكاری ئەدەبیاتی كرێكاری – سەبارەت بە دەور و نەخشی ئەدەبیات نووسی. بە ڕای گروپێك لە رەخنەگرانی چەپ، ترۆتسكیزم هەوڵی دەدا بیر و ڕای فرۆید لەگەڵ ماتریالیسم ئاشت بكاتەوە.



ترۆتسكی ساڵی 1938 لە تاراوگە، بە ناوێكی خوازراوەوە، هاوڕێ لەگەڵ ئاندرێ بێرتۆن لە فەرانسە مانیفێستێكی بلاو كردەوە كە لەودا خوازیاری هونەری سەر بە خۆی شۆڕشگێڕانەیە بەبێ دەخاڵەتی دەوڵەت. ئەو دەیگوت بۆ گەشە و پێشكەوتن ئازادی بێ سنوور تا ئاستی ئانارشیزم پێویستە، چونكە هونەر دەبێ و نابێ و ئەمر و نەهی هیچ دەسەڵاتدار و زۆردارێك قبوڵ ناكات.

***

بابەت

# ئەدەبیات و ئایدیۆلۆژی



*تێری ئیگلتون*
*و: مەجید مارابی*

فریدریک ئەنگڵس لە کتێبی "لودویک فۆیرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانیا"دا، (1818) دەڵێ هونەر زۆر دەوڵەمەندتر و "ئالۆز"تر لە تیۆری ئابووری و سیاسییە چونکە کەمتر بەشێوەی ئایدیۆلۆژی پەتی ئاراستە کراوە. لێرەدا پێویستە مانای وردی "ئایدیۆلۆژی" لە روانگەی مارکسیزمەوە دەرک بکەین. ئایدیۆلۆژی لە پلەی یەکەمدا، کۆمەڵێك دۆکترین نیە، بەڵکوو شێوازێکە کە بەهۆی ئەو مرۆڤەکان رۆڵی خۆیان لە کۆمەڵی چینایەتیدا دەگێڕن. ئایدیۆلۆژی نیشانەی ئەو بەها و ئەندێشە و دیمەنانەیە کە مرۆڤەکان لەگەڵ رۆڵی کۆمەڵایەتییان پێوەند دەدا و بەمجۆرە، ئەوان لە دەرکی دروستی کۆمەڵگە وەکوو گشتێتی دوور رادەگرێ. لەم روانگەوە، شێعری "خاکی وێران" بەرهەمێکی ئایدیۆلۆژیکە: ئەم شێعرە پیشاندەری مرۆڤێکە کە بە چەند شێوازێك ئەزمووکی خۆی دەرك دەکات کە لە دەرکی دروستی کۆمەڵگە دوور رادەگرێ، چەند شێوازێك کە سەرئەنجام بێبایەخ و درۆینەن. هەموو هونەرەکان لە بۆچوونی ئایدیۆلۆژیکی لەمەڕ جیهان سەرچاوە دەگرن. بە وتەی پلەخانۆف، بەرهەمێکی هونەری کە بەتەواوی ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژیکی نەبێ، بوونی نیە. بەڵام ئاماژەی ئەنگڵس دەریدەخات کە پێوەندی نێوان هونەر و ئایدیۆلۆژی لە پێوەندی نیوان تیۆری سیاسی، مافەکان و ئایدیۆلۆژیا ئالۆزترە. چونکە سیاسەت و یاسا بەرژەوەندی چینی زاڵ بەرۆشنی بەرجەستە دەکەن. کەوابوو، گرنگ ئەوەیە کە پێوەندی نێوان هونەر و ئایدیۆلۆژی بە چ شێوەیەك دەرك بکەین.

ئەمە پرسیارێکی سادە نیە. لە ئاست ئەم پرسیارە دەتوانین دوو هەڵوێستی توندڕەوانە و ناکۆك بگرینەبەر. یەکەم ئەوەیە کە ئەدەبیات تەنیا ئایدیۆلۆژییە لە قاڵبی هونەری تایبەتدا – بەپێی ئەم بۆچوونە، بەرهەمە ئەدەبییەکان تەنیا دەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیکی سەردەمی خۆیانن. ئەم بەرهەمانە زیندانی "وشیاری درۆینە"ن و ناتوانن لە بەندی ئەو وشیارییە دەرباز بن و بە هەقیقەت بگەن. ئەم هەڵوێستە تایبەت بە رەخنە "مارکسیستی عامیانە"یە کە تێدەکۆشی لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا تەنیا رەنگدەنەوەی ئایدیۆلۆژی زاڵ ببینێت. بەمجۆرە، وەها رەخنەیەك لە لایەکەوە ناتوانێ روونی بکاتەوە کە بۆچی بەشێك لە ئەدەبیات، بەکردەوە لەئاست هەندێ پێشمەرجی ئایدیۆلۆژیکی سەردەمی خۆی رادەوەستێ. لە لایەکی ترەوە، بەپێچەوانەی ئەم شتە روودەدات کە بەشێکی تایبەت لە ئەدەبیات لەگەڵ ئایدیۆلۆژی دژبەری خۆی ململانێ دەکا و بەشێوەی لاوەکی پێناسەی هونەری

لێدەسڕێتەوە. ئێرنێست فیشر لە کتێبی هونەر لە هەمبەر ئایدیۆلۆژیادا پێی وایە کە هونەری ڕەسەن هەمیشە لە ئاستەنگی ئایدیۆلۆژیکی سەردەمی خۆی ئەولاتر دەچێ و دەرکێ لە ڕاستیەکانمان بۆ فەراهەم دەکا کە ئایدیۆلۆژی لێمانی دەشارێتەوە.

بە ڕای من ئەم دوو هەڵوێستە بە تەواوی ساویلکانەن. لووی ئاڵتوسێر بیرمەندی فەرانسی پێوەندی نێوان هونەر و ئایدیۆلۆژی بەشێوەیەکی ناسکتر (نەک تەواوتر) گەڵاڵە دەکات. ئەو دەڵێ نابێ هونەر تا ئاستی ئایدیۆلۆژی دابەزێنین: هونەر پێوەندیەکی تایبەتی لەگەڵ ئایدیۆلۆژی هەیە. ئایدیۆلۆژی چەند فۆرمێکی گوماناوییە کە بەپێی ئەوانە مرۆڤەکان جیهانی واقعی ئەزموون دەکەن. ئەڵبەت هونەریش وەها ئەزموونێکمان ئاراستە دەکات، وادیارە هونەر زیاتر لە ژیان لە دۆخێکی تایبەت دەچێ نە شیکاری ئەقلانی ئەو دۆخە. بەمەیشەوە، هونەر لە گێڕانەوەی پەسیڤی ئەم ئەزموونە ئەولاتر دەچێت. هونەر لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیدا دەگونجێت، بەڵام هەوڵدەدات لەو دوور بکەوێتەوە و بە جێگایەک بگات کە ئەو دەرفەتەمان پێبدات تا ئایدیۆلۆژی "هەست پێبکەین" و "دەرکی بکەین"، هەمان ئایدیۆلۆژی کە هەوێنی هونەر بووە. بەمپێیە هونەر ئەو توانایەمان پێنادا تا ڕاستیەك بناسین کە ئایدیۆلۆژی لێمانی شاردۆتەوە، چونکە بە ڕای ئاڵتوسێر "ئپیستمە" بە مانای وردی وشەکە بریتیە لە دەرکی زانستی – بۆ نموونە ئەو جۆرە دەرکە لە سەرمایەداری کە سەرمایەی مارکس ئاراستەی دەکات، نە "سەردەمی دژواری" چارلز دیکێنز. جیاوازی نێوان هونەر و زانست لەمەدا نیە کە ئەم دوو چەمکە لەگەڵ بابەتی جیاواز سەروکاریان هەیە، بەڵکوو جیاوازی لەمە دایە کە یەك بابەت بەشێوەی جیاواز ڕاڤە دەکەن. زانست سەبارەت بە دۆخێکی دیاریکراو، پێناسەی عەقلانی مان پێدەدات، بەڵام هونەر ئەزمونێکمان پێدەدات کە هاوکێشی ئایدیۆلۆژییە. سەرەڕای ئەمەش، هونەر بەم کارە دەرفەتێکمان بۆ دەڕەخسێنێ تا سروشتی ئەم ئایدیۆلۆژییە ببینین و بەمجۆرە بەشێنەیی بەرەو ناسینی تەواوەتی ئایدیۆلۆژی یانی دەرکی زانستی ڕێنوێنیمان دەکات.

ئەوە کە هونەر چۆن ئەم کارە دەکات پرسێکە کە یەکێ لە هاوکارانی ئاڵتوسێر، پییەر ماشری باشتر گەڵاڵەی کردووە. ئەو لە کتێبی تیۆری ئافراندنی ئەدەبی (1966)دا لە نێوان ئەو شتەی کە خۆی بە "گومان" ناودێری دەکا و "چیروك" جیاوازی دادەنێت. گومان– واتا ئەزموونی ئایدیۆلۆژیکی ڕۆژانەی مرۆڤ– مادەیەکی سەرەتاییە کە نووسەر کەڵکی لێوەردەگرێت، بەڵام بە کارتێکردن دەیکاتە شتێکیتر و شکڵ و پێکهاتەی پێدەدات. هونەر بە پێدانی فۆرمێکی تایبەت بە ئایدیۆلۆژی و سەقامگیرکردنی لە دەڤەرێکی چیرۆکی دیاریکراودا دەتوانێ لە ئایدیۆلۆژی دوور بکەوێتەوە و بەمجۆرە ئاەستەنگەکانی ئایدیۆلۆژی ئاشکرا بکات. بە ڕای ماشری، هونەر بە وەها کارێك لە گومانی ئایدیۆلۆژیکی ڕزگارمان دەکات.

بە ڕای من هەم ڕوانگەی ئالتوسێر و هەم ڕوانگەی ماشری لە هەندێك ڕەهەندەوە ئاڵۆز و تەماوین. سەرەڕای ئەمەش پێوەندیەك کە ئەوان لە نێوان هونەر و ئایدیۆلۆژیدا گەڵاڵەی دەکەن، قووڵ و پڕمانایە. بە ڕای ئەم دوو ڕەخنەگرە، ئایدیۆلۆژی لە کۆمەڵێکی بێ شکڵی وێنە و وێناکان سەرترە. ئایدیۆلۆژی لە هەر کۆمەڵیکدا پێکهاتەیەکی تۆکمەی هەیە. بە هۆی هەبوونی ئەم تایبەتمەندیەوەیە کە ئایدیۆلۆژی دەتوانێ ببێتە بابەتی شیکاری زانستی. بۆوەی کە دەقە ئەدەبییەکان پێڕەوی ئایدیۆلۆژین کەوابوو دەکرێ وەك بابەتی وەها شرۆڤەیەك بن. ڕەخنەی ئەدەبی تێدەکۆشی تا بەرهەمی ئەدەبی بەپێی پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیکی بەرهەمەکە ڕاڤە بکات. ئەم ڕەخنەیە تێدەکۆشێ بنەمایەك بدۆزێتەوە کە هەم بەرهەم لەگەڵ ئایدیۆلۆژی پێوەند دەدا و هەم لە ئایدیۆلۆژی جیایی دەکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە هەر ئەو کارەیە کە زراڤترین ڕەخنەی مارکسیستی ئەنجامی داوە. دەسپێکی ماشری شرۆڤەکانی لێنینە لەمەڕ تۆلستۆی. سەرەڕای ئەمەش، گەیشتن بە وەها ڕەخنەیەك پێویستی بەوە هەیە کە بەرهەمی ئەدەبی وەکوو پێکهاتەی فۆرمی دەرك بکرێت.

سەرچاوە: مارکسیسم و نقد ادبی، تری ایگلتون، ا. معصوم بیگی، نشر دیگر، تهران 1383، صص

***

بابەت

# شاملو و مۆسیقا

*لە فارسیەوە: هیوا ئەمانی*

*سەرچاوە: ئینترنێت*

ئەحمەد شاملو شاعیری نوێ خوازی سەردەم، کە ئێستا چوار ساڵ بەسەر کۆچی دوایدا تێپەڕ دەبێ، مرۆڤێکی فەرهەنگی چەند لایەنە بوو. توانایی ئەو لە پەخشاندا تا ڕادەیەك بوو کە داهێنانەکانی لە شێعردا، تەنانەت بەر فراوانتر لەوە. وەرگێردراوە فارسیەکانی ئەو هەمیشە لە لوتکەدا بوو. "کتێبی کۆڵان" کار زانی ئەو لە سنووری لێکۆڵینەوەدا نیشان دەدا. لە نێوان هونەرەکانی تردا، ئەویندای شێوەکاری و زیاتر لەو مۆسیقا بوو. تا جێگایەکی کە دەتوانین بڵێین، عەشقی ئاگاهانەی بە مۆسیقا هۆکاری سەرەکی لە تواناییە شێعریەکانیەتی.

ڕەنگە ئەگەر ئەو ئەوین و زانیاریە نەبوایە "شێعری ئازادی شاملویی" بەدی نەدەهات. شاملو بۆخۆی دەیگوت: "نامەوێ تەنیا وەك شاعیر بناسرێم. یەکێك لە کارەکانم، شێعرە. "گوێدان بە مۆسیقا و قووڵ بوونەوە تێیدا یەکێك لە گرنگترین کارەکانی بوو.

ئەو حەز و ئارەزووە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مێر منداڵی ئەو. لە دراوسێیەتیماڵی ئەوان دا بنەماڵەیەکی ئەرمەنی دەژیان لەگەڵ "دوو کچی تازە پێگەیشتوو کە هەردووکیان خەریکی فێر بوونی پیانۆ بوون، کە ئاهەنگەکانیان "وەك وێنەیەك لەسەر بەرد لە مێشکی ئامادەی ئەودا مانەوە. و دواتر زانی کە "ئوتودێکانی



شوپن" بووە. ئەو ئاهەنگانە "ئەویان تەواو شەیدای مۆسیقا" کرد.

لەمەو دوا ڕێگایەکی بۆ سەربان دیتەوە و بە چەند سەعات تەسلیمی "بارینی ڕەگبارێك لە مۆسیقا" دەبوو. هەر لەو کاتەوە پێی خۆش بوو کە ئاهەنگ دانەر بێت، بەڵام فەقری مادی و فەرهەنگی بنەماڵەکەی ئەو مەجالەیان پێ نەدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا دوو ساڵ لە تەمەنی خەریکی فێر بوونی "هارمۆنی کەمپۆزیسیۆن" بوو، بۆ ئەوەی تا ڕادەیەك گوێگرێکی باشی مۆسیقا بێت.

شاملو تا کۆتایی تەمەنی پێی وابوو کە شێعرەکانی ئاکامی حەزێکی سەرکوت کراوە. "کۆڵە بارێك لە بێ هیوایی و بێ توانایی" لەسەر دڵ بوو، "بێ هیوایی سەبارەت بە مۆسیقا". "دوای ئەوە ئیتر ئاوڕی لێ

نەداوە"... "نەبووە منداڵێکی دەرس خوێن" و "شکستی هێنا"!

ئەم قسانە ئاوێنەیەك بوو کە حەز و ئاواتەکانی شاملوی لە بەرانبەر مۆسیقادا دەدرەوشاندەوە. بەڵام مەبەست لە مۆسیقا، مۆسیقایەك بوو کەمپۆزسیۆنێکی هونەرمەندانە بێ، یانی کلاسیکی خۆر ئاوایی یان بە وتەی شاملو "مۆسیقای جیهانی".




### شاملو و مۆسیقای سوننەتی ئێرانی/

شاملو بۆ مۆسیقای ئێرانی بایەخی پوشێکی دانەدەنا و دەیوت ئەو مۆسیقایە، "بە پێچەوانەی شێعر و شێوەکاری ئێرانی کە پێویستی بە پێست فرێدانە" بە قووڵی هەست پێ کردووە، "هەر وا لە بن بەستدا دانیشتووە و دڵی بە کیشانی کەمانچەیەك خۆش کردووە!"

شاملو بە ڕادەیەك مۆسیقای ئێرانی بە بێ توانا دەزانی، کە هیچ گۆڕان کاریەکی بە ڕەوا نەدەدی. لەگەڵ ئەوەدا، ئەوەی قبووڵ بوو کە هەن مۆسیقا دانەرانێك کە بە دڵسۆزیەوە دەیانەوێ –بە پێداگری لەسەر میراتە سوننەتیەکان –"بەدی هێنانێك لە ناو مرۆڤی سەردەم و بە پانتایی جیهان" وەرێ بخەن.

بەڵام هیوای بە ئاکامی کار و هەوڵی ئەوان نەبوو، لە ڕوانگەی یەکەمەوە بە هۆی دوو هۆکارەوە: "مۆنۆفۆنیك" (تاك دەنگی) بوونی قەوارەی مۆسیقای سوننەتی و "سنووردار بوونی دەنگی ئامێرە مۆسیقا سەرەکیەکانی".

ڕوانگەی شاملو بۆ مۆسیقای سوننەتی لەم بابەتەوە کە چەند سەدەیەك چەقیوە و نەیتوانیوە خۆی بە کاروانی مۆسیقای سەردەم بگەیەنێ، هەڵە نییە بەڵام لەبەر چاو نەگرتنی بایەخە زاتیەکانی ئەو مۆسیقایە کە دەتوانێ دەست مایەیەکی غەنی بۆ بەرهەمەکانی "جیهانی دەرك کردنی" هونەری بێ، قبوڵ ناکرێ.

زۆر یەك لە ولاتانی سوننەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەم وایان کرد و ئێستا خاوەنی مۆسیقایەکی پڕ بایەخن.

شاملو لە شوێنێك نا ڕاستەوخۆ باسی لەو هێزە زۆرە کردووە و وتویەتی: "مۆسیقای ئێمە بۆ دەرچوونی لەو بن بەستە پێویستی بە ڕوانگەیەك هەیە کە ئەو کۆن بوون و لە ناو چوونە لە دڵەوە هەست پێ بکات و بە لەخۆ بردوویەکی شۆڕشگێڕانە و بەرەو ڕووی ڕابووەستێ".

شاملو لە کەم بایەخ کردنی مۆسیقای سوننەتیدا جار و بار لەوەش واوەتر چووە. جارێکیان لە وت و وێژێکی دۆڵ واڕبا لەگەڵ " محەمەد ڕەزا لوتفی-دا" گشت تورەیی و ڕقی خۆی پێشکەشی مۆسیقای سوننەتی کرد": ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕۆژێك بەرەی بەدبەختی غەم و کەسەری گیانی لە سەرچاوەی کارێزێك گەیاندووە و ئێوە بە درێژایی کارێزی مێژوو ئەو جیوە خۆ گێل کردنەتان بیر بە بیر لە مێشکی نەتەوەیەك کردوە کە بۆ شۆڕشی دژی نەزانین و زوڵم و تاریکی پێویستیان بە شادی و ڕووناکی و غیرەتە".

### مۆسیقا لە شێعردا/

ئەحمەد شاملو ئەگەر چی نەیتوانیوە مۆسیقا بە یارمەتی سازێك بەدی بێنێ بەڵام بە دەست چین و لێکدانی وشەکان لە شێعردا، بە مەرامی خۆی

گەیشتووە. لە شێعری ئازادی ئەودا کە کێشی عەروزی وەلا نراوە و "کار بوردی مۆسیقایی وشەکان گرنگیەکی زیاتری پێدراوە".

جارێکیان لە ماڵی "سیمین باغچەبان" نووسەر و ئاهەنگ دانەرچەند شێعرێکی لە "نازم حیکمەت" بیستبوو لەگەڵ ئەوەی کە مانای وشە تورکیەکانی نەدەزانی، لە گەیاندنی مۆسیقای شێعر سەری سوڕ مابوو وە بەو ئاکامە گەشتبوو کە "مۆسیقای شێعر دەبێ لە ناخەوە هەڵقوڵێ" و "بە یەکەوە بوونی ئاوازی وشەکان" دەتوانێ و دەبێ جێگای "کێشی دەرەوەی" بگرێتەوە.



شاملو بینای شێعری هەر بەو شێوەیە دەدی کە یەك کەمپۆزسیۆنی مۆسیقایی "ئاهەنگێك چۆن هەڵیدەسەنگێنێ کە ڕاست لە نێوان هاژ و هوژی تۆفانێك کە ئامێرە جۆرا و جۆرەکان دروستیان کردووە، بە بەدی هێنانی بێدەنگیەکی چاوەروان نەکراو و هێنانە ناوەوەی نۆتێکی سپی فلوتێك، کەمپۆزیسیۆن دەکا بە موعجیزە"، کاری شاعیریش دەبێ هەر بەو شێوەیە بێ.

شاملو "چۆن خوێندنەوەی" شێعریشی بە چۆن بیستنی مۆسیقا دەشوبهاند: "هەر بەو شێوەیەی کە دەرك و وەرگرتنی هەرچی زیاتر و قوڵتری مۆسیقا، بێجگە لە باشتر بیستنی ئیمکانی نییە، وەرگرتنی شێعریش بێجگە لە دروست خوێندنەوەی مومکین نییە. خوێندنەوەی شێعر ئاسانتر لە بیستنی مۆسیقا نییە... گوێ دەبێ مۆسیقای ناو شێعر بە شێوەیەکی زۆر ڕەوانتر ببیسێ".

### شێعر لە مۆسیقادا/

شاملو لەگەڵ ئەوەی بایەخەکانی مۆسیقای سوننەتی وەلا ناوە و بێ هێوایی لە مۆسیقای نوێ خوازی کە بە هەوڵی بەرەی لاو و بە پشت بەستن بەو بایەخانە بەدی هاتووە، جار لەگەڵ جار لێیان نزیك بۆتەوە! ئەسفەندیار مۆنفەرێد زادە، بە دانانی مۆسیقا لەسەر دوو یان سێ دانە لە "شەوانە"کانی ئەو کە "فەرهاد مێهراد" ئەوانی خوێندۆتەوە، چەندانە ئاوازی زیندوو و هەرگیز نەمری بەرهەم هێناوە.

لە لایەکی ترەوە شاملو لە ساڵەکانی پەنجای هەتاوی تەسمیمی گرت کە لە "بەهرەی دەنگخۆشی" خۆی کەڵك وەرگرێ و لە دەنگی گەرم و بە سۆزی خۆی، نموونە گەلێکی لە شێوەی درووست خوێندنەوەی شێعر بە یادگار بەجێ بهێڵێ. ئەو نەتەنیا شێعرەکانی خۆی بەڵکوو غەزەلەکانی حافڤ و مەولەوی، و چوار خشتەکیەکانی خەیام و چەند شێعرێك لە نیما لەگەڵ مۆسیقای نوێ خوازانەی ئاهەنگ دانەرانی ئێرانیدا، خوێندۆتەوە و تۆمار کردووە.

شێعرەکانی خودی لەگەڵ مۆسیقای فەرەیدون شەهبازیان و مورتەزا حەنانە تێکەڵ بووە و غەزەلیاتی حافڤ و مەولەوی مۆسیقای "فەرهاد فەخرالدین"یان بۆ دانراوە. ئەوەش دەبێ بڵێین کە لە خوێندنەوەی چوار خشتەکیەکانی خەیامدا (هاوکات لەگەڵ مۆسیقای شەهبازیان) و دەنگی گەرمی شاملو دەنگی پڕ سۆزی کەسێکی تری هاتۆتە پاڵ: محەمەد ڕەزا شەجەریان، هونەرمەند و گۆرانی بێژی ناوداری مۆسیقای سوننەتی ئێران.!

ئەحمەد شاملو لە جێگایەکدا وتویەتی، "لە سەردەمی ئێمەدا لەو شوێنەی قسە دادەما، شێعر دەستی پێ دەکرد، هەروەها مۆسیقاش، دەکرێ وەك دیوێکی تری شێعر چاو لێبکرێ..."!

***

# "مارکسیزم و فەلسەفە"

*"ناساندنی کتێب"*
*ویبلاگی سوسیالیزم کردویە بە کوردی*

ئەکبەری مەعسوم بەیگی" کتێب گەلێکی جۆراو جۆری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی کە دوایین بەرهەمی وەرگێڕدراوی ناوبراو کتێبێکە لە نووسینی رۆشنبیری مارکسیستی بریتانیایی"ئالێکس کالینیکا" لە ژێر ناوی "مارکسیزم و فەلسەفە". کالینیکاس کتێب گەلێکی زۆری نووسیوە بەلام هەتا ئێستا نەناسراو ماوەتەوە، بەلام پێش ئەوەی کە بپەرژێینە سەر "مارکسیزم و فەلسەفە"ی ناوبراو پێویستە کە هێندێك سەبارەت بە ناوبراو قسە بکەین. "کالینیکاس"، بە پێی ناوەکەشی بێت، وا دیارە ئامریکایی یان ئینگلیسی نییە، بەلام ناوبراو شارۆمندی یۆنانە. "کالینیکاس" لە دایك بووی یونانە و پاشان بۆ خوێندن دەڕواتە مەدرەسەی ئابووری لەندەن کە مێژوویەکی سەد ساڵەی هەیە و لەم مەدرەسەدا درێژە بە خوێندن دەدات. ئەم مەدرەسە لە لایەن دوو هاوسەری سوسیالیست بە ناوەکانی "های سیدنی وێب و داتریس وێبەوە" دامەزراوە کە لە ڕاستیدا زانکۆیەکی چەپی بوو. هەڵبەت لە دەیەی 70ی زایینەوە بەو ئاڵ و گۆڕە فکریانەی کە هاتنە ئاراوە و بە سەرهەڵدانی لایەنێکی ڕاست، فکری ڕاست بەسەر زانکۆی لەندەن دا زاڵ بوو و بەم جۆرە مەودا و بۆشاییەك کەوتە نێوان ڕابردوو و ئێستای ئەم زانکۆیە و دابڕا لە سوننەت و پێشینەی خۆی.

"کالینیکاس" هاوکات کە یەکێك لە ئەندامانی بە ناوبانگی حیزبی سوسیالیستی کرێکارانی بریتانیا کە گەورەترین حیزبی سوسیالیستی لە ئینگلیس بوو لە "LSE" خەریکی دەرس خوێندن و دەرس وتنەوەش بوو. ناوبراو وەك زانا و بیرمەندی ئەم حیزبە، لە بلاوکراوەی "new international"، "نیو ئینتریاسیۆنال"یشدا کاری دەکرد. تەوەرەی ئیدە و فیکری "کالینیکاس" و لە ڕاستیدا ئەوەی کە بۆ ناوبراو جێگای سەرنجە ئەوەیە کە "تاك" یان ئینسان، بە تەنیا تیئۆری دانەڕێژێت، بەڵکوو تیئۆری و چالاکی کۆمەڵایەتی دەبێ لەگەڵ یەکدا هەڵپێکێت، کامپیلێکس و هەڵپێکراوییەك کە تێئۆری بۆ مەبەستێك بیەوێت نەك تێئۆری بۆ تێئۆری. ناو براو بۆ ئەوە لە مارکسیزم فەلسەفە، قسە دەکات کە لەم نێونەدا گرفتێك چارەسەر بکات کە ئایامارکسیزم و فەلسەفەی هەیە یان نا؟. یان ئەوەی کە ئایا دەکرێت مارکسیزم و فەلسەفەی هەبێت، لە حاڵێکدا کە خۆی بە دژی دەزگای فکریە؟ ئایا دەستەواژەی "ماتریالیسمی دیالکتیك" لە بنەمادا مانای هەیە؟ ئایا مارکسیزمیش وەها شتێکی بە ناو فەلسەفە هەیە؟ "کالینیکاس" لەم بوارەدا دەیهەوێت هەم لە بواری نەزەری و تیئۆری و هەم لە بواری عەمەلیەوە ولامی پرسیارەکان بداتەوە. کاری ناوبراو

بابەت

هەڵپێكراوی و ئامێزەیەكە لە نەزەر و عەمەل كە لە بنەڕەتدا ئەساس و بنەمای فەلسەفەی ماركس "واتە پراكسیس" پێكدێنێت. بە زمانێكی دیكە ماركس بۆ كونێش یان هیدایەتی چالاكی عەمەلی تیئۆری دروست دەكات. بەڵێ ئەگەر لە ڕوانگەی ماركسەوە بمانەوێت بۆ تێگەیشتن لە جیهان، بە دوای دنیا بینییەكدا بگەڕێین، ئەو جیهان بینیە، "پراكسیسە". بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە كە زۆر كەس لەم دنیا بینیە تەسەویرێكی دروستیان نەبێت. هێندێ كەس لە موفەسرین و لێكۆڵیارانی ماركس ئەم تێزەی ناوبراو كە تا ڕادەیەك ئامێزەیەكە لە پێوەرەكانی تێزی فۆیێرباخ، كە "فەیلەسوفەكان تەنیا بە شێوەیەك جیهانیان تەفسیر كردووە لە حاڵێكدا مەسەلە گۆڕانە" بە شێوەیەكی نا دروست لێك داوەتەوە. لە ڕوانگەی كالینیكاسەوە بەو جۆرەیە كە، چۆن دەكرێت تەفسیرێك، تەغیر و گۆڕانی تێدا بێت؟ ئەم دووشاخەگیە واتە "دایكۆتۆمیە" چۆن پاساو دەكرێت؟ لە ئەساسدا و لە ڕوانگەی "كالینیكاسەوە" ماركس لە بنەمادا لەگەڵ دوالیزم و دوو جۆر فەرز و گریمانە نەبووە. واتە لەگەڵ پێكەوە نەبوونی تەفسیر، بە تەنیا و تەغیر واتە گۆڕان، یان ئابووری بە تەنیا سیاسەت نەبووە. ماركس، لە ڕوانگەی "كالینیكاسەوە" دوو شاخەگی و پێكەوە نەبوونی تەفسیر و تەغیری قبوڵ نەبووە. هێندێ كەس دەڵێن چۆن دەكرێت پێش ئەوەی كە لە مەسەلەیەك تێبگەی، دەتوانیت بیگۆڕیت. بەڵام وا بیر دەكەمەوە كە یان تێنەگەیشتنێك لە ئارادایە یان ئەوەی كە ئەم موفەسرە ویستویەتی مەبەستێكی دیاریكراو بپێكێت. بۆ وێنە چ موفەسرێك؟ ئاغای ئەحەدی لە كتێبی "ماركس و سیاسەتی مودێرن" كە لە ئێران چاپ كراوە پێی وایە كە مەسەلەی دوو جۆر بوون و دوو شاخەگی نێوان تەفسیر و تەغیر یان گۆڕانی چارەسەر كردووە. بەڵام لە ڕاستیدا ماركس لە بنەڕەتدا باوەڕی بە دوو شاخەگی و دووالیزم نەبووە و بە دوو شاخەگی و گریمانەی دوو جۆر لە نەزەر و ڕوانگەكانی هێگلیە لاوەكان بە توندی ڕەخنەی دەگرتو ئاوڕیشی لە هیگلیە ڕاستەكان نەدەدایەوە. ڕەخنەی ماركس لە كەسانی وەك "فۆیێر باخ بوو" كە لە بنەمادا هەموو بابەتێكیان بە "هەستەوە" گرێ دەدا و دەرك و تێگەیشتنیان لە ماتریالیسم لەسەر ئەساسی "هەست" بوو. ماركس دەڵێت: هێگل لە هەر مرۆڤێك دا خودایەكی دەدی و فۆیێر باخیش لە هەر "فەلەج" و بۆشاییەكدا ئینسانی دەدی. لە حاڵێكدا ئەم دوو بۆچوونە هیچ جیاوازییەكیان لەگەڵ یەكدا نییە.



"فۆیێر باخ" هەڵگری بیری ڕوخاندن و دارمانی "مەزهەبی" بوو و هەروەها لەو باوەڕەدا بوو كە "مەزهەب" زەینی مرۆڤەكانە، و لەو باوەڕەدا نەبوو كە "مەزهەب" هەڵقوڵاوی هەل و مەرجی كۆمەڵایەتیە. بەڵام لە ڕوانگەی ماركسەوە مەزهەب لە ئاسمانەوە نەهاتووەتە خوارەوە بەڵكوو لە دەرەوەی ئەم فكرەدا هەل و مەرجێكی كۆمەڵایەتی لە ئارادایە كە هۆسازی سەرەكیەتی. بەم جۆرە دەبینین كە ماركس بە دیالیكتیكێكی هەڵپێكراو ئاماژە دەكات كە لە ڕاستیشدا لە یەك جیا ناكرێتەوە. بەڵام لە ئەساسدا فەیلەسوفەكان ئەهلی تەجرید و ئینتزاع یان جیا كردنەوەی مەسەلەكان بە شێوەی زێهنین و بۆ ئەم مەبەستەش و بۆ تێگەیشتن لە مەسەلەكان ناچاریت كە لە یەكیان جیا بكەیتەوە و پۆلێنیان بكەیت. ڕەخنەی ماركس لە فەیلەسوفەكان

ئەوەیە کە زۆرێك لە مەسەلەکان کە شێوەی "ئینتزاع" واتە جیا کردنەوەی مەسەلەکان بە شێوەی زیهنی، کە وەك دووشاخە و لە یەك جیا خۆیان دەنوێنن، لە ڕاستیدا لە یەك جیا نین، وەك فۆرم و موحتەدا یان قاڵب و ناوەڕۆك. بۆ وێنە ئەگەر پێتان بڵێم قاڵب و ناوەڕۆك، و ئێوەش بڵێن کە مەگەر "قاڵب و ناوەڕۆك "لەیەك جیا دەکرێنەوە؟ پێتان دەڵێم کە ئەم دوانە لە یەك جیا ناکرێتەوە بەڵکوو بۆ ئەوەی کە ئێمە لە قاڵب و ناوەڕۆك تێبگەین، بە شێوەی ینتزاعی یان زیهنی لە یەکیان جیا دەکەینەوە، ئەمە کارێکە کە تەنانەت لە زۆر کاری دیکەی کە ڕۆژانە لە گەڵیدا دەرگیرین بۆ گواستنەوەی مەبەستمان بۆ بەرانبەرەکانمان بۆمان دێتە ئاراوە.



لە پێشەکی کتێبی مارکسیزم و فەلسەفە دا ئاماژەم پێکردووە کە ئەگەر لە سەرەوژووری شەقامی "هایێر" تێپەر بن و بگەنە گۆرستانی تایبەت و بچنە ژوورەوە دوو دروشمتان بەر چاو دەکەوێت. یەکەم دروشمی بەناوبانگی "کرێکارانی جیهان یەکگرن"، لەگەڵ دروشمی "فەیلسوفەکان هەر یەکەو بە شێوەیەك جیهانیان تەفسیر کردووە لە حاڵێك دا مەسەلە گۆڕانە"، ئەوە بەو مانایەیە کە زێهنی مرۆڤ چ چاوەڕوانیەکی لە فەلسەفە هەیە، واتە فەلسەفەی بۆ پێك هێنانی ئاڵوگۆڕی دەوێ. لە هیچ یەك لە بەرهەمەکانی مارکس دا "دایکوتۆمی" یان دوالیزمی "ماتریالیزم- ئیدەئالیزمتان" وەبەر چاو ناکەوێت. لە ئەساسدا مارکس بە توندی لە "ماتریالیستی میکانیکی"سەدەی "18هەم" و فەیلەسوفەکانی، ڕەخنەی دەگرت. ئەو فەیلەسوفانەی کە سەرچاوەی فکریان ماتریالیستەکان یان فەیلەسوفە سەرەتایەکانی "یونان" وەك "دمتیکۆس و ئێپی کۆلس" بوو، بەم جۆرە مارکس لە ڕسالەی دوکتۆرای خۆیدا دەپەرژێتە سەر ئەم دوو کەسەو هەروەها هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ یەکدا و پاش شیکارییەك لە سەر فەلسەفەی یونان جۆرێك لە ئەسالەت بۆ خۆی بەدەست دەهێنێت و لەم بوارەدا کەمترین کاریگەری دەتوانین لە کارەکانی مارکس لە ماتریالیستەکانی سەدەی 18هەم بە دی بکەین. لەم ڕووەوە دەبینین کە مارکس باوەڕی بە "دوشاخەگی" یان "دایکۆتۆمی" نەبوو. دووشاخەگیەك کە بە شێوەی ئاسایی هیچ پێوەندیەکیان پێکەوە نەبوو، لەم بوارەشدا دەتوانین ئاماژە بە ماتریالیزم و ئیدەئالیزم بکەین. "کالینیکاس" لە کتێبەکەی خۆی دا واتە "مارکسیزم و فەلسەفە" پیشان دەدات کە بە پێچەوانەی نەزەر و ڕوانگەکانی مارکس لە پێوەند بە پێکەوەیی نەزەریە و کونێش یان تێئۆری و عەمەل یان هەمان "پراکسیس"، مارکسیزمی ڕۆژئاوایی، مارکسیزمێکی "فەیلەسوفانەی" بە تەنیا تێئۆری و بە دوور لە عەمەلە. بەڵام ئەم مەسەلەیە چۆن ڕوووی داوە؟ لە ڕاستیدا ئەگەر بمانەوێت پەیی بە ریشەی "مارکسیزمی ڕۆژئاوایی ببەین"، لەگەڵ قوتابخانەی "فرانکفۆرت" و بناغە دانەرانی ئەم قوتابخانە لە بواری فیکریەوە، واتە "جۆرج لۆکاچ و گرامشی و کورش" بەرەوروو دەبین. "پری ئەندرسۆن" لە کتێبەکەی خۆی دا لە ژێر ناوی "مارکسیزمی ڕۆژئاوایی"دا دەنوسێت کە گروپێکی فیکری لە ئوروپا پێك هات کە خۆیان بە مارکسیستی ڕۆژئاوای دەزانی. "ئەندرسۆن" لە کتێبەکەی دیکەی خۆی دا کە وتووێژێکە لەگەڵ "لۆچۆکولتی" کە فەیلەسوفێکی ئیتالیاییە لە سەر ڕەخنە لە ڕەوتێك لێکۆڵینەوە دەکەن

بابەت

کە گروپێک لەو باوەڕەدان، مارکسیزمی بێ سۆسیالیزمیش دەکرێ لە ئارا دا بێت، واتە نەزەریەو روانگەی کۆمەڵایەتی مارکسیزم کە بۆ هیدایەتی عەمەلی ڕەچاو کراو، چاو پۆشی لێبکەین و تەنیا ببینە ڕەخنە گرێک و بەس. "کالینیکاس" سەبارەت بە پێکەوەیی و ئامێزەی روانگەی ڕەخنەیی و عەمەلی مارکس دەڵێت، مارکس هاوکات کە کاریگەری لە "فویێر باخ" وەرگرتووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەساسی بیری مارکس بە پێچەوانەی فویێر باخەوەیە. پرسیار لێرەدایە کە هێگلیە لاوەکان کە فویێر باخیش بەشێکە لەوان ئەوان چی دەڵێن؟ هێگڵە لاوەکان یان چەپەکان لەو دەستە بوون کە لایەنی ئیرتجاعی و کۆنەپارێزانەی تێزەکانی "فویر باخیان" قەبوول نەدەکرد. بەتایبەت لایەنی سیاسی تێزەکانی ناوبراو، چونکە "فوێر باخ" لەم ڕووەوە دەیهەوێت لە دەوڵەتی پرۆس داکۆکی بکات و بڵێت کە دەوڵەتی پرۆس هەمان دەرکەوتەی رۆحە. شەڕی مارکس لەگەڵ لایەنی "ڕاستی" هێگلیەکان نەبوو و تەنانەت سەرنجیشی نەدەدایە ئەوان، بەڵکوو شەڕی مارکس لەگەڵ لایەنی چەپی هێگلیەکان بوو. مارکس هەڵوێستێکی نەرمتری بەرانبەر بە لایەنێک لە هێگلیەکان کە بەرانبەر بە مەزهەب و دین ڕەخنەیان بوو، دەگرت، بەڵام هاوکاتیش بە پێچەوانەی ئەوان بۆ ئەم مەسەلە هەنگاوی هەڵدەگرت. واتە مارکس بە پێچەوانەوە لەباتی بە دەستەوەدانی تەحلیل و لێکدانەوەیەکی ڕەوانی، دەستی دەدایە تەحلیلێکی کۆمەڵایەتی. هەر لەم کتێبەی "کالینیکاس"دا لێکدانەوەیەک هەیە کە تیشک دەخاتە سەر ڕەخنەکانی مارکس لە فەلسەفەی "حەقی هێگل" کە یەکێک لە سەرنج ڕاکێشترین بەشەکانی ئەم کتێبەیە. بەرەوڕوو بوونەوەی "مارکس" لەگەڵ "دین" لە چەشنی بەرەوڕوو بوونەوەی "فویر باخ" و "ئیشتێل نێز" و جۆرەکانی دیکەی لەم چەشنە نییە. بەرەوڕوو بوونەوەی مارکس لەگەڵ دین بە مانای بە دەستەوە گرتنی شمشێر بە دژی مەزهەب نییە.

مارکس دەڵێت: مەزهەب ئاهی خەڵکی بێ پەنای لە تەنگەژە کەوتووە. ڕۆحی جیهانی بێ ڕۆحە و هەوڵ دەدات لەگەڵ مەزهەب وەک ئەمرێکی کۆمەڵایەتی بجووڵێتەوە. مارکس سەرنج دەداتە ئەمری واقع بەدەر لەوەی کە ئەمری واقع دروست بێت یان نا. جیا لەم دەستە ڕوانگە ڕەخنەییانە، مارکس هەوڵ دەدات ڕەخنەیەکی ڕەخنەییانە و ئینقلابی بێنێتە ئاراوە ئەمە ئەو مەسەلەیە کە مارکس لە فۆیێر باخیەکان و هێگلیە چەپەکان جیا دەکاتەوە، چوونکە لە بنەماوە ڕەخنەی هێگلیە چەپەکان ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی نەبووە. جیا لە مارکۆزە، لە هەموو کەسانی دیکەی سەر بە قوتابخانەی فرانکفۆرت شێوازی هێلیەکان هەر یەکە و بە چەشنێک لە بەرهەمەکانیاندا زیندوو دەبێتەوە و ڕەنگدانەوەی دەبێت. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە تێزی "دیالکتیکی مەنفی ئادۆرنۆ " بکەین کە جۆرێک گەڕانەوەیە بۆ مێتۆدی هێگلیە چەپەکان. بەڵام "کالینیکاس" لە پێش چاو نەگرتنی لایەنی عەمەلی مارکسیزم چۆن تەفسیر دەکات؟ ڕوانینی بە دوو شێوە و بە جیاواز لەم ڕووەوەیە کە هێندێ کەس لەو بڕوایەدان کە هێندێ کەس شۆڕشگێڕ و هێندێ کەسی دیکەش تێئۆری زان و ئاکادمیسیەنن، ئەم ڕەخنانە بە



کالینیکاسەوە بەرتەسک نابنەوە، بەڵکوو "لۆچۆکولتی" دەڵێت کە هێندێ لەو باوەڕەدان کە دەبێ مارکسیزم و سوسیالیزم لە یەک جیا بکرێنەوە، واتە هێندێ کەس سەرەڕای ئەوەی کە دەیانەوێت خۆیان بە مارکسیست لە قەڵەم بدەن و ڕەخنەشیان لە کۆمەڵگا هەیە و بانگەشەی نەویستنی ئم کۆمەڵگا دەکەن بەلام هیچ کات بۆ گۆڕان لەم کۆمەڵگادا هەوڵ نادەن. بەلام لە ڕوانگەی کالینیکاسەوە مارکس هەم ڕەخنە گرە و هەم شۆڕشگێڕ کە خوازیاری پێکهاتنی ئاڵ و گۆڕ لە کۆمەڵگادایە. سەبارەت بە پێکهاتن و بەهێز بوونی "مارکسیزمی ڕۆژئاوایی" دەبێ بڵێین کە شەڕی یەکەمی جیهانی گەورەترین زەبری لە مۆدێرنیتە و پێشکەوتن دا، ئەو جیهانە عیلم گەرا و ماتریالیستە کوتوپڕ لەگەڵ وەحشیگریەک بەرەو ڕوو دەبێت کە زادەی زانستە و لە زانست و عیلم بۆ ئەم وەحشیگەریە کەڵک دەگیردرێت. ڕەخنەگرانی مۆدێرنیتە و بانگەشە بۆ کەرانی دروشمی ڕۆشنگەڕی، لە کاتی بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ شەڕی جیهانی وتیان، ئێمە لەو باوەڕەدا بووین کە بەرەو بەهەشت هەنگاومان دەنا بەلام لە جەهەنەمەوە سەرمان دەرهێنا، واتە لە فاشیزم و نازیسەوە. "کالینیکاس" سەبارت بە گەلاڵەی عەمەلی "مارکس" بۆ کۆمەڵگا دەڵێت کە مارکس هەر وەک ئوتوپیست و کەسانی خەیاڵی، داهاتووی کۆمەڵگای دەسنیشان نەکردووە، بەلام هاوکاتیش مارکس چۆنیەتی داهاتووی کۆمەڵگای دانەخستووە و جیا لە چەند بەشێک بە شێوەی کورت نەبێت هیچ تەسویرێک کە ناوبراو لە خەیاڵیدا بووبێت بۆ داهاتووی کۆمەڵگا دیاری نەکردووە و ئەم مەسەلەی وەک بابەتێکی کراوە هێشتووەتەوە و هەر ئەم مەسەلەش خاڵێکی پۆزەتیڤ و موسبەت لە نێو بەرهەمەکانی مارکس دایە. هەموو ئەو کەسانەی دیکە، کە داهاتوویان دیاری کردووە، لە ڕاستیدا پیشانیان داوە کە لە داهاتوو تێنەگەیشتوون و لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ پێیان بوترێت کە ئینسان مادەی شیمیای نییە و بە پێی قسەکانی مارکس داهاتوو مەسیر و ڕێگای خۆی هەیە. بەلام لەوانەیە بپرسن ئەی شۆڕشی کرێکاری چی لێدێت؟ مارکس لەم بوارەشدا دەڵێت: شۆڕشی کرێکاری بە پێی ئەسڵ و یاسایەک کە لە ئارادایە ڕوو دەدات. ئەم ئەسڵ و یاسایەش ئەوەیە کە کاتێک کە ڕەوابت و پێوەندی بەرهەم هێنان لەگەڵ هێزی بەرهەمهێنان بکەونە دژایەتییەوە شۆڕشی کریکاری ڕوودەدات., کە ئەم مەسیر و ڕێگایەش مێژوو پێمانی پیشان دەدات و پێش بینی ناکرێت.

بەو جۆرەی کە مارکس دەڵێت کە: من خەباتی چینایەتی و مەسیر و ڕێگای ئەم خەباتەم کەشف نەکردووە. لە ڕووانگەی مارکسەوە، نیروی موەلدە و پێوەندی و ڕەوابتی بەرهەمهێنان لە قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراودا بە تەبایی پێکەوە دەبن کە دژایەتی و ناتەبایی نێوان نیروی موەلدە و ڕەوابتی بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی لەنێو چوونی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی کرێکاران کە شۆڕشی کرێکاری پێدەڵێن. ئەم مەسەلەش ڕەوتێکە مێژوو هەیەتی و ئەوەی کە داهاتووی کۆمەڵگا چ شکڵ و قەوارەیەک بەخۆ دەگرێت تەنیا لەبیر کردنەوەی سوسالیستە ئوتوپیستەکان دایە، بەلام لەبیر کردنەوە ی مارکس دا ئۆتۆپیا و خەیالاوی بیر کردنەوە بەدی ناکرێت. تەنانەت ئەو کاتەش کە مارکس دەڵێت،: لە هەر کەس بە پێی ڕادەی پێویستیەکانیشی دا ئۆتۆپیا و فانتازیا نابیندرێت، چونکە هیچ شکڵ و قەوارەیەکی دیاریکراو بۆ داهاتوو بە شێوەیەکی سەپێندراو لەلایەن مارکسەوە پێشنیار ناکرێت. بۆ وێنە ئەوەی کە لە شۆڕەوی ڕوویدا سەبارەت بە کشاوەرزی ئیشتراکی واتە سیستمی کشت و کاڵی هاوبەش یان ئابووری دەوڵەتی مەسەلەیەک نەبوون کە لە زەینی مارکس دا بووبن. یان بەو جۆرەی کە لە کتێبی "دنیایەکی نوێی قەشەنگ" دا هەیە یان لە ڕۆمانی جۆرج "ئورول" و هەروەها کتێبەکەی "سێرتوماس مۆردا" دەبیندرێت کە تەسویری "ئارمانشەهر" پیشان دەدات، لە بەرهەمەکانی مارکس ا لەو چەشنە ڕوانینە خەیالاویە بۆ داهاتوو وەبەر چاو ناکەون.

***

بابەت

# ئەوەڵی مانگی گوڵانساڵ ڕۆژی لە دایك بوونی محەمەد موختاریە

ئا: فەرهاد مورادیان پور



هەر وەکوو ئەوەی، تەنیا تۆ بوویت، کە تەنانەت نەدەبوایە لەسەر مێزی وانە وتنەوەدا دابنیشیت و بڕوانیتە فەزای دامرکاوی بێدەنگی و فەرامۆشی.

محەمەد موختاری یەکێك لە شاعیران و نووسەران و وەرگێڕی پایە بەرزی ئێرانییە، ناوبراو ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە دوانزەی سەرما وەزی ساڵی 1377 لەلایەن مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە ڕفێنرا و پاشان کوژرا.

یەکی گوڵانی ساڵی 1321 محەمەد موختاری لە شاری مەشهەد چاوی بە دنیا هەڵێناوە. خوێندنی سەرەتایی و دوا ناوەندی لە شاری مەشهەد تێپەڕ کردووە. لە ساڵی 1348 چووە زانکۆی فیردەوسی کۆلێژی ئەدەبیاتی فارسی. بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کرد.

لە ساڵەکانی نێوان 1343 – 1351 کۆبەندی شێعرەکانی لە گۆڤارەکانی نگین و فردەوسیدا بڵاو کرایەوە. جگە لەمانەش لە هاوکاری کردن لەگەڵ بڵاڤۆك و گۆڤارە جۆراو جۆرەکانی تردا خاوەن ڕۆڵێکی کاریگەر بوو. وەرگێڕی واقیع گرایی و ڕیالیستی و چیرۆکی دوور و درێژی بان ئاپدایك بوو.

لە ساڵی 1351 لەگەڵ مریەمی حسەین زادە، شێوەکار، ژیانی هاو بەشیان پێکهێنا و بەرهەمی ئەو ژیانە دوو کوڕی لێکەوتەوە بە ناوەکانی سیاوەش و سۆهراب. تا ساڵی 1358 چوار کۆمەڵە شێعری بڵاو کردەوە.

ساڵی 1359 سەرپەرشتی کردنی کانوونی نووسەرانی ئێرانی لە ئەستۆ بوو تا ساڵی 1360 هاوکاری کردن لەگەڵ کتێبی جومعەدا درێژە پێدا. ساڵی 1361 کۆ کردنەوەی کۆمەڵێك شێعری بەهار و واقیعە، کە لە گیر و گرفتی ساڵی 1361 لەناو چوو.

– لە مانگی سەرما وەزی 1361 دەست بەسەر و زیندانی دەکرێت.

– ساڵی 1363 لە سەردەمی زیندانی بوونیدا، بە چاپ گەیاندنی دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی کلتووری (فەرهەنگی)، پێدا چوونەوەی ڕەخنە گرانە و ڕاست کردنەوەی کتێبی چیرۆکی سیاوەش لە شانامە، بە لابردنی ناوی محەمەد موختاری و ناو هێنانی خۆی لە پێشەکی کتێبەکەدا نەبێت. لە کارە بەر چاوەکانی بووە.

– ساڵی 1363 ماوەی زیندانی کۆتایی دێت و ئازاد دەبێت.

ساڵەکانی نێوان 1365 – 1368 پێدا چوونەوە و کۆ کردنەوەی کۆمەڵێك شێعری بە ناوی (شەقامی گەورە) کە لە سێ بەش پێك هاتووە.

بەشی ئەوەڵی شێعرەکانی لە ساڵانی نێوان 58 تا 61، زۆربەی ئەو شێعرانە لە بڵاو کراوەکانی ئەو سەردەمە بە چاپ گەیشتووە.

بەشی دووەمی شێعرەکانی لە ساڵانی نێوان61 تا 64 بەشێکی لە زیندان کاری لەسەر کردووە و بەشێکی دیکەشی جونگی شێعرە.

بەشی سێهەم: لە ساڵەکانی نێوان 65 تا 68.



ساڵەکانی نێوان 1365 – 1370 پێداچوونەوەی لەسەر کۆمەڵێك لە شێعرەکانی بە ناوی (ابر خاکستری)

ساڵی 1365 ئەندام بوونی لە کانوونی نووسەرانی گۆڤاری (دنیای سخن) بۆ ماوەی سێ ساڵ هاوکاری کردنی لەگەڵ بڵاو کراوەکانی تر.

ساڵی 1375 وەرگێڕان و بڵاو کردنەوەی ژیاننامەی ئاخماتوا

ساڵی 1376 بڵاو کردنەوەی نیما و شێعری هاو چەرخ لە کتێبی ری‌را بڵاو کردنەوە و وەرگێڕانی ژیاننامەی مایا کۆفسکی و ماندلستام و چەند بەرهەمی تر.

ساڵی 1377 ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە دوانزەی سەرماوەز لەلایەن مەئموورانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات دەرفێندرێ و بە شێوەیەکی جەنایەت کارانە دەکوژرێ.

محەمەد موختاری لە ئامادە کردن و کۆ کردنەوە و بڵاو کردنەوەی دەقی نووسراوەکەی 134 نووسەری ئێرانیدا و چالاك کردنەوەی کانونی مووسەرانی ئێران ڕۆڵێکی بەر چاوی هەبوو.

لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی 1377 ڕۆژی پێنج شەممە لەگەڵ پێنج نووسەری تر کە ئەندامی ئامادە کاری و بەڕێوەبەری مەجمەعی کانوونی نووسەرانی ئێرانن لەلایەن دادگای شۆڕشەوە بانگهێشت دەکرێن.

عەلی ئەشرەف دەروێشیان:

محەمەد موختاری لە زیندوو ڕاگرتنی کانوونی نووسەرانی ئێراندا خاوەنی ڕۆڵی بەر چاو بووە. موختاری یەکێك لە شاعران و لێکۆڵەرانی سەرکەوتووی ئێرانیە و خاوەنی چەندین کتێبی جۆرا و جۆر لە بوارەکانی شانامە و شێعر کە هەموویانی بە ئەدەبیاتی ئێران پێشکەش کردووە. خاڵی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە بەر لە ساڵی 1377 لەگەڵ دیاردەی سانسۆڕ کردنی نووسراوەکانی ڕوو بە ڕوو دەبێتەوە. تەنیا بە دوای مەرگی پڕ لە ئازاریدا بوو کە بەرهەمەکانی ئیزنی بڵاو بوونەوەی پێدرا.



ناوبراو یەکێك لە ئەندامانی چالاك و دیاری کانوونی نووسەرانی ئێران بوو. لەو پەیوەندیەدا بوو کە لە ساڵی 1370 چالاکی بەر بڵاو و بەرینی بۆ زیندوو ڕاگرتنی کانوونی نووسەرانی ئێران دەست پێکرد.

لە ساڵی 1370 کانوونی نووسەرانی ئێران لەگەڵ قۆناغێکی تازە ڕوو بە ڕوو دەبێتەوە، بە حوکمی ئەوەی لەو ساڵەدا بە بڵاو کردنەوەی نووسراوەکانی 134 لە

بابەت

نووسەرانی ئێران دۆخێکی نا لەبار و فەزای سانسۆڕ کردنی بەرهەمی نووسەران هاتە ئاراوە و دەست پێکردن و ڕچە شکاندنی ئەم کارە گەورەیە و بڵاو کردنەوەی بەرهەمی 134 نەفەر لە نووسەرانی ئێران. لە بەرپێوە بەرایەتی کانوونی نووسەرانی ئێرانەوە سەرچاوەی گرت.

لەو پەیوەندیە دا بوو کە جوڵانەوە و بزاڤێکی تازە هاتە ئاراوە.

موختاری دەیوت: ئێمە نووسەرین. شێوەی بیر کردنەوە و هاو ئاهەنگی و هاو دەنگی دەربڕین لەگەڵ 134 نەفەر لە نووسرانی ئێران، بەیانیەیەکمان لە دنیادا بڵاو کردەوە و ناڕەزایەتی خۆمان سەبارەت بەو مەسەلانە ڕاگەیاند. موختاری دوا بە دوای ئەوە بوو کە ناو بانگی دەرکرد.

فایلی محەمەد موختاری دوای دانیشتنی دادگاییەکی فەرمایشی کە ساڵی 79 بەرپێوە چوو لە کەش و هەوایەکی تەم و مژاوی و نادیاردا مایەوە.

لە دانیشتنی دادگادا کە ساڵی 1379 بەرپێوە چوو کەم و کوڕی و پاپۆشی زۆریان بۆ فایلی ناوبراو دروست کرد بە حوکمی ئەوەی هەندێ لە داننان و ئیعترافی سەعید ئیمامی لە فایلەکەدا دیار و ڕوون نەبوو. بۆ جارێکی تر ئەم دۆسییە گەڕایەوە بۆ (دیوانی عالی کیشوەر) و لە ئاکام و کۆتاییدا حوکمی سێ کەس لە فایلدارکان ڕاگەیەنرا و حوکمی فایلەکانی تر ڕەت کرایەوە.

فایلی موختاری و قوربانیانی سەرماوەزی ساڵی 1377 لە حاڵی بێ ئاکام و کۆتایی دایە. لە لایەکی دیکەشەوە لەبەر ئەوەی بنە ماڵەی قوربانیان بە



نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین لە دانیشتنی دادگا حازر نەبوون هەر جۆرە ئیمکان و دووبارە پێداچوونەوەی پێ نەدراوە لەلایەن لیژنەی پێداچوونەوە...

بنەماڵەی موختاری و قوربانیانی دیکەی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە بە واتایەکی تر ئەم جینایەتە سامناکەی سەرما وەزی ساڵی 1377 لە حاڵی حازردا لە دام و دەزگای دەوڵەتیدا بێ هیوا ماونەتەوە و سکاڵایان ئاراستەی کۆمیسیۆنی پاراستنی مافی مرۆڤ کردووە.

ئەبوولفەزلی پاشا:

محەمەد موختاری بە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی خۆی لە پێناو بەرەو پێش بردنی ئامانجی کانوونی نووسەرانی ئێران ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە. موختاری بە یەکێک لە سیما ناسراوەکان و چالاکی کانوونی نووسەرانی ئێران ناوزەد دەکرێت و لە قۆناغە جۆرا و جۆرەکاندا ئەندامی بەردەوامی کانوونی نووسەرانی ئێران بووە.

موختاری لە دەورەکانی کۆتاییدا بە یەکێک لە سەرەکیترین مۆرەکانی ئەندامانی کانوونی نووسەرانی ئێران دێتە ئەژماردن.

موختاری لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکی پێ سپێردراوی خۆی و بەرز ڕاگرتنی ئامانجی کانوونی نووسەرانی ئێران خاوەنی ورەیەکی بەرز و شور و شەوقێکی بێ سنور بوو. بە خۆڕاگری و ماندوو نەناسانە درێژە پێدەری بەرنامەکانی کانوونی نووسەرانی ئێران بووە.

لە ساڵی 72 دا بەر لەوەی کۆمەڵێک لە شێعرەکانم بڵاو بکەمەوە، هەندێ شێعرم بە موختاری دا. بە

حوکمی ئەوەی سەبر و خۆڕاگری لێ ئەبیندرا، لە دانیشتنێکی حزووریدا موختاری دەستی کرد بە ڕاڤە کردن و بەڕپسی شێعرەکان، بەڵام خاڵی سەرنج ڕاکێش لەمبارەیەوە ئەوەیە کە ڕەخنەی ڕووناکی ڕێگە و ڕێخۆشکەر بۆ درێژە پێدانی ئامانجەکانم.

فەریبۆرز رەیس دانا:

محەمەد موختاری بە یەکێك لە چالاکڤانانی کانوونی نووسەرانی ئێران دێتە ئەژمار و لە زیندوو ڕاگرتنی کانوونی نووسەرانی ئێراندا ڕۆڵی بەر چاوی بووە. سەرەڕای هەڕەشە و گوڕەشەی بەردەوام، لەلایەن ڕژێمی ئیسلامیەوە لە ڕێگەی هەڵبژێردراوی پەشیمان نەبۆتەوە و کۆڵیشی نەداوە.

کانوونی نووسەرانی ئێران تا ئێستا سێ قۆناغی بڕیوە و لە هەر قۆناغێکدا کانوون چالاکیەکان ڕاگیراوە.

کانوونی دووەم بەر لە شۆڕشی ئێران و لە دژی پاشای ئێران و لە پێناوی گۆڕان و هەناگاو نانبەرەو دیموکراسی سەرەڕای هەر جۆرە گوشار و زەبر و ڕەنگێك کە لەلایەن دام و دەزگای دەوڵەتی سەرەڕۆ پشایەتیەوە لە ئارادا بووبێت، موختاری لە کار و چالاکی بێ پسانەوە بەردەوام بوو.

کانوونی سێهەم لە ساڵی 67 و 68دا چالاکی بەردەوامی خۆی دەست پێکرد و هەڵسووڕاوان و ئەندامانی چالاك و ئەندامانی سەرەکی بۆ زیندوو ڕاگرتنی و قایم هێشتنەوەی کانوون لە ڕووی واقیع و ڕاستیەوە بە پێی بار و دۆخی ئەو سەردەمە، گرووپی شۆڕاییان دامەزراند و سەرەڕای تەواوی ئاستەنگ و تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێگە، بە بەردەوامی و ڕێك و پێکی دانیشتن و کۆبوونەوەی خۆیان بەڕێوە دەبرد، پێکهاتەی سەرەکی ئەم گرووپە بریتی بوون لە: عەلی ئەشرەف دەروێشیان، هوشەنگ گوڵشیری، د.ڕەزا براهانی، محەمەد موختاری و محەمەد جەعفەر پوویەندە و لە نێوان گرووپی دیاریکراودا، پوویەندە و موختاری بوون لەو زەمینەدا کاتێکی زۆریان بۆ کارەکان تەرخان کردبوو.




سەرەڕای ئەو هەڕەشانەی سەر ڕێگە، کانوون خەریکی کاری خۆی بوو، لە پێناو دەستەبەر کردنی ئازادی بیر و ڕا و ئازادی قەڵەم و نووسین.

کانوونی نووسەرانی ئێران لە پێناو دەستکەوتەکان و دروشمەکانیدا بەهایەکی قورس و گرانی کەوتە سەر شان و لەدەست دانی موختاری و هاو بیرانی بەشی قورسی ئەو نرخە بوون.

سیمین بێهبەهانی:

محەمەد موختاری یەکێك بوو لە ئەندامان و مۆرەی سەرەکی کانوونی نووسەرانی ئێران. بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئەو کانوونە تەنانەت ڕۆڵی دیار و بەرجەستەی هەبووە. موختاری لەو بڕوایەدا نەبوو لە هیچ کاتێکدا کانوونی نووسەرانی ئێران دەرگای داخراوە.

محەمەد موختاری دۆست و هاورێیەکی هێژا و جێگای رێز بوو. لە ساڵی 1357 دا بوو لە کانوونی نووسەرانی ئێران لەگەڵیدا دۆستایەتیم پەیدا کرد. لە دوای دۆستایەتیمان هەر کاتێك لە دەوری یەکتر کۆ دەبووینەوە، شێعر دەخوێندرایەوە. هاورێیەتی ئێمە زۆر قووڵ و بنەڕەتی بوو تەنانەت بە شێوەیەکی دوور و درێژ و هەمیشەیی. تا ئەو کاتەی کە لە ساڵی 1377دا بە مەرگی لە ناکاو و لە دەستدانی محەمەد موختاری دۆستایەتیمان کۆتایی هات.

لە ساڵانی بە لە شۆڕشی خەڵکی ئێران محەمەد موختاری لە بنیادی شانامەدا خەریکی چالاکی بوو، لە ساڵی 61 لە ئەنجامی گۆڕانێکی کە لەو بنیادەدا هاتە ئاراوە، هاو کات کاری لەو شوێنە کۆتایی هات و هەر لەو ساڵانەدا تووشی زیندان و گرتن ببووەوە.

موختاری دوای ئازادی لە زیندان خەریکی لێکۆڵینەوە و خوێندن و نووسینی شێعر و بابەتی ئەدەبی بوو.

لەو رێگەدا بە هەڵبژاردنی حوکمی ئازادی بیروڕا و بیر کردنەوەی نوێ و دەربڕینی بیر و بۆچوونی ئازاد، کە مەرگی لە ناکاوی لێکەوتەوە و کۆمەڵگای ئەدەبی ئێران بە لەدەست دانی ئەو کەسایەتیە لێهاتووە تووشی خەسارێکی گەورە هات.

لە سەردەمی داخستنی کانوونی نووسەرانی ئێران لە دەوری یەکتر کۆ دەبووینەوە و خەریکی خوێندنەوەی شێعر و داستان دەبووین و لە هەمان کاتدا موختاری بە شێوەیەکی بەردەوام و پەیتا پەیتا لە هەوڵ و کۆششی پاراستنی هەستەی سەرەکی کانوونی نووسەرانی ئێراندا بوو. بەو هیوایەی ئاستی تێگەیشتن لە وڵاتەکەماندا تا ئاستێك بچێتە سەرەوە کە جێگایەك بۆ ئەم چەشنە جەنایەتانە نەمێنێ.

بابەت



## تاشامی ئاخر

*وەرگێڕ: پەیمان*

*نزیکبەوە هەرچەندە ڕوانینت قەدەغەیە*
*زنجیرەی ڕوانین هەروا پرش و بڵاوە*
*چەشنێکی کە حەڵقەکانی تماشا*
*لێك هەڵناپێکرێ.*
*دنیا نیشانەکانمانی*
*لە حاڵ و هەوای غەفڵەتی خۆیدا دیوە و چاو پۆشی کردووە.*
*نزیکبەوە هەر چەندە ئامادە بوونت قەدەغەیە.*
*کاتی دەنگی ترس*
*ساکت مایەوە ئەوکی هەوا و*
*لەرزەیەك پەڕیە زمانەوە*
*حەنجەرەش کەوتە گومانەوە لە خەسڵەتەکانی.*
*تا ئەوەی کە شەوێك لە کووڕی بانێکەوە سەڵا یەکت*
*خورپەی کرد و ڕژایە ناخی تاریکیەوە و*
*گومبەزی بێدەنگی لە "مەعرەقی" ژانەوە دەرکەوت*
*دانە دانەان لە هەندەسەی چاوەڕوانی هاتینە دەر و*
*هەرکام و لەسەر کورسیەك یان لە ژێر ساباتێك و*
*لە سووچی مەیدانێك دا هەڵکورماین:*
*ڕوخسارێکی گرمۆڵە بوو کە خاکی لە شێوەی لۆچ و هێڵەکانی*
*ڕازاندۆتەوە و*
*ڕۆچۆتە بیری بێزارییەکی کۆنەوە*
*کە بەردەوام ئەوینی پەڕیوە تەمەنا کردووە*
*تەنیا تۆ بووی کە گوایە تەنانەت نەدەبوو لەسەر کورسیەکیش دانیشی و*
*بڕوانیتە بژوێنی بێدەنگی و بیرچوونەوەش*

مەعرەق: یەکێك لە واتاکانی زەخت و گوشارێکی کە دەبێتە هۆی ئارەق کردن.

***

# ژان لۆك گوداری شۆڕشگێر

## ئەو فیلم سازەی کە وەك هیچ کەس نیە!

*سەرچاوە: لومۆند دیپلۆماتیك*
*لەفارسیەوە: کەریم ئەمانی*

فیلمی"مێژووەکانی سینەما" یەکێك لە باشترین و بە پێزترین بەرهەمەکانی" ژان لۆك گودار " سەرەنجام لە سەر ئاڵقەی دی وی دی و لە فەڕانسە هاتە بازاڕاوە! ئەمە ئەو دەرفەتەی ڕەخساند تا جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ لای یەکێك لە مەزنترین داهێنەرانی سەردەم (کە لە نازناوی" منداڵی سەر بزێو"ی سینەمای شەپۆلی نوێی فەڕانسە بەولاترەوە دەچێت) و چاوێك بە سەر کەسایەتی و بەرهەمەکانی ئەودا بخشێنین.

***

گودار ئەو فیلم سازەیە کە سینەما بۆ ئەو جۆرێك خەبات و ڕاپەڕینە. ئەو ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە زمانی سینەمادا پێکهێنا، بە جۆرێك کە ئیتر مێژووی سینەما دابەش دەبێت بە سەر دوو قۆناغی پێش ئەو و دوای ئەو دا.

جێگا و شوێن و تایبەتمەندیەکانی" ژان لۆك گودار" جێگای سەر سوڕمانە، هەموو کەس ئەو دەناسێت بەڵام دەتوانین بڵێین هیچ کەس حەز بە دیتنی بەرهەمە نوێیەکانی ناکات. بۆ بینەری ئاسایی واتایەکە لە" سوقڕات"ی سینەما کەبە بیانووی کۆنفڕانسێکی رۆژنامەوانی یان وتووێژێکەوە چاوەڕوانی بەکار بردنی وشەو ڕستەگەلێکی جوان و لە بیر نەچۆوەی لێ دەکات، وەکوو ئەوەی کە:" سینەما بیرەوەری دروست دەکات و تەلەویزیۆن فەرامۆشی"،" ئەمە وێنەیەکی دروست نیە بەڵکوو دروست (بەگشتی) یەك وێنەیە"



یان ئەوەی کە" فەرهەنگ بونیادە (قاعدە) و هونەر جیاواز لە هەر شتێکە (استثنا)". تەنانەت دەکرێ بڵێین هەندێك جار جۆرێك باس لە کەسایەتی گودار دەکرێت کە تا ڕادەیەك لایەنی ئەفسانەیی پێ دەبەخشێت. گودار هەر ئەو کەسەیە کە لە ساڵەکانی دەیەی شەست دا داوای لە سەنعەتگەرانی کۆنفدڕاسیۆنی سەراسەری (س _ ژ _ ت) کرد تا وتوو وێژە تەلەویزیۆنییەکانی" ژنراڵ دوگل" لە گەڵ گرفت بەرەو روو بکەن و بەر بە بڵاو بوونەوەی بگرن، هەروەها لە کاتێك دا کە حکومەتی" دوگل" بڕیاری لابردنی" هانڕی لانگلوا"ی لە پۆستی مۆدیرییەتی" سینەما تاك" ئاندەر مالرۆ" (وەزیری فەرهەنگی ئەو کات)ی لە شوێنێك کە ئەو بە" فەڕانسەی ئازاد" ناوی دەبرد و لە سەر ئەو باوەڕە کە ئیتر وەزیری فەرهەنگ ئەو شوێنەی بەجێ هێشتووە، بردە ژێر پرسیار و ڕێبەرایەتی بەر هەڵست بوونەوە و خۆڕاگری لە دژی ئەو کردەوەیەی لە دەست گرت. ئەو

کەسەی کە رۆژێك لە مانگی مەی ساڵی شەست و هەشت دا وێڕای چەند کەس لە هاوکارەکانی پێشیان بە بەڕێوە چووونی فستیواڵی،"کن" گرت. ئەو کرێکارانی خەباتکاری"رودیاستا"ی فێری فیلم هەڵگرتن (فیلمبرداری) کرد تا بتوانن وەك کەرەسەیەك لە دژی نەیارەکانی خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن. وە سەرەنجام ئەو کەسەی کە رۆژێك توانی بێژەری یەکێك لە تەلەویزیۆنەکان ناچار بکات دان بەوە دا بنێت کە ئەو هیچ کات ئەو وێنە هەواڵانەی کە باسیان دەکات نابینێت، چونکە پشتی لە وێنەکان کردووە و...، سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشانە پڕشنگدارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا داوەری لەسەر گودار ئەوەیە کە مەزنترین و بە پێزترین کارەکانی ئەو، بەرهەمی ساڵەکانی شەستن، وەك (لە پێ کەتوو، سووکایەتی و پیرۆی دێوانە) و دوای ئەوە ئیتر هونەرێکی داهێنەرانەی ئەوتۆ لە بەرهەمەکانی دا بەر چاو ناکەوەێت و فیلمەکانی بێ سەرە و بەرە و ناتەواون و بینەر ماندوو دەکەن.



لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە"پابلۆ پیکاسۆ" بکرێت کە لە ساڵەکانی شەست و حەفتا دا نزیك بە هەموو کەس ئەویان وەك هونەرمەندێکی لە مۆد کەوتوو ناو دەبرد (هەندێك پێیان وا بوو ئەو دوای "گرنیکا" کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1937 ئیتر بەرهەمێکی ئەوتۆی نەخوڵقاندووە) یەکێك لە پڕشنگدارترین سەردەمەکانی مێژووی وێنەکێشانە. لە راستی دا ناسینی ئەم بلیمەتە درەنگ پێگەیشتووە نەدەکرا کارێکی کتوپڕ و ئاسان بێت، چونکە هونەری پیکاسۆ لەو سەردەمە دا تەواو بە پێچەوانەی رەوتی زاڵ بوو. یان دەکرێ ئاماژە بە دوایین "کوارتێتە"کانی بتهۆن بۆ سازی "زەهی" بکەین کە لەو سەردەمە دا زۆر کەس ئەویان بە قیژەی بنەوش یان شێتیی دەورانی پیری ناو دەبرد.

ئالن برگالا لە کتێبە نوێیەکەی خۆی دا سەبارەت بە سەردەمی ساڵەکانی شەستی گودار دەنووسێت:

دەورەیەکی پڕشنگدارە کە سینەما گەرێکی لاو بەو پەڕی بوێرییەوە، تەواوی قەرار دادە ئاسایی و سەردەمیەکانی ئەو کاتی ژێر پێ نا (قاعدە و قەرار دادەکانی پێوەندی دار بە سینەمای ناسراو بە "چۆنایەتی فەڕانسەوی" وەکوو بان دەست بوونی دیالۆگ بە سەر داستانی سینەمایی _ تەسویریی و ئەولەوییەتی هەڵبژاردنی هونەرپێشە بە پێی تەمەن _ سەحنە پەردازی) و بە تێك شکاندنی شێوەی بەیانی جێکەوتوو، تێك دان و وێران کردنی تەسویر و نمایشە وەهمییەکان و بە ناساندنی مونتاژ وەك دیاری کەرترین جەوهەری داهێنەر بوون و هەروەها جیاوازی دانان لە گەڵ شێوازی عەمەلی، کولاژ، دەستکاری کردن و کەڵك وەرگرتن لە رەوایەتەکان، سینەمای مودێرنی سەر لە نوێ داڕشتەوە. شتێکی کە تارادەیەك جێگای سەر سوڕمانە ئەوەیە کەئەم بوێری و بێ باکییە لە فۆرم دا تەنانەت زەرەیەك لە سەبکی شاعیرانەی ("سووکایەتی") و لایەنی داستانی ("پیرووی دێوانە") ناسرێتەوە: ئەو بە بێ ئەوەی کە لە خەڵوەتی فۆرمالیستی دا غەرق ببێت، سینەمایەك بەرهەم دەهێنێت کە خاوەنی جۆرێك لە رئالیسمی بان دەستە کە هاوئاهەنگییەکی تەواوی لە گەڵ سەردەمی خۆی دا هەیە، بەشە تاریکییەکانی ناو کۆمەڵگا دەدۆزێتەوە و لە قاویان دەدات:" ئەو دوو سێ شتەی لە بارەی ئەوەوە دەی زانم"، بەربەرییەتی شاراوەی ئەو ئاشکرا دەکات:" کۆتایی حەوتوو"، ئاڵوگۆڕ لە پێوەندی یاسا و رێسا رەفتاری _ ئەخلاقی یەکانی کۆمەڵگا ("نێرینە مێیینە") و یان ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی رۆژ زۆر بە وردبینیەوە دەخاتە روو. (ئەو لەفیلمی" کچە چینی"دا، راپەڕینەکەی مانگی مەی شەست و هەشت، ساڵێك بەر لە رووداوە کە پێش بینی دەکات). سینەمای گودار، سینەمایەکە کە لە گەڵ نوێترین پێشکەوتن لە بوارە جۆراو جۆرەکانی هونەریش دا دێتەوە (هەندێك لە فیلمەکانی گودار کە

پێوەندیان بەم سەردەمەوە هەیە وەك گرینگترین برهەمەکانی"پاپ ئێرت" ناو دەبردرێن.)

ئەگەر گودار لە دوای سالی 1968 دا پێوەندییەکانی خۆی لە گەڵ سەرجەم لایەنەکانی نیزام دەپچڕێنێ، بە هیچ شێوەیەك بەو مانایە نیە کە عەمەلکردە دوو لایەنەکانی داهێنان واتا نەوئاوەری و دۆزینەوە، کە بە بۆچوونی ئەو تایبەت بە سینەمایە، وەلا دەنێت (بە گشتی رۆڵی سینەما بۆ ئەو، بە واتای بەرجەستە کردنەوەی ئەو شتانەیە کە هیچ کات ناخرێتە بەر چاو) بەڵکوو بە تایبەت ئەو لەو سەردەمە بەو لاوە کەمترین هاو دەستی و هاوکاری خۆی لە گەڵ" دنیای شانۆیی" رەد دەکاتەوە. وە سەرەتای" خەباتکاری" ساڵەکانی حەفتای ئەو (کە بێگمان بە نارەوا و نا عادلانە کەوتۆتە بەر رەخنە) هەر لێرەوە دەست پێ دەکات: چونکە تەنانەت ئەگەر هەندێك لە فیلمەکانی ئەو لەو سەردەمەدا بە هۆی لایەنی ئەخلاقی و بەری بوون لە درۆ و تۆمەتی نارەوا، بە واتایەکی تر جۆرێك لە" مورتازانە" بوونیانەوە بینەر لە خۆی دوور دەخاتەوە و وشکی پەیامی فیلمەکان وەکوو شتێکی کۆن دێنە بەر چاو: بەڵام گودار، بەو پەڕی پێداگرییەوە، درێژە بە ئیدە و باوەڕی ئەسڵی خۆی دەدات: (دەبێ فیلمی" لێرە ولەوێ"سەر لە نوێ چاوی لێ بکرێتەوە) واتا ناکرێ لە دژی نەزمی سەردەم خەبات بکرێت بە بێ ئەوەی کە جۆرەکانی سەر لە نوێ نیشان دانەوەی ئەو و" تێروانینێك لە جیهان" کە بە وەسیلەی ئەم شێوازە نمایش کردنانە دابین دەکرێن و دەپارێزرێن لە بەریەك هەڵبوەشێنەوە. دەورەی "ئەزمونی" نیوەی دووهەمی ساڵەکانی حەفتا، دەورەی دیتنەوەی تکنیکە نوێیەکانە (بە تایبەت ئەو تکنیکانەی کە پێوەندییان بە ویدئۆوە هەیە) و هەروەها سەردەمی ئەو پرسیارە سەبوور و سەر سەختانەیە کە ئەگەر بتوانرێت وێنەکان لەو رەمزە دەنگ و رەنگیانەی کە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر ئێمە دا دەسەپێندرێن رزگار بکرێن، چ شتێك بە روونی و ئاشکرا دەخەنە بەر چاو؟ گودار لە تاقیگاکەی خۆی دا سەر سەختانە لە سەر ئەوە پێدا گری دەکات کە "لە خۆ بێگانە بوون" (ئەلیناسیۆن) تەنیا بە هۆی ئیدئۆلۆژییەوە نیە بەڵکوو لە رووی سازگاری و پەیڕەوی کردن لەو وەرگرتنانەشە کە بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین بە سەرماندا دەسەپێنن (لە ئاکام دا تەلەویزیۆن بە دوشمنی سەرەکی تەبدیل دەبێت). کاتێك کە گودار لە سەرەتای ساڵەکانی هەشتا دا بە رواڵەت بەرەو نیزامی سەردەم دەگەڕێتەوە، ئیتر کاتی خۆش بینی سەرکەوتوانە نیە بەڵکوو زۆرتر ئامادە کردنی ئیستراتیژییەکی خۆراگرییە لە بەرانبەر سەرکەوتنی ئەو نیزامە نمایشیەی کە هەوڵ دەدات تا بە جێگای واقعییەتەکان وێنە کۆنترۆڵ کراو و دەستکاری کراوەکانی ئەو بە ئێمە نیشان بدات، فیلم گەلێکی بەرهەڵست کار کە لێواولێون لە هونەرنمایی و نەوئاوەری وەك "هەر کەس بتوانێ (ژیانی) خۆی رزگار دەکات" یان "پاسیۆن"، "ناوی چکۆلەی: کارمن "کەوا بە نەزەر دەگات لە غەرق بوون رزگاری بووە و لە جیهانێك دابڕاوە کە لەو دا، بە قەولی "سەرژدانە" (رەخنەگری سینەما)" وێنەکان بە تەواوەتی لە جیهەت و لە ئوردوگای تەبلیغات واتا لە پاڵ "دەسەڵات" دا قەراریان گرتووە. بۆ گودار خۆڕاگری یانی پاراستنی چاوەڕوانییەکانی "هونەر"ی سینەما لە بەرانبەر ئەو جیهانەی کە دەیان سڕێتەوە. یانی کەم کردنەوەی دەور و نەخشی داستان، بە رێژەیەکی زۆر، بەدی هێنانی خێرایی گەلێکی نوێ و گرد و کۆ کردنی فیلم لەسەر ئەساسی ئولگوو یان "فۆڕمێکی گشتی" (بە میعماری تەرحە تەسویرییەکان، یاریی رەنگدانەوەکان لەگەڵ مەودا، کۆنتراست، ریتم و ناهاوئاهەنگی) دانانی سینەما لە بەرانبەر هونەرە ئەسڵییەکان (لە لۆگرکۆوە بگرە هەتا ئوژن دلاکراو و بتهۆن) و نیشان دانی وەك "هونەری دروست کردنی موسیقایە بە کەڵك وەرگرتن لە وێنە کێشان".

هەندێك دواتر و لە درێژە دا گودار تەنانەت شتە پیرۆزەکانیش دەباتنە ژێر پرسیار، وەك ئەوەی کە دەبێت بە سەر مەسەلەی عالەمی غەیب دا کە لە لایەن ئائینەکانەوە هەمیشە وەك رازێك هێشتراوەتەوە، زاڵ ببێت. مەسەلەی رۆح: "مریەمی پیرۆز من سڵاوت لێ دەکەم" رۆژی حەشر: "شەپۆلی نوێ"، "تەناسوخ"

فیلم و سینەما

واتادەرچوونی ڕۆح لە جەستەیەك و چوونە ناو جەستەیەکی دیکەوە: "حەیف بۆ من" (لە نێوان ئەفسانەی ئامفیترون). ئەو وشانەی کە باندی دەنگ دادەپۆشن، دەکرێ لە "ئانتوان ئارتۆر" و یان "هرمان بروخ" ەوە سەر چاوەیان گرتبێت. (مەرگی ویرژیل) و هەروەها لە " ویلیام فالکنر" (ئابسالۆن ئابسالۆن) و یان دەکرێ بە شێوەیەکی مەنتقی نووسراوە گەلێك بن کە سینەما دەخەنە ژێر پرسیارەوە، واتا مەتنگەلێکی سەر بەو بەرهەمانەی کە بە هیچ شێوەیەك بۆ بە فیلم دەرهاتن گونجاو نین.



سینەمای گودار لەم سالانەدا بەڕادەیەکی بەرچاو دووچاری "ناکۆکی" تەناقوز" هاتووە، هەم بە شێوەیەکی گشتی نوێ و نەو ئاوەرن و(وەك ئەوەی کە دەبێت واقعییەتەکان بەر لەوەی کە وشەکان دەستیان بە سەر دابگرن بکرێن بە فیلم، بە جۆرێك کە دەڵێیی هەر جارە و جاری ئەوەڵە) هەم پڕن لە بیرەوەری (هونەری سینەما لە گەڵ _ کۆمەڵێك دەنگ و ڕەنگی بە سەر یەك دا هەڵڕژاوی کە دەبێت کاریان لە سەر بکرێت حەرەکەت دەکات.) وە ئەمە کارێکی عەزیمە کە گودار لە ساڵەکانی 90 دا لە دەستی گرت و سەرەنجام بەرهەمێکی کەم وێنە و تەنانەت یەکێك لە شاهکارەکانی سەدەی بیستەم،" مێژووەکانی سینەمای لێ کەوتەوە.

داستانی خەیاڵی لەلای گودار، هەمیشە تیکەڵاو بوو لە گەڵ جۆرێك ئەندێشەو بیرکردنەوە سەبارەت بە سینەما کە هەندێك جار تەوەرەی ئەسڵی فیلمەکەی پێك دەهێنا (سووکایەتی، پاسیۆن). لەمە بەو لاوە، سینەما گەر سوور دەبێت لە سەر ئەوەی کە جۆرێك لە سینەمای (ژانر) بەدی بێنێت کە لە بواری ئەدەبیات دا ناسراو بوو بەڵام سینەما تا ئەوکات ئەوەی لە لیستی خۆی دەرهاویشتبوو، وە ئەم وردبینی و دوور ئەندێشییە پڕشنگ دارە سەبارەت بە سینەما لە هەیئەتی وێنا لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. (دوور ئەندێشی سەبارەت بە سینەما و پێوەندی سینەما لە گەڵ مێژوو) کە گودار بۆ یەکەم جار بە کەڵك وەرگرتن لە ڕەوشی هیگلی دەگاتە جۆرێك لە" خۆناسی" بە مەرجێك کە ئەم مەسەلەیە ئاوا راست بکەینەوە کە بۆ گودار ئەمە نە بە مانای شکڵ پێدان بە فکرێکی لە پێشدا ئامادەکراو و نە" بیرکردنەوەیە سەبارەت بە وێنە" بەڵکوو بیر کردنەوەیە لە گەڵ وێنە و لە پشتەوەی ئەو، تا لە ناو ناخی ئەم وێنانەدا شایەتی ڕەگاژۆی هەزر و ئەندێشە بین، بەم تایبەتمەندییەوە کە وێنەکان ڕەوتێکی کورت کەرەوەیان هەیە کە کاتی سەرە مەرگ بە ئوستورە دەسپێرن و ئێمە لەو دا سەرجەم وێنە بە ژیانبووەکان بە شێوەیەکی خێرا دەور دەکەینەوە: وا هەست دەکرێت کە لە نەبوونی گوداردا، ئەو ساتەوەختە هەموو شتێك وەك خودی هونەری سینەما لە حاڵی مردن دایە کە ئەم حەرەکەتە غەیرە ئیرادەیە، نموونە لێ هەڵگیراو، لێك هەڵپێکراو و بەرجەستە کراوە دەخولقێنێ. کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی سینەما لە گەڵ شانازی و سەرکەوتنەکانی (لە هیچکاك وەك مەزنترین داهێنەری فۆرم لە سەدەی بیستەم یاد دەکرێت) و هەروەها بەرەورووبوونەوە لە گەڵ شکستەکانی (کە وێنەی لە

ئۆردوگاکانی مەرگ هەڵنەگرت و هەر ئەمەش لاپەڕەیەکی رەشی لە مێژووی ژیانی ئەودا تۆمار کرد: "لە بیرکردنی نەسل کوژی خۆی بەشێکە لە نەسل کوژی".)

دوایین خەباتکار بۆ هونەر:

هەزاران هێما ونیشانە کە سەرجەم پێوەندیان هەیە بە مێژووی سینەما بە گشتی (لەوانە فیلمەکانی خودی گودار) و هەروەها دەرکەوتەیەکن لە رەسمە واقعی و تەسویرە وێنە نەکێشراوەکان (کە بە قەولی سینەماگەر ئەمانە رەقیبی سەرەکی سینەمان)، لێك دەئاڵێن، لێك دەخشێن، قسە دەکەن ، وێك دەکەون، سورعەت دەگرن، لێك دادەبڕێن و سەرلەنوێ تێکەڵاو دەبنەوە تا باشتر بتوانین لەوە بکۆڵینەوە کە سینەما چۆن مێژووی سەرلەنوێ نیشان داوەتەوە و بە چ شێوەیەك دەخالەتی تێدا کردووە و سەرەنجام چۆن توانیویە پلەی بەرزی هونەرێکی تەواو عەیار بە دەست بهێنێت ودواتر لە دەستی بدات.

مەرگی سینەما؟ ئایا ئەمە تەنیا وەهم و خەیاڵاتی گودارە؟ یان دەبێت ئەم گریمانەیەن بە شتێکی جیددی بگرین؟

ئەگەر چاوێك لە رابردوو بکەین دەبینین کە سینەمایەکی پڕشنگ دار لە ئیتالیا، (لە نێوان ساڵەکانی 1945 و 1975) سینەمایەکی بێ وێنە لە چەکسلواکی و لەهستان (لە ساڵەکانی 60) و هەروەها سینەمایەکی گەلێك سەرنج راکێش لە ئەڵمان (لە ساڵەکانی 70) دا بوونیان هەبووە، کە لە سەرجەمی ئەوانە، ئەمڕۆکە بە کردەوە هیچ شوێنەوارێك بەجێ نەماوە، رەنگە کاتی ئەوە گەیشتبێت کە لە خۆمان بپرسین بۆچی؟ فەڕانسە لەوەی کە لە ساڵ دا دووسەد فیلم بەرهەم دەهێنێت خۆشحاڵە، ئایا ئەو واتایەی کە "گەورە داهێنەرانی سینەمایی" وەك ئایزنشتاین، درایر، بۆنۆئێل، ڕنوار، میزوگووشی" ولز، هیچکاك و پازولینی بۆی قایل بوون؟ ئایا ئیتر ناوی سینەما بە شێوەیەکی ساختەچی و درۆینە، بۆ تەواوی ئەو بەرهەمە دەنگی و رەنگیانە بەکار نابردرێت کە لە راستی دا کۆمەڵێك فیلمی تەلەویزیۆنین کە لە لایەن کاناڵە جۆراو جۆرەکانی فەڕانسە بۆ ئەوان و هەروەها بە پێی معیارەکانی ئەوان بەرهەم دێن؟ وە ئەوەی کە بەردەوامن لە سەر ناساندنی ئەوان وەك سینەما بە شێوەیەکی درۆینە و ریاکارانە و نیشان دانیان لە ساڵۆنەکانی سینەمادا، ئایا بەر لە هەر شتێك بە مەبەستی کەڵك وەرگرتن لە یارانە _ دەوڵەتێکان بە قازانجی ئەو کاناڵە تەلەوێزیۆنانە نیە، کە خوازیاری ئەو چەشنە فیلمانەن؟ سەردەمێك، جۆرێك هونەر بوونی هەبوو کە بە شێوەیەکی گشتی توانی وەکوو تەواوی هونەرەکان زمانێکی تایبەت، دەوڵەمەند و فرە چەشنە پەرە پێبدات و جوانی و ئستتیکێکی تایبەت بخوڵقێنێ و ئاستی زانست و وشیاریمان سەبارەت بە جیهان بەرز بکاتەوە، بەلام لەو رووەوە کە سینەما پتر لە هەر کاتێك بۆتە کالایەك وەك هەر کالایەکی تر، وا دێتە بەرچاو کە هەموو شتێك لە حاڵی بەهەدەر چوون دایە.

گودار دوایین خەباتکاری بوێر و خۆڕاگری بواری هونەرە کە مەنتقی لیبرالیسمی (ئابووری) دەیهەوێت مەحکوم بە بێدەنگی بکات، بەلام ئەو یەکێکە لەو بە دەگمەن داهێنەرانەی کە بەرانبەر بەم تەوژمە دەوەستێتەوە و تەسلیم نابێت.

دوایین سەر بزێویی ئەو "چیدمانێکە" کە ساڵی 2006 لە ناوەندی ژۆرژپمپیدۆ هێنایە سەر شانۆ کە لەو دا بە شێوەیەکی گشتی پەرەی دا بە قەیرانی ئەم ناوەندە و هەولی دا جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوان فەرهەنگ و هونەر، قاعدە و جیاواز بوون (استثنا) بسەلمێنێت. ئاکامی ئەم کارە، "وێرانە شانۆیەك" بوو کە ئەو سەرەڕای هەر گیر و گرفتێك توانی بە کەڵك وەرگرتن لە شێوازی تایبەتی خۆی لە رێکخستن و سازمان دانی جۆرێك ئاڵۆزی، بەرهەمێك بخوڵقێنێت کە لە سەرجەمی ئەو "چیدمانانەی" کە پێشتر لەو موزەخانەیە دا نمایش درابوون چەندین پلە بەرزتر بێت.

گودار دەڵێ: هونەر ئەو شتەیە کە ئیزنمان پێ دەدات تا ئاوڕێك لە دواوەی خۆمان بدەینەوە و "سدۆم" و "گومۆر" ببینین بە بێ ئەوەی کە مردبێتین.

***

# ڕەنگی زەعفەران، خرۆشانی نەسڵێك

فیلم و سینەما

*و: بێستون*

زۆربەی خەڵك جۆرێك بیر دەكەنەوە كە وڵاتی هێند لە ڕێگای گرتنەبەری شێوازی هێمنانە و ئاشتیخوازانەی گاندییەوە لە دەست ئیستعماری ئینگلیس رزگاری بوو. لە كاتێكدا راستییەكە شتێكی ترە. بێگومان رێبازی گاندی سەرپێچیكاری مەدەنی و سازشكاری كردن لەگەڵ ئیستعماری كۆن بوو. بەلام خەباتی خەڵكی هیندوستان لایەنی جۆراوجۆری هەبوو. چەندین بەشی رادیكاڵتری بزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازیی هیند بوو كە ئاسۆ و روانگەكانیان و شێوەازەكانیان بە تەواوی لە نەیاری گاندیدا بووە و رۆڵێكی بەرچاوی لە خەباتی ئەو سەردەمەی هیند گێڕا.

یەكێك لە نوێنگە سەرەكییەكانی ئەو بەشە لە خەباتی خەڵكی هێند لاوێك بوو ناوی "باگات سینگ".

با گات سینگ كە یەكێك لە ڕابەرانی رێكخراوێكی كۆماریخوازی سوسیالیستی هێندوستانی لە دەیەی 20ی میلادی دا بوو. ئاواتی شۆرشگێرانە و باوەری دژە ئایینی ئەندامانی ئەم رێكخراوە بە تەواوی لەگەڵ عیرفانی مەزهەبی و شێوەی ئاشتیخوازانەی كە لە لایەن گاندی و حیزبی كۆنگرەی ئەو كاتەوە باس دەكرا، جیاوازی هەبوو.

كاتێك لە مارسی 1931 باگات سینگ و هاورێكانی بە دروشمی بژی شۆرش لە دار دران، بە میلیون خەڵكی هێند نارازی بوون و بێزاری خۆیان دەربڕی.

باگات سینگ و هاورێكانی، رێبەرانی رادیكاڵترین خەباتی خەڵكی هێندوستان لە دژی داگیركاری ئینگلیس بوون. خەباتێك كە بەژاری مەزهەب ئالودە نەبوو، توانی خەڵكانێكی بە بیرو باوەڕ جیاواز لە پێناو ئامانجێكدا، یەكگرتوو بكات و چونكە لە گرتنەبەری شێوازی خەباتگێرانە سڵی نەدەكرد، رادیكاڵترین خەباتی لە دژی داگیركارن رێكخست. ئەوە بەشێك لە خەباتی خەڵكی هێندوستان بوو لە دژی ئیستعمار كە نیشانەی لە بناغەكانی ئەو نیزامە گرتبوو، هێزوتوانا و خێراییەكی زیاتری بە خەبات و موبارزە بەخشی و بەراستی بوو بە هۆی ترس و نیگەرانی دامەزرێنەرانی ئەو سیستمە. هەر بۆیە ئینگلیسییەكان تەنیا بە گرتنەبەری زەبر و زەنگ رانەوەستان و لەگەڵ گاندی ونەهرۆ و سەرجەم رێبەرانی سازشكاری موبارزە، كەوتنە سات و سەودا بۆ ئەوەی دڵنیان كە تەنیا چوونە دەری دەوڵەتی ئیستعمارگەر كۆتایی كاریان نیە.

لە ڕاستیدا پاش چوونە دەری ئیستعمار، ستەم و چەوسانەوەی خەڵكی هێند و بەستراوەیی وڵات بە ئیپریالیزم لە ژێر رێبەری حیزبی كۆنگرە و دەوڵەتی نوێ، درێژەی كێشا. گاندیان وەك پاڵەوانی خەبات لە دژی ئینگلیس ناساند و باسێك لە باگات سینگ نەكرا.

بەڵام ئەوەی لە مێژووی سەركەوتوەكاندا نەنووسرا، لە مێژووی خەڵكدا درێژەی بەژیاندا و لە حەفتایەمین

سالۆوەگەری مردنی باگات سینگ و لە فیلمی "در حماسەی با گات سینگ"دا نیشاندرا. فیلمێك كە لە ساڵی 2002 بە دەرهێنەریی "راج كومار سانتوش " بە موسیقای ئا، ئار، رەحمان و رۆڵی بە هێزی "ئاجەی دوگان" دروستكرا و نیشاندرا، فیلمێك جوان و دڵگر و راچڵیەكێنەر لە جەربەزەیی رێبەرانێك نیشاندەری پێشرەوترین خەباتی خەڵكانێك بۆ رزگار بوون. هەرچەند فیلم كە زۆر هونەرمەندانە دروستكراوە و بەراستی بە مێژوو وەفادارە، بەڵام پێشوازی بێ وێنەی خەڵك روویەكی راستەقینەی رێز لە خەباتگێران و رۆڵی هونەرێك كە لە خزمەت خەڵكیدا دەردەخات و مێژووش لە بەرچاوی خەڵك ون ناكرێت.

باگات سینگ و هاورێكانی بۆ رزگاری لە ستەم، راپەریبوون، ئاوات و ئارەزوویەك كە ئەمرۆكانە بە زۆر بوونی هەژاری و نابەرابەری لە دڵی نەسڵی نوێدا كلپەدەكات. زەعفەران، فیلمێكی نوێ كە سەرنجی خەڵكانێكی زۆر لە دونیادا بەرەو لاوانی ئەمرۆی هیند رادەكێشێ، كە باگات سینگ بۆ ئەوان نەتەنیا نوێنگەیەك و هێمایەك لە رابردوو بەڵكوو داهاتوویەكی مسۆگەرە. فیلمێك كە هەوڵ دەدات خەباتی لاوانی سەردەمی ئیستعمار لەگەڵ خەباتی لاوانی سەردەمی جیهانی بوون گرێ بدات.

ئەم بابەتە سەبارەت بە فلیمێكە لە بەرهەم هاتووی نوێی بالیوود كە لە بواری ناوەرۆكی سیاسی و كێشانەوەی وێنەی سینەمایی، تایبەتییە، ئاوێتە بە موسیقایەكی حەماسی لە ئا. ئار. رەحمان. فلیمێك كە رووی قسەی لە لاوانی ئەمرۆیە. بەسەرهاتی فیلم، سەبارەت بە دەستەیەك لە خوێندكارانە كە ژیانی خۆیان تەنیا لە پێناو رابواردن و خۆش رابواردندا تێپەر دەكەن. لاوانێك كە روانگە و بۆچوون و ژیانیان بە هاتنی ئالیس پاتێن كە فیلم سازێكی لاوی ئینگلیسییە، ئالوگۆری بەسەرداد‌ێ و هەر بۆیە فیلمەكەش بە ناوی رەنگی زەعفەران، خرۆشانی نەسڵێك ناودێر كراوە.

ئالیس پاتێن "سوو" بەبێ هیچ پشتیوانەیەك لە لایەن كۆمپانیای فیلمەكەیەوە كە پێداگر بوون لە سەر ئەوەی كە فیلمێك لە گاندی دروست بكات، دەچێتە هێند، بەڵام سەرباری هەموو ئەو مەسەلانە بریار دەدات سەبارەت بە شۆرشگێرانێك كە لە سەردەمی بەر لە سەربەخۆیی هێند واتە دەیەی 20و 30 كە لە لایەن باگات سینگەوە رێبەری دەكران، فیلم دروست بكات سەردێری كارەكەی ناوی ئاواتی نوێیە و "سو" ئەم خوێندكارانەی هۆگریان بە رابواردن هەیە بۆ نواندی رۆڵ لە فیلمەكەیدا بە ناوی شۆرشگێران هەڵدەبژێرێ. دواتر كەسێكی تر بە ناوی "لاكێش مەن"یش كە هێندییەكی دەمارگرژ و هەڵسووراوێكی حیزبی ناسیونالیستی هێندییە، بە گروپەكەوە پەیوەست دەكات. ئەوان كاتی كار و لەرۆڵی شۆرشگێراندا، زۆرتر لەگەڵ بابەتی فیلمەكە ئاشنا دەبن.

رێك لەو سەردەمەدا، یەكێك لە هاورێیانی نزیكیان بە ناوی "ئاجای" كە خەلەبانی هێزیی ئاسمانی هێندە، لە رووداوی كەوتنەخوارەوەی تەیارەكەی دەكوژرێ. باسەكە بەم جۆرە ئاشكرا دەبێت كە دەوڵەتی هێند لە رێگای سەرمایەدارانەوە لە بەشی كاروباری بازرگانی خارجی، بۆ فرۆكەكانیان پێداویستی و كەل و پەلی كۆنە و هەرزان دەكرن هەتا لەم رێگایەوە، وەزیرەكان بە ماڵ و سامانێك بگەن. ئاجای لە كاتی كەوتنەخوارەوەی فرۆكەكەی لە هاتنە دەری تایبەتی لە تەیارەكەی خۆی دەپارێزی هەتا لە بەرنەكەوتنی تەیارەكە بە شارێكدا دڵنیا بێت و ئازایانە گیان لە دەست دەدات. دەوڵەت هەوڵ دەدات كە هۆكاری سەرەكی كەوتنەخوارەوەی فرۆكەكە بشارێتەوە و رادەگەیەنێ كە هۆكاری ئەو، سەرلێ شێواوی و كەم ئەزموونی ئاجای بوە. هەر بەم هۆیە هاورێ تورە و بێزارەكانی ئاجای بە رێبەری دی. جی كە رۆڵی "ئازاد" دەگێرێ، بریار دەدەن كە رێكخستنی نارەزایەتییەكی هێمنانە، ئەم جۆرە درۆیانە لەقاو بدەن. كە پۆلیس بە توندوتیژی نارەزایەتیەكەیان تێك دەشكێنێ و دەبێتە هۆی ئەوەی دایكی ئاجای بە هۆی لێدان تووشی كۆما دەبێت. پاش ئەوەیكە ئەم هاورێیانەی بە شێوەیەكی راستەقینە رۆڵی باگات سینگ و هاوسەنگەرانی دەگێرن و بریاردەدن هەتا خۆیان، سەبارەت بە ئاجای و دایكی، دادپەروەی دابمەرزێنن.

لە فیلمەکەدا شاهیدی گەلێك دیمەنی تایبەتی دبین، کاتێك کە دیمەنەکانی دەوڵەتی موستەعمەرەی ئینگلیسی لە هێند لە پەنا دیمەنەکانی دەوڵەتی مۆدێرنی هێندی ئەمرۆ نیشان دەدرێ، هەتا دەربڕی ئەم راستییە بێ کە لە ئاکامدا و بە شێوەیەکی راستەقینە جیاوازی لە نێوان خەفەقانی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی موستەعمەرەی ئینگلیس لە هێند و خەفەقانی ژێر کۆنترۆڵی دەسەلاتدارانی ئەمرۆیی نابیندرێ. فیلم لە نیشان دانی توندوتیژی سەپێندراوی هێزە بێ بەزەییەکانی ئەمنیەتی هێند سەبارەت بەو لاوانەی کە بانگەوازی ئاخێزی جەماوەری لە هێند دەکەن، بە لوتکە دەگات. بە تەواوی ئاشکرایە کە ئەم فیلمە، فیلمێکی رۆمانتیکی بالیوودی یان فیلمێکی ئاکشێنی واتە شەڕ و شۆڕنیە و تەنانەت لەو فیلمەدا توندوتیژی خەباتگێران بە ئانقەست و لە جێگای خۆیدا نیشاندەدرێ بۆ ئەوەی بینەرانی خۆی تووشی بیر کردنەوە و ناکۆکی بکات و جۆرێك بنوێنێ کە سەبارەت بە چۆنیەتی گۆڕانکاری کۆمەڵگا، بیر بکەنەوە.

دەرهێنەری فیلمەکە "راکێش ئومپراکاس مێهرا" دەڵێ لە ژیاندا دوو هەڵبژاردن هەیە یەکەم یان هەر بەو جۆرەی کە هەلومەرج لە ئارادایە قەبووڵی بکەین یان دووهەم لە پێناو گۆرانکاری هەلومەرجدا بەرپرسیارێکی لە ئەستۆ بگرین. کە ئەم فیلمە باس لە گۆڕانی هەلومەرج دەکات. بێگومان فیلمەکە بە دەنگێکی رووك و راست دەڵێ کە خەڵك دەبێ تەکان بدەن هەتا گۆرانکاری پێك بێ.

فیلمەکە توندوتیژی، گەندەڵی و کلۆری دام و دەزگای هێند نیشان دەدات و بانگەواز بۆ ئاخێز دەکات. داستانی فیلمەکە بە روونی نیشانی دەدات کە ئەوە خەڵکن دەبێ کاروبار بە دەستەوە بگرن. چونکە دەوڵەت هچ خزمەتێك بە خەڵك ناکات و لە بەرژەوەندی ئەواندانیە و تەنیا لە پێناو دابین کردنی بەرژەوەندی کەسانێکدا کە بە شێوەیەکی سەرکەشانە کۆمەڵگا کۆنترۆڵ دەکەن.

هەرچەند سانسۆرێك بۆ ئەم فیلمە نەهاتە ئاراوە بەلام کۆمەڵێك باسی سەبارەت بە بلاوبوونەوەیان بلاو نەبوونەوەی بەشێك لە فیلمەکانی بالیوودی لە کاناڵەکانی دەوڵەتیدا هەڵخڕاند و ئەو باسانەش هەر درێژەیان هەیە. بۆ وێنە ئەو مەسەلە بۆ فیلمی ئۆسوادۆز واتە ئێمەی خەڵکیش هاتە گۆرێ. زاڵ بوونی فیلمی ئۆسوادوز بەسەر فیلمی باستانی لەوەدا بوو کە لە فیلمی ئۆسوادوزدا ئەوە خەڵکن کە پێکەوە هاوکاری دەکەن بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەك لە هەلومەرجی خۆیاندا پێك بێنن، لە حاڵێکدا لە فیلمی باستانیدا تەنیا تاقمێکی 5 کەسی کە هاورێی یەکترین و بە جیا لە جەماوەری خەڵك کار دەکەن.

بەلام خاڵێك کە دەبێ سەبارەت بە باستانی باس بکرێ ئەوەیە کە ئەگەر چی روانگەی باگات سینگ و هاوسەنگەرانی لە دەیەی 20و30 بۆ ئەم لاوانە لە ساڵی 2002دا، هاندەرە و ئیلهام بەخشی ئەوانە بەلام ئەگەر لە کۆتاییدا نەبێتە ئیدئۆلۆژییەك کە لە کۆت و بەند رزگاریان بکات، گۆڕانکاری یەکجارەکی پێك نایە، مێژووی هێند پێمان نیشان دەدات، هەر چەند دەوڵەتی موستەعمەراتی ئینگلیس لە هێند کۆتایی پێهات بەلام موستەعمەرەی نوێ خولقا، دەوڵەتێك کە کۆت و بەندکردنی جەماوەر ئامانجی سەرەکی یەتی.

ئەم فیلمە قامك لە سەر ناکۆکی و ناتەباییەك کە لە هێند و بەشێکی بەرینی دونیا دا هەیە، دادەنێ.

فیلمەکە بە پرسیاری کورێکی منداڵکارە بە ناوی باگات کە باوکی خەریکی دانەوێڵە و کشت و کاڵە کۆتایی پێ دێت. پرسیارەکە ئەوەیە کە "باوکە چ کەسێك نەمامە جۆراوجۆرەکانی مانگو لەم کێڵگەیەدا دەروێنی؟" باوکی وەلام دەداتەوە کە من سەوزیان دەکەم کە لە هەر دانەیەکیان سەدان مانگو دەروێ.

لە راستیدا فیلمەکە پرسیارەکەی خۆی بەم جۆرە دەێنێتە گۆرێ کە لە باگات سینگی شۆرشگێر و بە سەرهاتەکەی کە سەدەی 21 لە لایەن دی جی یەوە خوێندرایەوە، ئایا هەن ئەو شۆرشگێرانەی کە هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرن؟.

سەرچاوە: ژومارە 14ی گۆڤاری بەزر

***

فیلم و سینەما

# " سەرزەوینی مەوعود "

**ئارەزوی لووش دانی ژنان، لە چەشنی ولاتانی داگیر کراو**
**وتوویژ لەگەڵ ئاموس گیتایی، کارگەردانی فیلمی " سەرزەوینی مەوعود"**

*ئا: ژاك ماندێل بوم*

*و: پەیمان*

بە بۆنەی هاتنە سەر سەحنەی "سەرزەوینی مەوعود": ئاموس گیتایی کە لەمەوبەر بە فیلم گەلێکی وەك: "لە بانکۆکەوە تا بەحرین" ( 1984 ) سەبارەت بە فرۆشتنی ژنانی تایلەندی و هەروەها فیلمی "کدوش" (1999 )، کە لەو دا ئامارژە بە گرفتی ژنان لە نێو کۆمەڵگای یەهودیانی توندڕەو دا دەکا و بە نیشاندانی هێندێك یاسا کە پشت پێ بەستنیان گوشار بۆ سەر ژنان، و بەرێوەبردنی لە لایەن پیاوانەوە بۆ سەر ئەو ژنانەی توانای حامیلە بوونیان نییە ڕەسمیەت پێ دەدات، هەستیاری خۆی لە دژایەتی لە گەڵ ئەو هەلومەرجە و ڕەدکردنەوەی دا دەرخستوە. گیتایی لە فیلمی سەرزەوینی مەوعود دا، بە بەوێنە دەرهێنانی ئەو مەسیرەی کە ژنانی ئوروپای ڕۆژهەڵات بە شێوەی نا یاسایی، بەڵام لە لایەن دەستە و تاقمە مافیاییەکانەوە هیدایەت دەکرێن و دەیبڕن تا بگەنە ئیسرایل، جارێکی تر سەڵای نارەزایەتی خۆی بە گوێی بیرو ڕای گشتی خەڵکی دنیا دەگەیەنێ. ئەو بەم شێوەیە لە سەر سوژەیەك ئیش دەکات کە لە ڕوانگەی سیاسیەوە جێی پەسەندی سەرانی ئیسرایل نییە. ئەم فیلمە کە تەنیا بۆ ماوەی دوو حەوتو لە ئیسرایل پیشان درا، باس و خواسێکی زۆری سەبارەت بە خۆی هێنایە گۆڕێ.

***پرسیار:*** چ شتێك بوو بە هۆی ئەوەی کە ئێوە ئاوڕ لە مەسەلەی فەحشا لە ئیسرایل دا بدەنەوە؟



***وڵام:*** لە سەرەتاوە مەیلی تماشا کردنی ژیانی کەسانێکی کە پەیوەندیان بەم بەشە لە دنیاوە نییە، و بە ڕواڵەت لە دەرەوەی بازنەی ئەم تێك هەڵچوونە بێ کۆتاییەی نێوان دوو دەستەن، کە هەر دوو پێیان وایە حەق بەوانە.

ئەو ژنانەی کە دەگەنە ئێرە، سەمەرەی داستانێکی بەرین تر لەم چوار چێوەیەن. ئەوان ئاکامی ڕەوتێکن کە بوو بە هۆی داڕمانی دنیای کۆمۆنیزمی شۆرەوی بە قازانجی گەشەو هەڵدانی وەحشیانەی سەرمایەداری و لە ئاکام دا دەسڵاتی یاسا نامرۆڤانەکانی لە ئاستی دنیا دا. و لە سەر ئەو باوەڕەم وەك چۆن کەسانێك بەر لە ئێمە، لە وانە، فلینی و فسبێندڕ ئەرکی خۆیان بەرێوە برد، وەزیفەی سینەما دەرخستنی ئەم دیاردەیەیە.

***پ:*** ئایا فەحشا لە ئیسریل دا ئێستا و لەمڕۆدا دیاردەیەکی ڕوو لە گەشەیە؟

***و:*** من وامدێتە بەر چاو. بە ڕواڵەت ئەم مەسەلەیە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شەڕ و شوڕ و کەش و

هەوای ئاڵۆزی نێو وڵات دایە. لە لایەکی دیکەوە ئەمەش خۆی سەرچاوەکەی شتێکی ترە کە بە پێی هەڵسەنگاندنی من گەندەڵکاریەکی گشتییە: واتە هەر بەو شێوەیەی کە وڵاتانی تر هەڵدەلووشن ژنانیش قوت دەدەن.

**پ:** ئایا سەبارەت بەم گرفتە زانیاری پێویستت کۆ کردۆتەوە؟

**و:** بەڵێ. دەمویست مەسیری ئەم ژنانە بزانم و بناسم. سیناریۆکە لە ژێر کاردانەوەی ئەو پشت ڕاستکردنانەوە دایە کە پارێزەرەکانی ژنانی لەش فرۆش دانیان پێدانراوە. ئەوەی لەم دانپیانانەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ، توند و تیژیەکە کە دەرحەق بە ژنان ئەنجام دەدرێ بەر لەوەی دیسان بفرۆشرینەوە و دەست درێژی جنسیان بکرێتە سەر، دروست وەك کالایەکی جنسی. کاکڵە و ناوەرۆکی فیلمەکە تەمرینی هێز و دەسەلاتە لە ڕێگای سوکایەتی کردن بە دیگەرانەوە و ئەم مەسەلەیەش بەشێك لە مێژووی ئەم سەرزەمینە پێکدێنێ. گرفتی کارەکە لەمەدا بوو کە دەبوو سەحنەیەکم گیربکەوتایە تا بتوانم ئەم کردارە نامۆفانەیە پیشانبدەم، هەر لەو دەمەش دا ئەو لایەنە ئینسانیەکەی دیکەی ژنانیش بێنمەڕوو. کەڵك وەرگرتن لە سیستمی نومریك و هەروەها دووربین لە سەر شانم، لەڕاستی دا لەلایەن سوژەوە بە سەرما سەپان.

**پ:** ئەمە یەکێك لەو فیلمانەی تۆیە کە زیاترلەوانی دیکە تیکەتیکەو بەشبەشە؟

**و:** ئەم پارچە پارچەییە لە گشت بوارەکاندا هەیە: نەتەنیا لەلایەنی جوانیەوە بەڵکو لەباری زمانی، جوغرافیا و ئەخلاقی شەوە ئەم بڕگە و لەت لەتیە بوونیهەیە. بوونی نەتەوەگەلی جۆراوجۆر، تێك پەڕینی زمانە جیاوازەکان، شوێنە جۆراوجۆرەکانی فیلمبەرداری لە میسرەوە گرتویە تا ئیستونی. گشت ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە ئەم فیلمە نابێ تەنیا لە چوارچێوەی کێشە و تێکهەڵچونەکانی ناوچەیی دا چاو لێبکەن و دەستەبەندی بکرێ.

**س:** بەڵام لەهەمان حاڵ دا کاتێ ئێوە ئەڵێن تەنیا شتێکی کە ئیسرایلیەکان و فەلەستینیەکان تێیدا وەك یەك دەجولێنەوە، جەنایەتە سازمان دراو و مافیاییەکانە، سەبارەت بەم ناوچەیە بەتوندترین شێوەی مومکین ئەدوێن؟

**و:** ڕاستە. بەڵام ئەمە تەنیا تایبەت بەم ناوچەیە نییە. جەنایاتی سازماندراو نەتەنیا لە ئەخلاقیاتەوە تەنانەت لە میللی گەرایشەوە سەرچاوە دەگرێ.

**پ:** لەم فیلمەدا بابەتێك بەردەوام دوپات دەبێتەوە، ئەوەی کە لەگەڵ مرۆڤەکان بەچەشنی کالا بەرخورد دەکرێ، ئەمەش بابەتێکە وەبیرهێنەرەوەی هەمان ئۆردوگاکانی نازیە، ئایا ئێوە نیازتان وابوو ئەم وەزعە لە زەین دا تەداعی کەنەوە؟

**و:** نا. بە بۆچونی من ئۆردوگای ئاشویتس شتێکی یەگانەیەو هەربەم هۆیەوە چۆتە ڕفرانسەوە و لەسەر ئەو بڕوایەم هێندێك بەزیادەوە و بە سادەیی لەبارەیەوە قسەدەکرێ. ئەوەی من لەبارەیەوە دەدوێم، چەوساندنوەی سەرمایەداری یە کە بەشێوەیەکی توندڕەوانە بایەخی مرۆڤ تا ئاستی کالایەکی قەڵب دێنێتە خوارێ.

**پ:** بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا، کاتێ سەحنەیەك چاو لێدەکەین کە کچەکان دەنێرنە ژێردوشەوە، بینەر ناتوانێ چاوپۆشی لەوەبیرهێنانەوەی سەحنەی ئۆردوگاکان بکات. ئایا بەلای جەنابیشتەوە هەروایە؟

**و:** بەڵێ. هەڵبەت هەروابوە.

**پ:** گەڕانەوەتان بۆئیسرایل ئاڵوگۆڕێکی چەندانی لە پلەوپایەی ئێوەدا پێك نەهێنا ئایا ئەم مەسەلەیە ئازارتان نادات؟

**و:** گرفت لێرەدایە کە ئەوە خەڵکن بەهۆی بەرداشت گەلێك بە سەبکی تاچێر لە عزاب دان، هەرئەم هەل ومەرجەشە هۆگرانی سینەما ئازاری پێوە دەکێشن. بەڵام هەرلەو حاڵەش دا، ئیسرایل وڵاتێکە بۆمن ئیلهام بەخشە، چون هەموجۆرە کەسێك لەو وڵاتە دەست دەکەوێ بەتایبەتی کە هەرکام لەوانە لە گۆشەیەکی ئەم جیهانەوە هاتون. خەونێکە ئیمکانی هەیە. قینێکم لەم وڵاتە نیە .

***

# محاکمەی سۆسیالیسم

*کتێبی"مەحاکمەی سۆسیالیسم" دەقی تەواوی داکۆکیەکانی" جێیمز پی کانۆن" لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکایە. ئەو مەحاکەمەیە لە ساڵی 1941 لە دادگای بەشی ئەیالەتی"مینە سوتا" بەڕێوە چووە و لە وێدا "کانۆن"، کە لەو کاتە دا سکرتێری گشتی حیزبی کرێکارانی سۆسیالیستی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو، لەگەڵ 28 کەس لە ئەندامانی ناسراوی ئەو حیزبە و رێبەرەکانی لقی(544) ی رێکخراوی کرێکارانی"بارکردن و ڕاگواستن"، موحاکەمە کران. ئەو رێکخراوەیە لقێك بوو لە"تیمستێرز یۆنیۆن" و لقی(544) ی ئەو، لە شاری مینیا پۆلیس، لە ئەیالەتی"مینە سوتا" . لەو موحاکەمانە دا هەژدە کەس مەحکوم کران و هەرکامیشیان، بۆ ماوەی 12 تا 18 مانگ، لە نێوان ساڵەکانی 1944 تا 1945 زیندانی کران. ئەو داکۆکیانە کە شیکردنەوەیەکی سادە و ئاشکرای ئوسوول و ئامانجەکانی سۆسیالیسمی شۆڕشگێڕانەیە، بۆتە بەرهەمێکی بەنرخی ئەدەبیاتی بزووتنەوەی کرێکاری.*

*****

"جێیمز پی کانۆن" لە جێگای شاهیدەکان
داگای بەشی، وڵاتەیەکگرتووەکان، ئەیالەتی مینە سوتا، لقی چوارەم
کات: سێ شەممە،18ی نۆوامبری 1941، کۆبوونەوەی دوانیوەڕۆ

جێیمز پی کانۆن لە لایەن پارێزەرەکانیەوە بانگ کرایە جێگای شاهیدەکان و لە پاش سوێند خواردن بەو شێوەیە وەڵامی داوە:

(باز پرسی ڕاستەو خۆ: ئاغای گۆڵدمەن):

پ: تکایە خۆتان بناسێنن

و: جێیمز پی کانۆن

پ: ئاغای کانۆن، خەڵکی کوێن؟

و: نیۆیۆرك

پ: کاری ئێستاتان چییە؟

و: سکرتێری گشتی حیزبی کرێکارانی سۆسیالیستم.

پ: تەمەنت چەندە؟

و: پەنجا و یەك ساڵ

پ: شوێنی لە دایك بوونتان کوێیە؟

و: رۆز دێل، کانزاس

پ: لە چ کاتێکەوە هەڵسوڕانی سیاسی خۆتان لە رێبازی مارکسیستی دا دەست پێکردووە؟

و:سی ساڵە

پ: یەکەم رێکخراوەیەکی بزووتنەوەی کرێکاری کە پێی پەیوەست بوون نێوی چی بوو؟

و: رێکخراوەی کرێکارانی سەنعەتی جیهان؟

پ: ئایا دوا بە دوای ئەو بوویتە ئەندامی رێکخراوێکی تر؟

و: بەڵێ، حیزبی سۆسیالیست.

پ: ئەدی دوای ئەو؟

و: لە ساڵی (1919) دا ئەندامێکی سادەی حیزبی کۆمۆنیستی ئامریکا بووم و دواتر لە ساڵی (1920)ەوە بوومە ئەندامی شۆڕای ناوەندی ئەو حیزبە.

پ: چ ماوەیەك ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئامریکا بووی؟

و: لە ئۆکتۆبری (1928)ەوە.

پ: ئێستا بۆ دادگا و لێژنەی دادوەری شیکەنەوە کە رادەی زانستی ئێوە لە بیرۆکەی مارکسیستی تا چ رادەیەکە؟

و: لەگەڵ گرینگترین نووسراوەی مامۆستا مارکسیستەکانی وەك مارکس، ئینگلس، لێنین و ترۆتێسکی و توێژینەوەکان و نووسراوەکانی ئەوان ئاشنایەتیم هەیە.

پ: ئایا تا ئێستا نووسراوەی دژی مارکسیستیتان خوێندوەتەوە؟

و: بەڵێ، بە گشتی لەگەڵ ئەدەبیاتی نەیاری مارکسیسم و بە تایبەت لەگەڵ گرینگترینیان ئاشنایەتیم هەیە.

پ: گرینگترینیان کامانەن؟

و: شەڕی من، نووسینی هیتلێر.

پ: ئاغای کانۆن! ئایا تا ئێستا سەردەبیری گۆڤارێکی کرێکاری بوون.؟

و: بەلێ، سەردەبیری هەندێك لەو گۆڤارانە بووم. لە راستیدا من بۆ ماوەی 25 ساڵ کەم تا زۆر، رۆژنامە نووس بووم.

پ: ئایا نێوی هەندێك لەو گۆڤارانەی کە سەردەبیریان بووی دێتەوە بیرت؟

و: وێرکێرز وۆرڵد(دونیای کرێکار) کە لە شاری کانزاس چاپ دەکرا، کۆیلێر(زەحمەتکێش)، کە لە شاری کۆلیۆلەند لە ئەیالەتی ئۆهایۆ چاپ دەکرا. ماوەیەك سەردەبیری گۆڤاری میلیتانت(خەباتگێڕ) بووم. ماوەیەك سەردەبیری گۆڤارێك بە نێوی لیبراکێشن(کردەوەی کرێکار) لە سانفراسیسکۆ بووم. هەروەها ئەندامی دەستەی نووسەرانی ژمارەیەکی زۆر لە لە گۆڤارەکانی کرێکاری بووم کە لە لایەن بزووتنەوەی کرێکارییەوە چاپ دەکران.

پ: حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست لە چ کاتێکدا درووست بوو؟

و: لە دوایین رۆژەکانی دێسامبری 1937 و یەکەم رۆژەکانی 1938.

پ: سەرەکی ترین ئامانجەکانی کۆنگرەی دامەزرێنەری حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست چ بوو؟

ئاغای شواین هات(دادستان) پرسیار دەکات: چ کاتێك؟

پ:(ئاغای گۆڵدمەن پرسیاردەکات): لەو کاتەودا و دوای ئەو، تا ئەو کاتەی کە ئێوە لە جێگای شاهیدەکان دانیشتوون؟

و: دەتوانم بڵێم، هەم لەو کاتە داو هەم ئێستاش، ئامانجی بنەڕەتی حیزبی ئێمە، پەرەپێدان و تەبلیغی بنەماکان و بیرۆکەی سۆسیالیسمی مارکسیستی و یارمەتی دان بە ئاڵوگۆڕی بنەڕتی کۆمەڵگا، لە سەرمایە دارییەوە بۆ کۆمۆنیسم و هەوڵی ئێمە بۆ رێنوێنی کردنی ئەو ئامانجانەیە.

پ: بۆ ئێمە شی کەنەوە کە مانا و مەفهوومی ووشەی سۆسیالیسم چییە؟

و: سۆسیالیسم دەتوانێ دوو مانای هەبێ. یانی ئەوەیکە سۆسیالیسم هەم ناوی کۆمەڵگایەکی نوێیە کە رێبازە گشتییەکانی ئەو دیاری کراوە و هەم نێوی بزووتنەوەیەکە کە لەو رێگایە دا هەوڵ دەدا.

پ: ناوەرۆکی ئەو کۆمەڵگایە چییە؟

و: ئێمە نیزامێکی کۆمەڵایەتیمان مەبەستە کە لەسەر بنەمای خاوەنداریَتی گشتی بەسەر ئامرازی بەرهەمهێنان، بنە بڕکردنی قازانجی تاکە کەسی لە ئامرازی بەرهەمهێنان، هەڵوەشاندنەوەی نیزامی کۆیلەتی حەقدەست و کۆمەڵگای چینایەتی، دامەزرا بێ.

پ: لە پێوەند لەگەڵ جۆری حکومەتێك کە ئەرکی دروست کردنی وەها کۆمەڵگایەکی لە سەر شانی خۆی داناوە، بە بڕوای ئێوە حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست چ نییەتێك لە پێش دەگرێ؟

وتووێژ

و: بەڵێ، ئێمە پێشنیار دەکەین کە لە باتی حکومەتی ئێستا، کە حکومەتی سەرمایەدارانە، حکومەتی کرێکاران و جوتیاران دابمەزرێ. ئەرکی وەها حکومەتێك بەرنامە ریژی و کۆنترۆڵ کردنی ئالو گۆڕی کۆمەڵگا، لە سەرمایە دارییەوە بەرەو سۆسیالیستییە.

پ: مەبەستان لە "حکومەتی سەرمایەداری" چییە؟

و: مەبەستمان لە جۆرێك حکومەتە کە لە کۆمەڵگایەك کە پارێزەری حکومەتی خاوەندارییەتی تاکە کەسییەو لە سەر سەروەتی وڵات و ئامرازی بەرهەمهێنان گەشە دەستێنێ و وەها حکومەتێك سەرجەم لە بەرژەوەندی هەر ئەو چینە سەرمایەدارە دا هەنگاو هەڵدەهێنێ.

پ: وە ئێوە پێشنیار دەکەن کە حکومەتی کرێکاران و جوتیاران لە ناکۆکی و دژایەتی لەگەڵ وەها حکومەتێك دابمەزرێ؟

و: بەڵێ، پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کە حکومەتی کرێکاران و جوتیاران لە جیاتی حکومەتی سەرمایەداران دابمەزرێ. حکومەتی کرێکاران و جوتیاران، حکومەتێك دەبێ کە سادقانە لە بەرژەوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی کرێکاران و جوتیارانی بەرهەمهێنەر داکۆکی دەکات.

پ: دەی زۆر باشە، چی بەسەر سەرمایەداران دێت؟

و: لە ژێر دەسەڵاتی کرێکاران و جوتیاران، گرینگترین ئەرکی حکومەت بریتی دەبێ لە گواستنەوەی خاوەندارییەتی گرینگترین ئامرازی بەرهەمهێنان، لە حاڵەتی خاوەندارییەتی تاکە کەسییەوە بۆ خاوەندارییەتی گشتی خەڵك.

پ: زۆر باشە، چی بەسەر ئەو سەرمایەدارانە دێت کە سەروەت و سامانی خۆیان لە دەست دەدەن؟

و: مەبەستان لەو رستەیە کە" چی بەسەریان دێت" چییە؟ لە چ بوارێك دا؟

پ: ئایا ئەوان دەکوژن، یا ئەوەیکە ئەوان دەخەنە بەر کار؟ چییان لەگەڵ دا دەکەن؟

و: زۆر باشە، بە پێی باوەڕی ئێمە، تەواوی شارۆمەندان بە شێوەیەکی بەرابەر و یەکسان، لە ئیمکاناتی کۆمەڵگا بەهرەمەند دەبن. ئەو مەسەلەیەش لە بابەت سەرمایەدارانەوە هەر وەکو کرێکاران و جوتیاران وایە.

پ: کاتێك لە ووشەی"سەروەتی بەرهەمهێنەر" کەڵك وەردەگرن، ئایا مەبەستتان هەر جۆرە خاوەندارییەتێکە کە بە کەسێك دەگات؟

و: نا !کاتێك کە لە بارەی ئامرازی بەرهەمهینانەوە، یانی سەروەتی وڵاتەوە، قسە دەکەین، مەبەستمان سەروەتێکە کە بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستی خەڵك بەکاردێت، وەکوو سەنایع، رێکای ئاسن، مەعدەنەکان و شتی تر. مەبەستمان ئەوە نییە، لانی کەم تا ئەو جێگایەی کە من ئاگادارم، سۆسیالیستە مارکسیستەکان هیچ کاتێك لەسەر ئەو باوەڕە نەبوون، کە خاوەندارییەتی تاکە کەسی جەماوەر بە سەر کەل و پەلی شەخسییان دا هەڵوەشێتەوە بەڵکوو مەبەستمان ئەو شتانەیە کە بوونیان بۆ بەرهەمهاتنی پێداویستییەکانی خەڵك زەروورییە. شتی لەم چەشنە دەبێ بۆ تەواوی خەڵك بێت.

پ: چی بەسەر کاسبکاری وردەپێ کە کرێکارێکیان لەبەر دەست دانییە،دێت؟

و: باشە، باوەڕ پێکراوترین بیرۆکەی مارکسیستی لەوباوەڕەوە کە لە زمانی ئینگلسەوە تا ئێستا ئیعتباری خۆی راگرتووە، لەسەر بنەمای دەست تێوەرنەدانی حکومەتی کرێکاران و جووتیارانە لە کاروباری وردە خاوەن داران. وەها خاوەن دارێك چەوسێنەر نین. دەبێ ئیزنییان پێ بدرێ کە مەزرا، دارایی کەم و دەستێکانی خۆیان ڕابگرن. مەگەر ئەوەیکە خۆیان دوای لێکدانەوە کاردانەوەی مەزرا هاوبەشەکان بێنەسەر ئەو قەناعەتە و بە پێخۆش بوونی خۆیان بە مەزراکەی خۆیانەوە، بە مەزرا هاوبەشەکان پەیوەست بن. تەنیا لەو حاڵەتەدا هاوبەش کردنی مەزرا چکۆلەکان ئازادە.

تا ئەو کاتەی کە ئەم جۆرە جوتیارانە بە مەزرا هاوبەشەکان پەیوەست نەبوون، بە پێی بەرنامەی ئێمە، حکومەتی کرێکاران و جوتیاران ئەرکی سەر شانێتی کە لە رێگای زەمانەت کردنی نرخی گونجاو بۆ بەرهەمەکانیان و دابین کردنی کود و ئیعتباری مالی، لەوان پشتگیری بکات و سەرجەم دەبێ بە جۆرێك

بجوڵێتەوە کە نیشان بدات لە بەرژەوەندی ئەوان داکۆکی دەکات و ئەوان دەخاتە ژێر باڵی خۆی.

هەڵبەت مەبەستی من جووتیارە بەرهەمهێنەرە وردە پێ کانە، نە گەورە خاوەندارەکان و بانگ دارەکان، چوونکە ئەوان جەماوەرێکی بەرین دەچەوسێننەوە و یان ئەوەیکە زەوییەکانی خۆیان بە جووتیاران ئیجارە دەدەن و تەنیا کەمێك لە بەرهەمەکە بەنەسیبیان دەبێت. ئێمە قەتعەن لە نەزەرمان دایە کە لە یەکەم هەنگاوەکانی حکومەتی کرێکاران و جووتیاران، زەوییە گەورەکان موسادیرە بکەین و ئەوان بخەینە ژێر مودیرییەتی کەسانێك کە بە کردەوە لەسەر ئەو زەوییە کار دەکەن. دەبێ ئەوەش زیاد بکەم کە ئەو بەرنامەیەش هەر لە سەرەتای لە دایك بوونی بزوتنەوەی مارکسیستی، لە بیرۆکە ئیستانداردەکان بووە و لێنین و ترۆتسکیش لە شۆڕشی رووسیە بە پێی ئەو نەزەرییەیە جوڵاونەتەوە.

پ: ئەو کۆمەڵگا سۆسیالیستییە، چۆن کۆنترۆڵ و رێنوێنی دەکرێت؟

و: زۆر باشە، سۆسیالیسم دەبێ لە نێو بارودۆخی تازە دا سەر هەڵبدات. دوای ئەوەیکە شۆڕشی کۆمەلایەتی سەرکەوت و حکومەتی کرێکاران و جوتیاران لە جیاتی حکومەتی سەرمایەداران، دامەزرا، ئەو کات حکومەتی تازە سەرهەڵدراو سەنعەتەکان دەکاتە دەوڵەتی، تەواوی نابەرابەریکان هەڵدەوەشێنێتەوە، ئاستی داهاتی گشتی خەڵك زیاد دەکات، هەر جۆرە هەوڵێکی دژی شۆڕشگێرانە لەلایەن سەرمایەدارە لابراوەکان سەرکوت دەکات. ئەو کات لە پاش وەها کردەوەیەك، گرینگی و قورسایی حکومەت وەکوو هۆکارێکی سەرکوت وردە وردە کەم دەبێتەوە. کاتێك وردە وردە چینەکان لاچوون، چەوسانەوە بنبڕکرا، ئەو کاتە هۆی بوونی حکومەت، بە مانای تایبەتی ئەو دیاردەیە_ هێواش هێواش پێویستی بوونی خۆی نامێنێ. بنەمای بوونی حکومەتەکان لەسەر ئەساسی سەرکوتی چینێك بە دەستی چینەکەی تر پێکدێت. بە پێی بۆچوونەکانی مارکس و ئینگلس و تەواوی رێڕەوە ناسراوەکانی رێبازی ئەوان، کە هەر ئەو بۆچوونانەی ئەوانیان رەچاو کردووە، ئێمەش وەکوو ئینگلس مەسەلەکە ئاوا دەهێنینە بەر نەزەری خۆمان کە حکومەت وەکوو ئامرازێکی سەرکوت و وەکوو هێزێکی چەکدار، وردە وردە روو و لە ناو چوون دەچێت و هێواش هێواش رۆڵی شوورایەکی رێبەری دەگێڕێت کە ئەرکەکانی بریتی دەبێت لە:

بەرنامە رێژی بەرهەمهێنان، سەرپەرشتی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، چاوەدێری بەسەر ئاموزش و بارهێنان و کاری لەم چەشنە. هەر بەم جۆرەی کە ئینگلس وتوویەتی، هاوڕێ لەگەڵ پێشڕەوی ئێمە لە کۆمەڵگای نوێی سۆسیالیستی، حکومەت وردە وردە بەرەو لە ناوچوون دەچێت و حکومەت بەسەر خەڵك، جیگای خۆی بە سەرپەرشتی کار و بار دەدات. حکومەت لە کۆمەڵگای سۆسیالیستی، لە راستی دا دەبێتە بەدەنەیەکی بەڕێوەبەر، چونکوو چاوەڕوانی ئێمە ئەوەیە کە ئیتر هیچ پێویستیەك بە ئەرتەش و هێزی دەریای، زیندان و سەرکوت نابێت و لە ئاکام دا وەها لایەنێك لە حکومەت پێویستی خۆیان لە دەست دەدەن وروووە و لە ناو چوون دەچن.

پ: لە روانگەی بۆچوونی مارکسیستییەوە، کام یەك لە هێزە کۆمەلایەتیەکان بەر بە پێکهاتنی سۆسیالیسم دەگرن؟

و: سەرمایەداری شێوازێکە لە کۆمەڵگا کە تاسەر نیە. ئەو نیزامە هەر وەکو نیزامە کۆمەلایەتییەکانی پێشوو، دەورانێکی گەشەی خۆی، لە نێو کۆمەڵگای کۆنی سەرمایەداریدا تێپەڕ کرد. وردە وردە، لە بەرامبەرکێ لەگەڵ کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی رێگای کامڵ بوونی خۆی تێپەڕ کرد، لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی شۆڕشگێرانە ئەوی ژێر و ژوور کرد، قازانجی هێزی کاری ئینسانی گەیاندە ئاستێك کە پێشتر، تەنانەت لە خەیاڵی مرۆڤیش دا نەدەگونجا.

ئاغای شواین هات: زۆر باشە، ئاغای کانۆن، تکایە لێرەدا هەندێك بیر بکەنەوە. رەنگە وەها پرسیارێك بە شێوەیەکی سادەتر لەوەش بکرێ وەلامی پێ بدرێتەوە. بە بڕوای من ئەو ئاغایە دەیهەوێ سوخەنرانی بکات و

بە نەزەری من وەلام بە و پرسیارە هیچ کات وەها کارێکی ناویّ.

پ: مانا و مەفهومی" شۆڕشی کۆمەلایەتی" چییە؟

و: ریشەئییەو لەسەرنیزامی خاوەنداریّتی و شێوەی بەرهەمهێنان کاریگەری هەیە.

پ: ئایا لەنێوان شۆڕشی سیاسی و شۆڕشی کۆمەلایەتی جیاوازییەك هەیە؟

و:بەڵیّ:

پ: ئەو جیاوازییە چییە؟

و: شۆڕشێکی سیاسی دەتوانیّ رووبدات، بە بیّ ئەوەی کە لە ژێر خانی پێکهاتەی ئابوری و بنەڕەتی خاوەندارییەتی کۆمەڵگا، ئاڵ و گۆڕێکی رادیکاڵ پێك بێت.

لە حاڵێك دا، شۆڕشێکی کۆمەلایەتی نە تەنیا لەسەر شێوازی حکومەت بەڵکو لەسەر پێوەندی ئابوری زاڵ بەسەر کۆمەڵگاش دا کاریگەری دادەنیّ.

پ: ئایا دەتوانن بۆ هەر کام لەم شۆڕشانە نمونەیەك بێننەوە؟

و: بەڵیّ: شۆڕشی مەزنی فەڕانسە لە ساڵی 1789 دا.

ئاغای شواین هات: ئایا ئەو شۆڕشە لە جۆری سیاسی بوون یان کۆمەلایەتی؟

تۆمەتبار: ئەو شۆڕشێکی کۆمەلایەتی بوو، چوونکە بنەمای خاوەندارییەتی لە کۆمەڵگا، لە جۆری خاوەندارییەتی دەرەبەگایەتییەوە کرد بە خاوەندارییەتی سەرمایەداری.

پ:(ئاغای گوڵدمەن پرسیار دەکات): مەبەستتان لە" خاوەندارییەتی دەرەبەگایەتی" چییە؟

و: ئەوە نیزامێکی هەمەگیری ئابوری لەسەر بنەمای حقوق، جیاوازی و مەحدودییەتی پێوەندیدار لەگەڵ نیزامی ئاغا و رەعییەتی بوو. خاوەندارییەتی تاکە کەسی سەرمایەداری، تەواوی پاشماوەکانی نیزامی ئاغاو رەعییەتی لە ناو برد، خاوەندارییەتی جوتیارانی بەسەر مەزرا بناغە ڕێژی کرد، نیزامی حەقدەستی لە جیات نیزامی ئاغا و رەعییەتی جێگیر کرد و بەم شێوەیە ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی لە ئابوری فەڕانسە پێك هێنا.

پ: ئایا دەتوانن بۆ" شۆڕشی سیاسی"ش نمونەیەك بێننەوە؟

و: هەر لە ولاتی فەڕانسە، دوا بە دوای ئەو دوو شۆڕشی سیاسی رووی دا، یەکیان لە ساڵی( 1835) و ئەوی تریان لە ساڵی( 1848)بەم مانایە کە ئەم شۆڕشانەی کە رووی دا، تەنیا ئامانجیان، ئاڵ و گۆڕ لە بۆرۆکراسی زاڵ بەسەر ولات بوو و هیچ جۆرە ئاڵو گۆڕێکی لە نیزامی خاوەندارییەتی کۆمەڵگا دا پێك نەهێنا.

پ: لە روانگەی چینی کرێکار چ کەسانێك لە خۆ دەگریّ؟

و: ئێمە ئیستلاحی چینی کرێکار یان پرۆلێتاریا بۆ کرێکارانێك کە لە کۆمەڵگای مۆدێڕن حەقدەست وەردەگرن، بەکاردێنین. ئەو ئیستلاحە زۆر جار بە مانای واوەتریش بەکار دەبریّ و کرێکارانی کشتوکاڵ، کەشاوەرزانی ئیجارەنشین، کەشاوەرزانی نەسەق دار و... هی تریش لە خۆ دەگریّ. بەلام بەم جۆرەی کە بە کار دەڕوات ئەو وردبینە عیلمییەی نییە، ئەو جۆرەی کە مارکس بە کاری هێناوە.

پ: بە پێی روانگەی مارکسیستی، بێجگە لە چینی سەرمایە دار و کرێکار، چ چینێکی تریش هەیە؟ ئەگەر هەیە شی بکەنەوە.

و: لە نێوان ئەو دوو چینە سەرەکی و بە هێزەی کۆمەڵگا، چینێکی تریش هەیە کە مارکس ئەو بە وردە بۆرژوا دەناسێنێت. یانی خاوەندارە چکۆلەکان، سێحەب بۆنگا چکۆلەکان، سێحەبی دوکانە چکۆلەکان، کاسبکاری وردە پیّ، ئەو کەشاوەرزانەی کە مەزرای چکۆلەیان هەیە هەمووی ئەمانە چینێك پێك دێنن کە مارکس بەوان دەڵیّ وردە بۆرژوا.

پ: لە پێوەند لەگەڵ ئەو چینانەی کە پیشەی شارەزاییان هەیە، بۆچوونتان چییە؟

و: بەڵیّ، ئەوانەش لە ئیستلاحی مارکسیستی هەر لەو ریزبەندییەی وردە بۆرژوازی دا دەگونجێن.

پ: وشەی "دیکتاتۆری پرۆلتاریا" شیکەنەوە.

و: وشەی دیکتاتۆری پرۆلتاریا، مارکس بۆ نێوی دەوڵەتێك بەکاری دەهێنا کە لە دەورانی گواستنەوەی رووخاندنی سەرمایەداری تا دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی، هاوساری کاروبار لە دەست دەگرێ. بەو مانایە کە لە روانگەی مارکسیستەکان، حکومەتی کرێکاران و جووتیاران، جۆرێك دیکتاتۆری چینایەتی دەبێ کە بە بێ هیچ شك و گومانێك لە بەرژەوەندی کرێکاران و جووتیاران هەنگاو دەنێ و تەنانەت وا نیشان نادات کە لایەنگری بەرژەوەندی ئابووری سەرمایەدارانە.

پ: مەبەستان لە رستەی" رووخاندنی دەوڵەتی سەرمایەداری" چییە؟

و: یانی جێگیر کردنی ئەو لەگەڵ حکومەتی کرێکاران و جوتیاران، مەبەستی ئێمە ئەوەیە.

پ: مەبەستان لە رستەی" هەڵوەشاندنەوەی دام و دەزگای دەوڵەتی سەرمایەداری" چییە؟

و: مەبەستمان ئەوەیە کە کاتێك حکومەتی کرێکاران و جوتیارانمان لەو وڵاتە مسۆگەر کرد، کردەوەی ئەو حکومەتە ئەرکەکانیشی و بە گشتی ناوەرۆکی وەها لەگەڵ کردەوە، ئەرکەکان و ناوەرۆکی دەوڵەتی سەرمایەداری جیاوازی دەبێت کە ئێمە ناچار دەکرێین کە لە تەواوی بوارەکاندا جێنشینێك دابنێین. هەر لە سەرەتای کارەوە، دەوڵەتی کرێکاری لەسەر ئەساسێکی تر دادەمەزرێ و تەواوی لایەنەکانی جیاوازییان دەبێ و ناچارە پێکهاتەیەکی بە تەواوی نوێ بناغەرێژی بکات و دام و دەزگای دەوڵەتی نوێ دابمەزرێنێ، ئەوەیە مەبەستی ئێمە.

پ: مەبەستان ئەوەیە کە کۆنگرە یان مەجلیسی نوێنەران، یان مەجلیسی سێنایەك لە ئارا دا نابێت؟

و: جۆرێکی تر لە مەجلیسی نوێنەران دەبێت. مەجلیسی نوێنەرانی کرێکاران، سەربازەکان و جوتیاران، لە سەر ئەساسی واحیدی پیشەیی دەبێ، نە لە سەر ئەساسی نوێنەرایەتی لە حەوزەی جیاواز.

پ: مانای" سۆویت" چییە؟

و:" سۆویت" وشەیەکی روسیە و بە مانای شوڕایە، هاوسەنگی روسی وشەی شوڕایە لە زمانی ئێمە. بە مانای کۆمەڵێکە کە جۆرەکانی گروە لە خۆ دەگرێ. لە شۆڕشی روسییە وەها مانایەکی بوو، یانی نوێنەران، روومیەکان پێیان دەگووت"دیپۆتی" وابزانم ئێمە پێی دەڵێین" دێلی گەیت". نوێنەرەکانی کارگە جۆراو جۆرەکانی هەر شارێك لە کۆگەیەك دا لە دەوری یەك کۆدەبنەوە. روسیەکان پێیان دەگووت شۆڕای نوێنەرانی کرێکاران و سەربازەکان.

پ: ئامانجی ئێوە و هاوکارێکانتان لە پێکهێنانی حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست چییە؟

و: ئامانج، سازماندان و رێکخستنی هێزەکانمانە بۆ هەرچی زیاتر کاریگەر بوونیان، تا بتوانین بە ئامانجی کۆتایی خۆمان، کە پێشتر شیم کردەوە، بگەین، یانی دروست کردنی حیزبێك کە بتوانێ کۆمەڵانی کرێکاری ئەو وڵاتە لە رێگای شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییەوە بەرەو سۆسیالیسم رێنوێنی بکات.

پ: بۆچوونی حیزب لە بارەی بوونی ناکۆکی لە نێوان دەسەڵاتدار لە روانگەی لیبڕاڵ یان دواکەوتوو بوونەوە، چییە؟

و: ئێمە وا بیر ناکەینەوە کە چینی سەرمایەدارەکان، قەوارەیەکی یەك جۆر و یەك دەستە. جۆرەکانی گەرایش لە نێوانیان دا هەیە و بەرژەوەندی جیاواز لە پێش دەگرن، رەنگدانەوەی ئەوەش دەتوانین بڵێین لە بوونی حیزبە سەرمایەدارەکاندایە کە لایەنی جۆراوجۆری هەر کام لەو حیزبانە و خەباتی زۆر توندی نێوانیان لە شەڕی دووهەمی جیهانی، دەرخەری ئەم راستییەیە.

پ: ئایا هەمیشە ئیمکانی چارەسەر کردنی هەر جۆرە هەڵەیەك کە هەر کام لە ئەندامانی حیزب تووشی بێن، هەیە؟

ئاغای شواین هات: من ئیعتڕازم هەیە.

سەرۆکی دادگا: بە بڕوای من ئەو پرسیارە روونە.

ئاغای شواین هات:من هیچ شکێکم نیە کە ئەو کارە هەمیشە مومکین نییە.

ئاغای گۆڵدمەن: زۆر باشە.

وتووێژ

پرسیار( ئاغای گۆڵدمەن پرسیارەکە دەکا)، هەڵوێستی حیزب لە بارەی بابەتی ئەنترناسیۆنالیسم چییە؟

و: ئێمە بڕوامان وایە کە دونیا لە سەردەمێکی نوێ دیاردەیەکی ئابورییە. هیچ وڵاتێک سەربەخۆ نییە. مەسەلە کەڵەکە بووەکان ئەوڕۆ ناتوانن چارەسەر بکرێن، مەگەر لە ئاستی جیهانی دا، هیچ نەتەوەیەك سەربەخۆ نیەو هیچ نەتەوەیەکیش ناتوانێ بە تەنیایی ژیان بەسەر ببات.

ئێستا ئابووری جیهان بە یەکەوە بەستراوەتەوە و هەر وەك چۆن بیر دەکەینەوە کە ڕێگە چارەی مەسەلە هەنوکەییەکان، یانی دامەزراندنی سۆسیالیسم، مەسەلەیەکی جیهانییە، بەو پێیە، باوەڕمان بەوە هەیە کە کرێکارانی پێشڕەو لە هەموو وڵاتان دەبێ بۆ وەدەست هێنانی ئەو ئامانجانە لەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەن. ئێمە هەر لەو ڕێبازە دا، لەگەڵ هاوبیرەکانی خۆمان لە وڵاتانی تر بە مەبەستی بردنە سەری بزووتنەوە لە ئاستی جیهانی دا هاوکاریمان کردووە. ئێمە بۆ سازماندانی کرێکاران لە ئاستی نێو نەتەوەیی، هاوکارییەکانیان لە تەواوی بوارەکان و یارمەتی دانیان بە یەکتر تەبلیغمان کردووە.

پ: هەڵوێستی حیزب لە بارەی "سۆسیالیزم" وەکوو نیزامێکی جیهانی چییە؟

و: ئێمە نە تەنیا خوازیاری پێکهاتنی بزوتنەوەیەکی نێو نەتەوەیی سۆسیالیستین، بەڵکوو بڕوامان ئەوەیە کە نیزامی سۆسیالیستی نیزامێکی جیهانییە، نە نیزامێکی پشت ئەستوور بە گێرەوکێشەی نەتەوەیی کە فاشیستەکان ئەویان تا سنووری مەحاڵ هێناوەتە خوارێ و هەوڵیان داوە کە بیرۆکەیەك بناغە ڕێژی بکەن کە مووودەعی بوو کە ئاڵمان دەتوانێ لە بواری ئابوورییەوە بە تەواوی سەربەخۆ بێت، ئیتالیا دەتوانێ، وە ... هیتر. ئێمە بڕوامان ئەوەیە کە سەروەتی جیهانی و مەوادی ئەوەڵییە و سەرچاوە سروشتییەکان بە جۆرێك لە شوێنە جیاجیاکانی زەوی بڵاو بوونەتەوە کە هەر وڵاتێك بۆ دەست پێڕاگەیشتن بەوان و پەرە پێدانی دەسەڵاتی خۆی لە هەموو بوارێك دا پێویستییان بە شتێك هەیە و کارەکانیان ناتەواوە.

بڕوای ئێمە ئەوەیە کە کۆمەڵگای داهاتووی مرۆڤایەتی، لە نەزمێکی جیهانی سۆسیالیستی پێك دێت کە لەسەر ئەساسی دابەش کردنی کار لە بەینی وڵاتە جۆراوجۆرەکان و لەسەر ئەساسی سەرچاوەیەك کە لێی بەهرەمەندن، پێك دیت. وڵاتانی جۆراوجۆری دونیا، هاوکارییەکی برایانەیان لەگەڵ یەکتر دەبێت و لە کۆتایی دا تەواوی پێداویستیەکان و رازاندنەوەکانی بەشەر لەسەر ئەساسی نەخشەیەکی جیهانی بەرهەم دێت.

پ: ئامانجی سەرەکی حیزب لە هەوڵ دان بۆ قایم کردن و پتەوکردنی ئیتیحادییە کرێکارییەکان و سازماندانی ئەوان لەو شوێنانەی کە هێشتا ڕێکنەکەوتوون چییە؟

و: باش، ئێمە ئامانجی دوو لایەنە لە پێش دەگرین. یەکیان ئەوەیکە ئێمە بەرەو هەر شتێك کە لەبەرژەوەندی کرێکاران دابێ، عەلاقەمان هەیە. ئیتحادییە کرێکارییەکان یارمەتی کرێکاران دەدات تا لە بەرامبەر زوڵم و ستەم خۆڕاگری بکەن و ئەگەریش کرا جیگاو شوێنی خۆیان بەرەو باشی ببەن. ئەو بەرنامەیەی ئێمە هۆکارێکی چارەنووس سازە بۆ لایەنگری لە ئیتتحادییە کرێکارییەکان، چونکە ئێمە لایەنگری هەر شتێکین کە بەرژەوەندی کرێکارانی تێدا بێت.

هۆکاری دووەم ئەوەیە کە ئیتحادییە کرێکارییەکان، کە ڕێکخراوێکی گەورەی جەماوەرین، باشترین چوارچێوە و بوار بۆ ئێمە دەرەخسێنن تا لەوێدا هەڵسووڕان و بۆچوونەکانی حیزب تەبلیغ بکەین و ئیعتبارو نفوزی خەڵك بەرینە سەرێ.

پ: سیاسەتی حیزب لەبارەی بوونی دیمۆکراسی لە ئیتتحادییە کرێکارییەکان چییە؟

و: مرامنامە، تەواوی سەر ووتارەکان و سوخەنرانییەکانی ئێمە، بەردەوام خوازیاری دامزراندنی نیزامی دیموکراتیك لە ئیتیحادییە کرێکرییەکان بووە. ئێمە خوازیاری تەزمیینی مافی بیر و ڕادەربڕینی ئەندامانی ئیتتحادییە کرێکارییەان،

بەڕێوە چوونی هەڵبژاردنی ئازاد، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و پشت سەری یەکین و بەگشتی خوازیاری ئەوەین کە ئیتتحادییە کرێکارییەکان لە ڕێگای بەرپا بوونی نیزامێکی دیموکراتیك لەژێر چاوەدێری هەموو ئەندامانی دا ڕێنوێنی بکرێت.

پ: هەڵوێستی حیزب لە بارەی باج وەرگرتن و گانگێستێریسم لە ئیتتحادییە کرێکاریەکان چییە؟

و: مەرامنامە، هەروەها بوونی باج وەرگرتن و گانگێستێریسم و بوونی کەسی جەنایەتکار لە ئیتتحادییە کرێکارییەکان مەحکوم دەکات و داوا لەئەندامان و لایەنگرانی دەکات کە ئیتتحادییە کرێکارییەکان لەو جۆرە کەسانە پاك بکەنەوە و بۆ ئەندامێك کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ لە باج وەرگرتن و گانگێستێریسم لە نێو ریزەکانی ئیتتحادییە لایەنگری دەکات، جورمی دەرکردن لە حیزب لە بەر چاو بگیرێت.

پ:( ئاغای گوڵدمەن پرسیار دەکات): حیزب بە چ شێوەیەك هەوڵ دەدات نفوز و ئیعتباری خۆی لە نێو ئیتتحادییە کرێکارییەکان گەشە پێ بدات؟

و: هەوڵ دەدەین کە ئەندامانی حیزب بچنە نێو ئیتحادیەکانەوە و هەوڵ بدەن تا ئیعتباری ڕێبەری کردنی ئیتتحادیەکان وەدەست بێنن.

پ:(ئاغای گوڵدمەن پرسیار دەکات): ئاغای کانۆن، دەکرێ هەڵوێستی حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست لە بارەی هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕە تازەکان شی کەنەوە.

و: هەڵوێستی جیزبی ئێمە ئەوەیە کە هۆکاری سەرهەڵدانی شەڕەکانی سەردەمی نوێ، بوونی ناکۆکی بەرژەوەندی نێوان وڵاتە ئیمپریالیستەکانە لەسەرچۆنیەتی دابەش کردنی بازارە جیهانییەکان، دابەش کردنی موستەعمەرەکان، کۆنترۆڵ کردنی مەوادی خاو، بوارەکانی سەرمایە گوزاری و شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتیانە.

پ: ئاغای کانۆن، مەبەستتان لە" ئیمپریالیسم" چییە؟

و: مەبەستمان ئەو دەستەیە لە وڵاتانە کە باقی وڵاتانی دونیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ دەچەوسێننەوە.

پ: هەڵوێستی گشتی، مارکسیستەکان لە پێوەند لەگەڵ شۆڕشی روسیە چییە؟

و: ئێمە لە شۆڕشی( 1917)ی روسیە لایەنگری دەکەین و لەسەر ئەو باوەڕەین کە نمونەیەك لە ئوسوول و بیری مارکسیسمە کە ئێمەش قەبووڵمانە.

پ: ئایا حیزبی بلشویك بە جۆرێك هەڵگیرسێنەری شۆڕش بوو؟

و: نەخێر، کاتی ڕوودانی شۆڕشی مارس( فێوریيە)، حیزبی بلشویك بێ ئەندازە چکۆلە بوو.

پ:" بلشویسم" یانی چی؟

و: وشەی بلشویسم وشەیەکی روسیە و بە مانای" زۆرینە"یە. لە حیزبی کرێکارانی سۆسیال دێمۆکراتی روسیە ئەو وشەیە مانایەکی سیاسی تایبەتی بە خۆیەوە گرت. لە کۆنگرەی 1903 دا، باسێك هاتە پێشێ کە حیزبی بە دوو بەشی زۆرینەو کەمینە دابەش کرد، لایەنی زۆرینە بە" بلشویك" و لایەنی کەمێنە بە "مەنشویك" ناسران.

پ: ئایا ئەو وشانە روسین و مانای زۆرینە و کەمینەیان هەیە؟

و: بەڵێ، ئەو دوو لایەنە جیا بوونەوە و بوونە دوو حیزب. هەر دووکیان بە خۆیان دەگوت حیزبی کرێکاری سۆسیال دێمۆکراتی روسیە، بەڵام لە پێش ناوی خۆیان لە نێو پەڕانتزێك دا وشەی" بلشویك" و"مەنشویك"یان بەکار دەهێنا.

پ: ئێوە وتتان کە لە شەڕ لایەنگری ناکەن، ئێوە ئەسڵەن باوەڕتان بە دیفاعی نەتەوەیی هەیە یان نە؟

و: نا، لە وڵاتە ئیمپریالیستەکان، نەخێر.

پ: من لە بارەی ئەم وڵاتەوە پرسیارتان لێدەکەم.

و: من لە دیفاع کردن لەو وڵاتە بە ڕەوشی خۆمان بە تەواوی لایەنگری دەکەم، بەڵام هیچ باوەڕێکم بە دیفاع کردن لە حکومەتە ئیمپریالیستەکان نیە.

پ: من سەبارەت بە حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، بەم شێوەیەی کە ئێستا لە سەر کورسی

وتووێژ

دەسەڵات دانیشتووە، قسە دەکەم. ئێوە باوەڕتان بە دیفاع لەو هەیە؟

و: نا، بە مانای سیاسی، نەخێر.

پ: ئێوە بە هیچ مانا و مەفهومێك باوەڕتان بە دیفاع لەو نیە؟

و: من چەند رۆژ لەمەوبەر شیم کردەوە کە ئەگەر زۆرینەی خەڵك لە بارەی شەڕەوە تەسمیم بگرن و لە شەڕ دا بەشداری بکەن، کەسەکانی ئێمە و ئەو کەسانەی کە بیر و راکانی ئێمەشیان قەبوڵە، لە شەڕ دا بەشداری دەکەن، ئێمە نابینە رێگر لە بەرامبەر شەڕ، بەری پێ ناگرین، بەڵام باوەڕەکانمان تەبلیغ دەکەین و خوازیاری کۆتایی هێنان بە شەڕ و گۆڕینی حکومەت دەبین.

پ: ئایا باوەڕتان بەوە هەیە کە لە رێگای هەڵبژاردنەوە، دەتوانن هێزی دەسەڵات بە دەست بگرن یان کۆنترۆڵی بکەن؟

و: دەتوانین بەو ئامانجە بگەین بە مەرجێك لەگەڵ توندوتیژی سەرمایەداران بەرەورو نەبین.

پ: مەبەستان ئەوەیە سەرمایەداران بەر بە هەڵبژاردنی ئێوە دەگرن.؟

و: کاتێك کە دەڵێن هیوا بەستن بە پێکهاتنی ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵایەتی لە رێگای چالاکی پارلەمانی، بێجگە لە تەوەهوم شتێکی تر نیە، بەو مانایە کە خوازیاری ئەو نین، یان ئەوەیکە بە باوەشێکی ئاواڵەوە، بە پێشوازییەوە ناچین، بەڵکوو بە پێی زانینێك کە لە مێژوو دا بە دەستمان هێناوە و بە پێی زانستێك کە لە تەماحی چینی دەسەڵاتداری ئامرێکاوە هەمانە، لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەوان ناهێڵن وەها شێوەیەك بەڕێوە بچێت.

پ: ئەوان چۆن بەر بە ئێوە دەگرن؟

و: بە شێوازی جۆراوجۆر.

پ: چۆن؟

و: دەتوانن هەڵبژاردنەکان هەڵوەشێننەوە.

پ: تکایە شی بکەنەوە

و: دەزانن کە ئەو کارانە، زۆرجار لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان دووپات بۆتەوە و شتێکی تازە نیە.

***

موحاکمەی سۆسیالیسم، بەڵگەیەکی رەسمی دیفاعییەکانی جێیمز پی کانۆن، سکرتێری گشتی حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست، لە یەکێك لە گرنگترین دادگا سیاسیەکانی مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانە.

لەسەر و دەمانی شەڕی دووهەمی جیهانی، 18 کەس لە رێبەرانی حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست و رێبەرانی ئیییحادییەی "تیمستێرز"ی شاری "مینیاپۆلیس"، مەحاکەمەکران و بە تاوانی "پیلان داڕشتن بۆ رووخاندنی حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان" بە زیندان مەحکوم کران. ئامانجی حوکومەتی ئامریکا رێگرتن لە پێکهاتنی بەرەیەکی نەیاری دژی بەشداری ئامریکا لە کوشتارە بە کۆمەڵەکانی نێوان ئیمپریالیستەکان، لە شەڕی دووهەمی جیهانی بوو.

کانۆن لە دوو دادگادا، لە یەکێتی شۆڕەوی لە بەرامبەر ئیمپریالیسم دا، دیفاعی کرد و لەبارەی شۆڕشی رووسییەوە ئاوای وت: "بە بڕوای ئێمە، ئەو شۆڕشە گەورەترین و پێشکەوتووترین رووداوی تەواوی مێژووی مرۆڤایەتییە".

سەرەڕای کەش و هەوایەکی نالەباری زاڵ بەسەری دا، ئەو دیفاعییانە، ناوبانگی سەراسەری وەدەست هێناوە و لایەنگریی خەڵکی بەرەولای خۆی راکێشا: دەیان هەزار کەس لە مافی مەدەنی تۆمەتبارەکان پشتیوانیان کرد و ئیتتحادییە کرێکارییەکان کەنوێنەری زیاتر لە دوو ملیۆن کرێکار بوون، نێوی خۆیان لەسەر ریزی پشتیوانانی کومیتەی دیفاع لەو تۆمەتبارانە نووسی.

ئەودیفاعییانە کە شیکردنەوەیەکی سادە و ئاشکرای ئوسوول و ئامانجەکانی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕانەیە، بووەتە بەرهەمێکی هەمیشە زیندووی ئەدەبیاتی بزووتنەوەی کرێکارای.

سەرچاوە: ئارشیوی ڕادیۆ دەنگی شۆرشی ئێران، ( بە داخەوە ناوی وەرگێرەکەی لەسەر نەبوو.)

***

# شەڕی گەورە بۆ شارستانییەت

**وتووێژێکی "ژیل ئانکتێل، نوول ئەبسرواتۆر" لەگەڵ ڕابێرت فیسك نووسەری کتێبی "شەڕی گەورە بۆ شارستانییەت"**
**کات: 27ی مانگی ئۆکتۆبری ساڵی 2005ی زایینی**

*و: م. حەمامیان*



وتووێژ

***نوول ئەبسرواتۆر: ئایا شەڕ بۆ ئێوە خوویەکە کە دەبێ لە دەستی ڕزگار بن؟***

ڕابێرت فیسك: نا، شەڕ بۆ من نە جۆرێك خووگرتنە و نە هیچ شتێکە بێجگە لەوەی کە من "هەواڵنێرێکی شەڕم ئیتر لەوە گەرێین کە من لەو تەعبیرە کە ڕۆمانتیسمێکی تەزویر لەخۆ دەگرێت بێزارم، من ئەو پێداگری و بە دوادا چوونە لە باوکمی دەزانم کە لە چاو دایکم تەمەنێکی زیاتری هەبوو و لە شەڕی جیهانی یەکەم دا بەشداری کردبوو. باوکم لە مانگی ئوتی ساڵی 1918 گەیشتە سەنگەرەکانی ناوچەی "سۆم"ی فەڕانسە، جێگای سەرنجە کە سەرەڕای تەواوی یاسا و ڕێساکان، باوکم کامێرایەکی رەسم گرتنی پێ بووە من چەند وێنەیەکم لە ئاراس و لە ساڵی 1918 بە لیباسی سەربازی سوپای سەڵتەنەتی لیوێرپولەوە لێی هەیە، زۆر جوانە وەکوو بێرت لانکاستێری لاو وایە. لە دوایین ڕۆژی شەڕ یان بە واتایەکی دیکە ( یەکەم ڕۆژی ئاشتی یانی ڕۆژی یازدەی نوامبری 1918) لەگەڵ هەنگە سەربازییەکەی خۆیان لە گوندە چکۆلانەکەی لووێنکۆر، نزیك ئالبێرت ، ڕێژە ڕۆیشتووە. لە ساڵی 1956 دا تەمەنم دە سڵ بوو کە دایکم و باوکم منیان هێنایە فەڕانسە ، چەند وێنەیەکم لە ئاوایی لووێنکۆر و بە کڕاواتی نیزامیەوە لە هەنگەکەی خۆیدا لێی هەیە. لە هەمان سەرەتای مندالّیەوە لەگەڵ چیرۆکی ئەو تراژدیا گەورانە دا گەورە بووم: سۆم، وردێن، باپۆم و شەڕە گەورەکانی تری ساڵەکانی نێوان 1914 تا 1918. بە گشتی، شەڕ بۆ من وەك ڕاستیەك خۆی نواندووە و تەنانەت ناوەندێکی بنەماڵەی، لە جەریانی شەڕی جیهانی دوهەم، دایکم لە بەشی خزمەتگوزاری فەننی کاری دەکرد و رادیۆکانی سپیت فایر (Spitfire) و هاریکان (Hurricane) کە لە شەڕەکانی هێزەکانی بریتانیایی دا خەساریان وێکەوتبوو چاك دەکردەوە.

بەو پێیە، من بە بیستنی چەند شتێك کە باوك و دایکم لە بابەت ئەو شەڕە گەورەیەی دەورانی خۆیان دەیانگوت گەورە بووم. خۆم وەکوو هەواڵنێرە چاپەمەنییەکان لە ئیرلەندی باکور لە ساڵەکانی 1970 و پاشان لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست لە ساڵی 1976 بەم لاوە پێم وابوو کە شایەتی مێژووم، شایەتی نیوەی دوهەمی سەدەی دایکم و باوکم: ئەو ڕووداوانەی بە چاوی خۆم دیتوومن تا رادەیەك دەرئەنجامی ئەو شەڕە ترس هێنەرانە بوو کە دایکم و باوکم لەواندا ژیا بوون. ئەگەر چەندین کێشەیەك کە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست نا سەقام گیر دەکات بە شەڕ چارەسەر دەکرێن.

*نوول ئەبسرواتۆر: لە تەمەنی 29 ساڵەگی دا، رەژنامەی تایمز، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئێوە دەسپێرێت، بە سەرنج دان بە رابردوو، ئایا تۆ ئەو کارە وەکوو دیارییەك دەزانی؟*



رابێرت فیسك: نووسینی ئەو کتێبە بۆ من ئەزموونێکی زۆر سەخت و دژوار بوو، پێشتر وام بیر دەکردەوە کە ئەگەر ئینسان بەو شێوەیە شایەتی مێژوو بێ، جۆرێك امتیازە. رۆژێك یەکێك لە دۆستانی باوکم لە دوایین ساتەکانی ژیانی دا پێی ووتم، تۆ زۆر شتت دیوە کە هیچ کەس نەیدیوە، لە راستیدا من ئەو شانسە گەورەیەم هەبووە کە بە پێچەوانەی زۆربەی دۆستان و هاوکارانم تا ئێستا زیندوو بمێنمەوە، لە خۆم دەپرسم کە ئایا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست– یانی ئەو ناوچەیەی کە ئیجازەیان پێدام، چارەکە سەدەیەك پێشتر کاری لێ بکەم– خۆی لە خۆی دا، بێزاری یان نەفرەتێك لە من نەبووە؟ ئەمڕۆکە زیاتر لە رابردوو هەست بە نارەحەتی دەکەم کە بێ وچان شایەتی گیان لە دەست دانی ئینسانەکان بم. مانگێك لەمەوبەر چاوم بە چەندین تەرم لە ساردخانەیەك لە بەغدا کەوت. بەڵام بۆم دژدار بوو ژنێك کە بە دەستی بەستراو فیشەکێکیان لە سەری دابوو، من ناچار بووم کە عادەت بە دیتنی ئەو رووداوانە بکەم بەڵام تەحەمول کردنی رۆژ لەگەڵ رۆژ بۆ من دژوارترە.

*نوول ئەبسرواتۆر: ئەوەیکە لەم بەشە لە جیهان دا، نەهامەتی و رۆژ رەشی وەك چارەنووس و ئەمریکی دوو پاتەی لێ هاتووە، چۆن شی دەکەیەوە.*

ئێمەی ئینسانەکانی دیکە، ئێمەی رۆژئاوایی عادەتمان گرتووە کە چاو لێبکەین ببینین کە مێژوو کێشەکانمان چارەسەر بکات، ئێمە یاسامان دانا بۆ ئەوەیکە ساڵی 1945 خاڵی کۆتایی دیکتاتۆرییەکان بێت، ئێمە دەتوانین بە ئاشکرا کۆتایی شەڕی سارد دیاری بکەین و عادەت کردن بە خاڵە گرینگ و بە نرخەکانی مێژوویی، ئەو هەل و مەرجە بۆ ئێمە دەرەخسێنێت کە بڵێین فلانە ساڵ قۆناغێکی باش لە ژیانی ئێمەیە. بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خەڵك بە شێوەیەکی ئەمڕۆیی لە تراژدیایەکی مێژوویی دا بە سەر دەبەن. پەنابەرانی فەلەستینی لە ئوردوگاکانی "سەبرا و شەتیلا" کە کوشتارەکانی ساڵی 1982 لەواندا رووی دا، تەنانەت 3 کیلۆمەتر لەگەڵ ماڵەکەی من لە بەیروت مەودایان نییە و ئەوانە کە باوك یان باوە گەورەکانیان لە ساڵی 1948 لە فەلەستین دەرباز بوون، هەر وا لە حەسیر ئاوەکان لە نەهامەتی و رۆژ رەشی دا بەسەر دەبەن. لە روانگەی ئەوانەوە، بەیانیەی "باڵفۆر" کە لەودا بریتانیای گەورە بەڵێنی دەدا، پشتیوانی لە دامەزراندنی وڵاتێکی یەهوودی لە فەلەستین بکات و خەڵکانی عەرەبی ناوچەکە بپارێزێت (ئەو کارەی کە ئێمە نەمان کرد)– وێدەچێت کە هەر شەوی رابردوو مۆر کابێت، یان ئەو بەیانیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەستەمە بڵێین کە: ئیدی بەسە، ئەمڕۆ کۆتایی مێژوویەکە.

*نوول ئەبسرواتۆر: لە وەڵامی بێن لادەن کە لە ئێوەی پرسی بوو، ئایا موسڵمانن و ئێوە وەڵام تان داوەتەوە "نا، من هەواڵنێرم، پیشەی من ئەوەیە کە راستیەکان بدرکێنم" بەڵام بۆچی بێن لادەن ئەو پرسیارەی لە ئێوە کرد.*

رابێرت فیسك: ئەها، ئەو ناچار بوو بە ئەوەیکە بۆ لایەنگرانی خۆی لە ئەلقاعیدە ئەوە پاساو کاتەوە کە لە متمانە کردن بە من هەڵەی نەکردووە و خۆ بواردنی من لە گۆڕینی ئایین کە بە ئاشکرا هەوڵی بۆ دا، لە بەر چاو نەگرێت. ئەو هەر بەس بوو بڵێت: ئەگەر هەوڵی ئێوە بۆ ووتنی راستییەکانە، هەر ئەوە بە مانای موسڵمان بوونی ئێوەیە، من وڵامێکم پێ نەداوە و قسە و باسەکان لەو مەسەلە مەترسی دارە تێپەڕ بوو.

*نوول ئەبسرواتۆ: لەو سێ چاو پێکەوتنەی کە لەگەڵ بێن لادەن بووتە، ئایا هیچ کات بیرتان لەوە کردۆتەوە کە وەك دوژمنێکی ژمارە یەك لە سەراسەری جیهان بیناسێنن؟*

رابیرت فیس ك: من لەگەڵ هیچ کەس بەو پێیە وتووێژم نەکردووە کە ئایا ئەو کەسە دوژمنی ژمارەیەکە یان دەبێت من لە وەها بەر چەسپ لێدانێك لە خەڵك بێزار بووم ! دەزانی چییە!؟ کاتێك بوو کە سەرهەنگ "عبدوالناسر" ئەو کاتەی کە "کاناڵی سوئێزی" میللی کردبۆوە، وەك دوژمنی ژمارەیەك دەزانی. پاشان نۆبەی سەرهەنگ قەزافی گەیشت، دواتریش ئەبوو نەزال و خومەینی و لە دواییش دا بێن لادەن و سەدام حسێن و سەر سوڕ هێنەر تر ئەوەیکە کاتێك عبدوالناسر دەسەڵاتی لە قاهیرە بە دەستەوە گرت، ئینگلیزەکان پێشوازیان لێکرد. هەر بەو جۆرەیکە ئامریکاییەکان هاتنە سەر کاری "قەزافی" یان پێ خۆش بوو.

بێن لادەن شەڕ کردن بە قازانجی ئێمەی لە دژی ئەرتەشی شۆڕەوی لە ئەفغانستان دەست پێکرد. سەدام حسێن قارەمانی "ئێمە" لە دژی خومەینی بوو، ئێمە لە شەڕی 1950 تا 1988 پشتیوانیمان لە سەدام کرد. دەبێ بڵێم کە نزیك بە هەمووی دوژمنانی ژمارە یەك دەست پەروەردەی خۆمان بوون. ئەوەش سەیرە! مەگەر نا؟



*نوول ئەبسرواتۆر: لە راپۆرتەکانی ئێوە دا، هیچ کات ئاماژە بە بنەماکانی مێژوویی شەڕەکان ناکرێت یان لە بیر دەچێت، ئایا ئەو کارە جۆرێك رێز لێنان لە باوکتانە؟*

رابیرت فیسك: وا بزانم ئەو کتێبە بە واتایەك جۆرێك داوای لێبوردن لە باوکمە. باش وایە بزانن کە باوکم بە راستی کەسێکی دەستە راستی بوو، باوەڕی بە هێزی پۆلیس بوو و هەروەها بە سزای ئێعدام. من لە گەڵ باوکم بە دەگمەن یەکترمان دەرك دەکرد. لە ساڵی 1922 کاتێك کە لە ناوەندی بە ساڵا چوان دوایین کات و ساتەکانی ژیانی تێپەڕ دەکرد، نەم هەویست ببینم. هەڵبەت ئەمڕۆ لەو بابەتەوە بە داخەوەم. دایکم لێی جودا ببۆوە و تەنانەت لە رێ و رەسمی بە خاك ئەسپاردە کردنی دا بەشداری نەکرد. ئەو رێ و رەسمە من بە رێوەم برد و جگە لە دوو کەس کە باوکمیان دەناسی، کەس لەگەڵ من بۆ ئەو کارە هاوڕێیەتی نەدەکرد. لە ساڵی 1993 کە باوکم مرد

92 ساڵ تەمەنی بوو. بەڵام نیشانەیەك كە لە شەڕی جیهانی یەكەم دا بە ئەویان دا بوو بە من گەیشت. لە پشت ئەو نیشانەیە نووسرابوو "شەڕی گەورە بۆ شارستانیەت" كە ئەوە ئێستا بۆتە ناوی كتێبەكەی من. چونكە لە ماوەی 17 مانگ پاش شەڕی جیهانی یەكەم، سەركەوتوانی فەرانسەیی و بریتانیایی شەڕی سنورەكانی ئیرلەندی باكوور، یوگوسلاوی و گەورە سنورەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان كێشایەوە و من لە تەواوی دەورانی كاریم دا لە بێلفاست، بووسنی، بەیروت و بەغدا، بە چاوی خۆم دیتومە كە ئینسانەكان چۆن خۆیان هەر لەو سنورانە دا لەتوپەت دەكەن.

*نوول ئەبسرواتۆر: بۆچی هەمیشە دەگەڕێیەوە بۆ مەیدانی شەڕەكانی رابردووی بووسنی، ئێران، كوەیت و باشووری لوبنان؟*

رابێرت فیسك: چونكە هیچ كات جەنگەكان ئەوە نین كە لە كاتێكی دیاریكراو دا، دێنە بەر چاو. پاش كۆتایی شەڕی ئێران و عێراق، كاتێك لەگەڵ سەربازانی ئێرانی دەگەڕامەوە بۆ هێلە سنورییەكان، زانیم كە ئەو سەربازانە زۆر شێعری سەرنج راكێش و جوانیان نووسیبوو كە لەگەڵ ئەوەیكە لە شەڕی جیهانی یەكەم دا نووسرا بوون قیاسە دكران.

ئەوان لەگەڵ عێراقیە هاوئایینەكانی خۆیان هاودەردیان دەربڕیبوو، من هەمیشە دەگەڕێمەوە بۆ گۆڕەپانی شەڕەكانی رابردوو. من دەبێ مانا بەو شتە بدەم كە بە چاوی خۆم دیتوومە و هەموو ئەوانە لە بەستەر و جێگاورێگایەك دابنێم كە وئەوكاتانەی هەوڵم دەدا گیانم رزگار بكەم ئیمكانی نەبوو و بە دوای ئەوەش دا قسە لەگەڵ كەسانێك بكەم كە ئەو خەونە ناخۆشانەم لەگەڵ ئەوان دیتووە و پێیان ژیاوم.

*نوول ئەبسرواتۆر: لە نێوان ئەو كەسایەتیە مێژووییانەی كە چاوت پێیان كەوتووە لە بن لادەنەوە بگرە تا خومەینی، عەرەفات، حافیز ئەسەد و هیتر... كامیان كاریگەرییەكی زیاتریان لەسەر ئێوە داناوە؟*

رابێرت فیسك: دەبێ بڵێم، بن لادن! تەنیا رێبەرێكی عەرەبە كە بە خێرایی وڵامی پرسیارەكانی منی نەدەداوە. زۆربەی ئەو كەسانە یەكەم شتێكی كە بە مێشكیان دەگەیشت دەیان هێنایە سەر زمان، لە ترسی ئەوەیكە وەك كەسێكی نەزان نەژمێردرێن. بەڵام بن لادەن دەقیقەیەكی تەواو و لە حاڵێك دا كە بە چیلكەیەك خەریی ددانەكانی دەبوو، لە بێدەنگیەكی تەواو دا، بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەكانی من بیری دەكردەوە و ئینجا وڵامێكی كە بە باشی بیری لێ كردبۆوە، دەدامەوە.

ئەو هشچ شتێكی لە جیهان و سیاسەتەكەی نەدەزانی – بۆ وێنە چاوەڕوانی ئەوە بوو كە شەڕێكی ناوخۆ لە ئامریكا دەست پێبكات! بەڵام بە باشی هەستی بەو سوكایەتیەی كە بە جیهانی عەرەب كرابوو، دەكرد. بەو جۆرەیە كە ئەو توانیویەتی كاریگەری لەسەر زۆربەی عەرەبەكان دابنێت، چونكە ئەگەر وانەبوایە كار و هەڵوێستەكانی ئەویان قەبوڵ نەدەكرد.

*نوول ئەبسرواتۆر: لە روانگەی ئێوەوە گەورەترین كارەساتەكانی "شەڕی گەورە بۆ شارستانیەت" كامەیە؟*

رابیرت فیسك: ئەوەیە كە، دەوڵەتەكان هۆگرییە راستەقینەكانی خۆیان سەبارەت بە شەڕ بە درۆ دەربڕن و سەرەڕای ئەوەش خۆیانی لە دەست رزگار بكەن.

*نوول ئەبسرواتۆر: كاریگەری شەڕی ئێران و عێراق لەسەر ئێوە زۆر بووە. چۆن لە بابەت كەمتەر خەمكیەی جیهان لە پێناو قوربانی بوونی سەدان هەزار كەس دەدوێن؟*

رابیرت فیسك: بەڵێ وایە، ئەو شەڕە زۆری كاریگەری لەسەر من داناوە. دۆستێك پێی ووتم كە، هەر كاتێك قسە لە بارەی ئەو شەڕەوە دەكرێت، شێوازی قسە كردنم دەگۆڕێت. لە تەرمی كورژاوەكان تەپكێك دروست دەكەن. وەك شەڕی "سۆم" كە باوكم تێیدا بەشدار بوو. بەڵام هۆكاری كەمتەرخەمی باقی دەوڵەتانی جیهان شتێكی دژوار نیە. چونكە ئێمە بەشداری ئەو شەڕە نەبووین، لەو شەڕە دا سەربازێكی بە نرخ و سپی پێستی رۆژئاوایی لە ئێمە نەكوژرا. هەر بۆیە هیچ كەس مێشێكی میوان نەبوو!

سەرچاوە: گۆڤاری ژومارە 14 ئارەش

***

# جلی نوێ!

نوسین: حوسێن شێربەگی
وەرگێڕان: سەرگوڵ بێتوشی

حەمەد دەیووت: "کاتێک کە لە دووکانی پێڵاوفرۆشییەکە هاتینە دەرێ، دڵم رێک بە قەدەر دەریایەک گەورە ببوو، زۆر دڵخۆش بووم، زۆر زۆر. من و مەحمی ئێستا ئیدی بە پێچەوانەی هەموو کاتێک نوێ بووینەوە. هەر یەکەمان کراسێکی نوێمان لە بەر دابوو و جوتێکیش پێڵاوی نوێ نوێمان لە پێ بوو.

ئای چەند خۆش بوو! ساڵەهای ساڵ بوو خەونمان بە وەها سات و رۆژ و سەعاتێکەوە دەدی و ئێستا ئیدی خەونەکانمان وەدی هاتبوو. دەزانم مەحمیش هەر وەکو من بوو. روخسارمان گەشابۆوە، سەرگۆنا و لێوەکانمان وەکو گوڵەباخێك پشکوتبوون و لە خۆشیان لە کەوڵی خۆماندا نەدەگونجاین. لە دڵمدا شایییەك دەگەڕا کە هەر باسی مەکە، ئەی خوایە، هەر باسی مەکە! تەنیا شتێك کە ئازاری دەدام خێسەی خەڵك و گومانی ئەوان بوو."

خەڵك کە دەگەیشتنە حەمەد و مەحمی رادەوەستان و بە چاوی گومانەوە بیرازیان دەکردن، هەموو کەس بە پێچەوانەی هەموو کاتێك پێیان سەیر بوو کە ئەو دوانەیان ئاوا پاك و خاوێن و رێك و پێك دەبینی و لە دڵی خۆیاندا دەیانوت: " منداڵە سواڵکەر و ئەو هەموو ئەدا و ئەتوارە"!!

مەحمی دەیووت: حەمەد، تۆ گیانی خۆت بە وردی تەماشای ئەو خەڵکە بکە، باش تەماشایان بکە. کەسێك نییە پێیان بڵێت ئەی بێ دینینە گورگتان بینیوە؟ چیتان بینیوە کە ئاوا تەماشای دەکەن؟ یانی ئێمەی



چیرۆك

هەژار و نەدار بۆمان نییە بۆ یەك جاریش لە ژیانماندا جلی جوان لە بەر بکەین و خۆمان بڕازێنینەوە؟ ... ئەرێ هەر بە راستی لە گەڵ بەستەنییەك چۆنی؟

حەمەد دەیووت: چوینە ناو شیرینی مەنییەکەوە، وەك بەگزادەکان لە پشت مێزەکەوە دانیشتین! بەڵام ... ئەوەی ئێمە بینیمان کەس نەیبینێ، هێشتا "ب"ی بسم الله مان نەوتبوو و داوای بەستەنیمان نەکردبوو کە ... کڵاو سەوزێك، ئەرێ برادەر کڵاو سەوزێکی راستەقینە،

بەڵام وەکو ئەجەل گەیشتە سەرمان و بێ پێشەکی هاواری کرد:

ـ بەڕێزان ببوورن، سەرپێیەک تا وەکو بنکەی پۆلیس وەرن ... تکایە!

رەنگ بە روویانەوە نەما، بنکەی پۆلیس؟ ...! چاوێکیان لە یەکتری کرد، بڕیاری پۆلیس بوو و دەبوایە جێبەجێ بکرێ. بە ترس و لەرزەوە لە گەڵ پاسەوانەکە رۆیشتن. کاتێک ترسەکەیان زیاتر بوو کە مەحمی لە پاسەوانەکەی پرسی:

ـ چی بوە بەڕێز؟ بۆچی دەمانبەنە بنکەی پۆلیس؟

پاسەوانەکە بە سارد و سڕی وەڵامی دانەوە و وتی: شتێکی گرینگ نییە لە بنکەی پۆلیس روون دەبێتەوە!!

کە چوونە ناو بنکەی پۆلیس، کەشەکە لێڵتر خۆی دەنواند، دیوارێکی زەرد، داڵانێکی دوور و درێژ، شوێنێکی زۆر بێدەنگ و لە کۆتاییشدا ژووری بەرپرسەکە. بە تایبەتی سرتە سرتی ئەو پاسەوانەی کە ئەوانی هێنابوو لە گەڵ بەرپرسەکە و نێوچاوانی گرژ و مۆنی بەرپرسەکە بە جارێک تۆقاندنی.

حەمەد دەیوت: بەو چپە چپە و سرتە سرتەش رانەوەستان و هەر ئەوەندە کە پاسەوانەکە هەنگاوێک لە بەرپرسەکە دوور کەوتەوە، بەرپرسەکە زۆر بە تووڕەییەوە هاواری کرد: ئەحمەدی گیرفانەکانیان بپشکنە!

زۆر سەیر بوو! چونکە لە بەر دەرگا گیرفانەکانمان پشکێندرابوون و جگە لە بڕێکی کەم پارەی دڕاو هیچمان پێ نەبوو. هەر ئەوەندە کە پاسەوانەکە بڕە پارەکەی لە گیرفانمان دەرکێشا، بەرپرسەکە هەمدیسان هاواری کرد!

ـ ئەحمەدی پارەکەیان بخەرە سەر مێزەکە!

مەحمی دەیوت: پارەکەیان خستە سەر مێزەکە، هێشتا چاوێکمان هەر لە پارەکە بوو کە بەرپرسەکە هاواری کرد:

ـ بەڕێزان بە چ پارەیەک جل و پێڵاوی نوێتان کڕیوە؟

ـ بە پارەی خۆمان! ئەوە وەڵامێک بوو کە هاوکات لە دەمی هەردووکمان هاتە دەرێ.

ـ یانی وتتان بە پارەی خۆتان!! خۆتان پارەتان لە کوێ بوو؟ ئەوەش وەڵامی بەرپرسەکە بوو کە بە ئێمەی دایەوە و بە دوای قسەکانیدا بە بێ راوەستان هاواری کرد:

ـ دایک ... راستییەکەی بڵێین، دەڵێم دارتان تێبڕن، پێتان وایە شاری هێرتە هەر گویەک کە بتانهەوێ بیخۆن و هەر غەڵەتێکیش کە بتانهەوێ بیکەن؟ پێتان وایە دەتوانن دەست و گیرفان بڕن و جانتای خەڵک بدزن؟ نا گیانە، خراپ لێی تێگەیشتوون، دەڵێم دارتان تێبڕن ...



ـ بۆچی جنێو ئەدەی؟ بۆ ئێمە چیمان کردوە؟

ئەوە قسەیەک بوو کە لە ناکاو لە دەمم دەرپەڕی. بەڵام هێشتا وشەی کۆتاییم نەوتبوو کە بە زللەیەکی بەرپرسەکە بناگوێم ئاگری تێبەر بوو، هەر دوو چاوم خەریک بوو دەرپەڕێ و تا هاتم بزانم چی بوە لە لایەن پاسەوانەکە و بەرپرسەکەوە وەبەر مست و پێلەقە کەوتین ...

بە هەر حاڵ، کوێت دێشێ، ئەو بێ ویژدانانە هەتا توانیان جنێویان دا و لێیان داین. سەر و گوێلاک و دەم و ددانیان تێک شکاندین، کراسەکانمان تەواو خوێناوی ببون و جا دوای هەمووی ئەوانەش هەموو شتێک سەر لە نوێ دەستی پێکردەوە.

ـ دەنگی بەرپرسەکە: دایک قەحـ... هەتا نەتانکوژم ئازادتان ناکەم، راستییەکەی بڵێن بە چ پارەیەک پێڵاو و جلی نوێتان کڕیوە؟ ئێوەی کە دایک و باوکتان نییە، ئێوەی کە کار ناکەن، کەواتە پارەتان لە کوێ هێناوە و پێڵاو و جلی نوێتان پێ کڕیوە؟

حەمەد دەیووت: وتم گەورەم، بە خوا، بە پێغەمبەر، بە شێخ و مەشایخ، دایکم سێ رۆژ لەمەوبەر مرد، بەڵام پێش مردنی، نازانم چەندە لە مەوبەر برە پارەیەکی بە ئەمانەت سپاردبوە دەستی سۆفی کا نەبی گۆزە فرۆشی جیرانمان. ئەمڕۆ بەیانی سۆفی کا نەبی هاتە ماڵمان و بە ئامادەبوونی جیرانەکانمان ئەو برە پارەیەی دامەوە. دوای رۆیشتنی سۆفی من و مەحمی بەو پارەیە ئەو پێڵاو و کراسانەمان کڕی، ئەوەش باقی پارەکەیە کە لە سەر مێزەکەیە، دەڵێی نا، بڵێ با سۆفی و جیرانەکان بێن بۆ ئێرە، لەوان بپرسە، ئەگەر درۆ بوو بمانکوژە ... وەڵڵا ئەگەر درۆ بوو لە سێدارەمان بدە.

مەحمی دەیوت: وەڵڵا بڵێم چی، بۆچی سەرتان بێشێنم، لێکۆڵینەوەیان کرد، چوون لە جیرانەکانیان پرسی، سۆفی کا نەبیان کێشایە بنکەی پۆلیس و کەوتنە پرسیار لێکردنی ... تازە دوای هەموو ئەوانە جا ئێمەیان ئازاد کرد. کاتێك بانگیان کردین کە لەو ژوورەی کە تێیدا دەست بە سەر بووین بێینە دەرەوە و گوڕی خۆمان ون کەین، بەرپرسەکە پێی وتین: زۆڵی حەرامزادانە ئەو جارە سۆفی زۆری تکا بۆ کردوون تاوەکو بتانبوورین، قەیناکە بەرتان دەدەین، بەڵام بزانن لە ژێر چاوەدێریدان، وای بە حاڵتان ئەگەر پێ خوار دابنێن، جارێکی دیکە لێرە بتان بینمەوە بە خوا پێستتان دادەماڵم، لە گۆڕەپانی شار هەڵتان دەواسم تا وەکو ببنە پەند و عیبرەت بۆ خەڵکی تر.

حەمەد دەیوت: لە بنکەی پۆلیس هاتینە دەرێ، خەمبار، نارەحەت و تووڕە بووین. بە بێدەنگی شۆستەکانمان دەپێوا. دوایی چووینە پارکی شار، بە دوور لە چاوی خەڵك، لە سوچێکی چۆڵ لە سەر کورسییەك دانیشتین و بە کوڵ گریاین!!

ئاخر بۆچی؟ چیمان کردبوو؟ لە سەر چی ئەو هەموو لێدان و کوتانەمان خوارد؟ ئەی خوایە لە سەر چی؟ ئێستا چیمان لە دەست دێ؟

حەمەد دەیووت: بە (مەحمی)م دەوت: مەحمی خۆزگە چەکێکم هەبوایە، خۆزگە چەکێك، دەمانچەیەك، ... ئاخ چی بڵێم؟

مەحمی دەیووت: حەمەد ... حەمەد ... ئەزانی چییە؟ وەرە با بچین دوو چەقۆی زامندار بکڕین، لە سەر سوێی کۆڵانی ماڵەکەیان دەبینە کێشك. کە دیار کەوتن برۆنە ماڵەوە، یان کە لە ماڵ هاتنە دەرەوە، بە چەقۆ زامندارەکە دەکەوینە گیانیان.

حەمەد لە وەڵامدا وتی: براکەم، تۆ گیانی من لە سەرە خۆ، پێتوایە چەقۆی زامندار دەرەقەتی دەمانچە دێ؟

حەمەد دەستی کرد بە گیرفانەکانیدا، گیرفانەکانی گەڕا، هەر گیرفانەی دووسێ جار گەڕا، بەڵام گیرفانەکانی بەتاڵ بوون.

هەموو دارونەدارەکەیان هەر ئەو پارەیە بوو کە لە بنکەی پۆلیس لێیان وەرگرتبوون و نەیاندابوونەوە.

حەمەد وتی: مەحمی، کەواتە پارەکەمان لە بنکەی پۆلیس مایەوە ... بچین وەری بگرینەوە؟

مەحمی لە وەڵامدا: ماشاڵڵا ... زۆر بە غیرەتی، رەمەزانمان جوان گرت نۆرەی شەشڵانە! براکەم کوێت دەخوری؟ بگەڕێینەوە بۆ بنکەی پۆلیس بۆ ئەوەی پێستمان داماڵن؟ ...

حەمەد دەیووت: مەحمی گیان، ... مەحمی ... دەڵێم ... ئێستا کە ناتوانین چەقۆی زامندار بکڕین، وەرە با بچین بۆ بێشەڵانی تەنیشت چۆمەکە، دوو داردەست پەیدا بکەین و ئەو کات بە داردەستەکان ...

مەحمی دەیوت: لە سەرەخۆ گیانە، لە سەرەخۆ، داردەست دەرەقەتی باتوم و دەمانچە و بنکەی پۆلیس نایەت ... با بچین کار بکەین، کار بکەین و پارە کۆ بکەینەوە ... ئەو کات ... کاتێك کە دەوڵەمەند بووین، ئەرێ کاتێك کە دەوڵەمەند بووین ... دەکڕین ...

حەمەد دەیووت: ئا ئا ... رۆژێك کە دەوڵەمەند بووین؟ نا،نا ... مەحمی، ئەو رۆژە قەت وەدی نایەت، قەت.

مەحمی دەیووت: کورە بێ هیوا مەبە، مادام زیندووین، هیوایەك هەیە! ئەرێ مادام زیندووین ...

دواتر هەستان، دەمەو ئێوارە بوو، چوونە قاوەخانەی عەباس ئاغا و لە سوچێکەوە هەڵکورمان ... ئەرێ ... لە سوچێك هەڵکورمان!

***

چیرۆك

# ئێوارەیەك لەگەڵ سارا

*ن: ناسر حەقپەرەست*

ئـەمرۆش خۆرەتـاو وا خەریکـە ئـاوا دەبـێ، لـە پەنجەرەکـەوە تیشـکێکی زەرد و مـات دەرژێتـە ژوورەکەمەوە. تا بەرەو لێواری وون بوون دەخزێ، پتر بە قـەدی دیـواری ژورەکـەما هەڵدەکشـێ. خەریکـە لـە تابلۆیەك نزیك دەبێتـەوە کە تێیدا کچۆڵەیەکی هـەژاری ویلیۆن ژەن، ویلیۆنەکەی لەسەر کۆشی داناوە و لەسەر شەقامێك دانیشتووە...

ئـەو لـە رووبەڕووم‌ـدا زۆر ماتـەمبار دانیشـتبوو، لاقـەکانی بـە توونـدی لـە ژێـر خۆیـدا نوشـتاندبۆوە. ئیسـتیکانە چـاییەکی لـە نێـوان پەنجەکانیـدا رێکدەگوشی، هەر کە بە تەواوی هەستی بە گەرماکەی دەکـرد، پەنجـەکانی بـەرز دەکـردەوە... بـەردەوام ئـەو کارەی دووپات دەکردەوە. لە سوچێکی پەنجەرەکـەوە خۆرەتاوی دەمەو ئاوا بوون بەسەر لایەکی ڕوخسارییەوە لەنگەری گرتبوو... بریقەی خۆرەتاو لە چاویدا سەرنج ڕاکێش بوو.

دوای بـەخێر هـاتن و چـاك و خۆشـی، بێدەنگییـەکی وای ڕاگرتبـوو، نەمـدەتوانی سـەری قسـەی لەگەڵـدا بکەمـەوە. بـە ڕواڵـەت خـۆم بـە (هەنـد)ێکـەوە خـەریك کردبوو، بەڵام دەمویست بزانم ئەو چ دەکات. لە هـەمان حاڵـدا هـەردووکمان وامـان دەنوانـد کـە گوێمـان لـە گۆرانیەکی فارسی گرتووە...



یەکەم جار کە سارام بینـی نزیکـەی سـاڵێك لەمەوبـەر بوو، لەگەڵ پووری لە مەریوانەوە هـاتبوون بۆ سلێمانی بـۆ سـەردانی بـاپیری. بـاپیری سـارا کـاتی خـۆی لـە نەیارانی هاتنە سەر کاری حکومەتی یسلامی لە ئێران بووە و دواتـر ناچار بووە مـاڵ و منـداڵ جێبهێڵـێ و ڕوو لـە ئـەوروپا بکـات. ئێسـتا بـەو هۆیـەی کـە نـاتوانێ بچێتەوە بۆ ئێران، بەشێك لەو ماڵەی کە من تێیدا دەژیم بـەکرێ گرتـووە و زیـاتر لـە نیـوەی سـاڵ دێتـەوە کوردستان. کەسێکی زۆر قسە خۆش و بە ئەزموونە، تا ڕادایەك عادەتمان بە یەکتر گرتووە.



ئەو کات کە سارام بینی، دەرفەتێکی وا نەڕەخسا تا باش پێکەوە ئاشنا بین. تەنیا چەند جارێك لە کاتی هات و چۆدا لە ناو ڕێڕەو و حەوشەدا پێکەوە سڵاو و چاك و خۆشیمان کرد. دوا جاریش کە خەریك بوو دەرۆیشتنەوە ژمارەیەکی پێدام و وتی: ئەگەر باوە گەورە کارێکی بوو تەلەفۆنمان بۆ بکە. ئێستا خۆرەتاو نزیکەو ئاوا بوون بوو، تەواو کەتبووە سەر دیوارەکە. بەڵام هێشتا بە تەواوی سارای بەجێ نەهێشتبوو.

خۆرەتاو لەسەر پۆلێك تاڵی زوڵفی کە لەژێر لەچکە توندەکەیەوە دەرکەوتبوو، تابلۆیەکی سەرنج ڕاکێشی وێنا کردبوو... ئەو دیمەنە ماتەمبارە دیسانەوەش دوپات دەبۆوە. قژی وەك دارستانێکی چڕی دواهەمین ڕۆژەکانی وەرزی پاییز دەچوو کە دەمەو ئێوارە خۆرەتاو لە کاتی ئاوا بووندا بە شێوەکی تەواو ئاسۆیی دەڕژێتە ناو لق و پۆپەکانیەوە. دواهەمین وێستگەی خۆرەتاو لە ژورەکەما سەر تابلۆی کچۆڵەیەکی هەژاری ویلیۆن ژەنەکە کەوتبووە پشت سەری سارا کەمێك بەرزترەوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە دەهات ڕوناکی ژورەکەم جێ بهێڵێ، هەستام گڵۆپەکە داگیرسێنم. سەری هەڵبڕی و ئیستیسکانە چاییەکەی بەرز کردەوە. بە توندی لە نێوان پەنجەکانیدا ڕایگرتبوو، ئەوەندەی زەخت لێ دەکرد لەوە دەچوو بیهەوێ وردی بکات! قەندێکی خستە زاریەوە و بە ئەستەم قومێکی لێدا، وادیارە لە یادی چوبۆوە لە کەیەوە لە پێشی داندراوە.

کە دانیشتمەوە پێم وت: چۆن بوو لەگەڵ دایکدا نەهاتی؟

چاوێکی لێکردم و بزەیەکی ماناداری هاتێ. لە پاش ئەو ماوەیەی کە لە بێدەنگیدا پشت سەرمان نابوو، ئێستا هەستمان بە جۆرێك ئاشنایی دەکرد. بۆ ئەوەی لەو حاڵ و هەوایە بێینە دەرێ، وتم: دەی کەمێك باسی خۆت بکە، خەریکی چی؟

لێوەکانی بە نیشانەی بزەیەکی تر لێك کیشایەوە و وتی: خانەداری (ماڵداری)

- چۆن بوو لەگەڵ هاوسەرەکەت نەهاتی؟
- هاوسەرم نییە...
- یانی تا ئێستا زەماوەندت نەکردووە؟
- با، بەڵام

بۆ ماوەیەکی کورت چووە ناو خۆیەوە، دواتر بە ئەستەم لێوەکانی تەڕ کرد و زۆر بە خێرایی و تۆنێکی نزمەوە وتی: ڕاستیەکەی بێوە ژنم. (پێکەنینێکی کورتیش بە دوایدا)

شتێك هاتەوە یادم، جارێك لە شیرینی فرۆشیەك خەریکی بەستەنی (دۆندرمە) خواردن بووم، مشتەریەك هاتە ژوورەوە.... تازە لاوێکی 16 – 17 ساڵ تەمەن، تا بڵێی جوان و شیك پۆش، قژێکی ڕەش و نەرمی بەلای چەپی ڕوخساریدا بەردابۆوە، بە جۆرێك کە چاوێکی ئەسلەن بە دەرەوە نەبوو! بۆم بوو بە پۆسیار، کاتێك چوومە لای دوکاندارەکە حیسابی لەگەڵ بکەم، لە ئاوڕدانەوەیەکدا بۆم دەرکەوت چاوێکی کوێرە.

وتم: قەیناکە بۆم باسکەی بۆ جیا بوونەوە؟

خێرا وتی: ئەو جیا بۆوە.

- نزیکەی 9 ساڵ لەمەوبەر محەمەدی برام خوشکەکەی کەماڵی خۆش دەویست. ئەوانیش هاتنە داوای من... ئێمە ئەسڵەن یەکترمان نەدەناسی. ئەگەر چی هێندێك هەستی نامۆیی و شەرممان تێدا بوو، بەڵام

چیرۆك



لە سەرەتادا بێ کێشە بووین. چەند ساڵێک بە یەکەوە لە مەرز کۆڵبەریمان کرد، دواتر سەرمایەکەمان دا بە ماشینێک و کەماڵ باری پێ دەبرد بۆ تاران. پاش 5 ساڵ کاتێ ویستمان منداڵمان بێت، من نەمدەتوانی. لە مەریوان چووینە لای دوکتۆر، ئەو وتی: لە تاران چارەسەر دەکرێ. بەڵام کەماڵ کەوتە بەهانە و هەر جارە و بە بیانوییەک وەدرەنگی دەخست. ئەمجار کەمتر دەهاتەوە زۆر جار لەسەر ڕەنگی چایی تامی چێشت... هەڵای دەنایەوە. هەموو جارێکیش ئەمە دواهەمین قسەی بوو، من ناتوانم لەگەڵ کەسێکی نەزۆکدا بژیم، دەزانی دەڵێم چی؟

سارا کە هەروا بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەگێڕایەوە جار جارێک بە نیگەرانیەوە چاوی لە من دەکرد... من بێدەنگیم پێ باشتر بوو.

باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن کەماڵ بردویەتیەوە ماڵی باوکی. کێشە دوای ساڵێک بێنە و بەرە دەچێتە دادگا...

– ئەو ڕۆژەی بۆ دواهەمین جار چووینە دادگا، کاتی هاتنە دەر لە ناو حەوشی دادگا محەمەد و هێرۆ بە چاوی تەڕەوە خەریکی ماڵئاوایی بوون. ئارام کە تا ئەو ڕۆژە لای دایکی بوو، ئێستا لە دەستی محەمەد دا دەگریا ... باوەڕکە دیمەنێکی زۆر ناخۆش بوو. خەڵکی ناو حەوشەکە زۆر زووتر لەوەی کە من پێم وابوو، بە مەسەلەکەیان زانی و کۆڵێکیان تف و لەعنەت کردین. ئەو فیلمە قارەمانێکی نەبوو، بە نیوە کارە مابۆوە و ئەوەی بیری لێ نەکرابۆوە بەشی دووهەمی بوو.

کاتێک لە حەوشە هاتینە دەر باوکم هاتە لامان و زۆر بە غروورەوە وتی: وێڵیان کەن، گەردنیان شکیا...

ئارام هەروا دەگریا... باوکم خێرا لای دەستفرۆشێک بیسکویتێکی بۆ هێنا و بە محەمەدی وت: مەهێڵە بگری شورەییە...

دوای ماوەیەک زەنگی دەرگا لێدرا، بە پەلە هەستا و ڕۆیشت. کە چووم دەرگام کردەوە دایکی بوو، دیار بوو زۆر ماندوو بوو.

کاتێک سارا بە پیریەوە هات، دەستەکانی کەفاوی بوون. دایکی وتی: باوە گەورە هەستاوەتەوە؟... برا تا دەرمانەکانیم پەیدا کرد...

ڕۆژی دواتر لەسەر شەقام دیتم بەرەو ماڵ دێنەوە. کەمێک لە دوای ئەوانەوە بووم. سارا مانتۆیەکی ڕەش و شەلوارێکی شینی لەبەردا بوو، وەک هەمیشە کەمێک لە قژی لەژێر لەچکە توندەکەیەوە، بە دەرەوە بوو. جۆری ڕۆیشتنەکەی زۆر نامۆ بوو... بە شێوەیەک هەنگاوی دەنا وەک ئەوەی ئەژنۆکانی نەنوشتێتەوە، زۆر لەسەر هەست دەرۆیشت، دەتووت لەسەر سەهۆڵ ڕێدەکات!

لە کاتی چوونەوەدا سارا دیسانەوەش ژمارەکەی خۆیانی لا جێ هێشتم و وتی: جار جار زەنگم بۆ لێدە.

ئەوە دواهەمین دیداری سارا بوو، بەڵام پاش 3 ساڵ، تا ئێستاش هەر ڕۆژێک لە کاتی خۆر ئاوا بووندا لە ماڵ بم، سارا دەبینم.

ئەمڕۆش خۆرەتاو وا خەریکە ئاوا دەبێ، لە پەنجەرەکەوە تیشکێکی زەرد و مات دەرژێتە ژورەکەمەوە. تا بەرەو لێواری وون بوون دەخزێ، پتر بە قەدی دیواری ژورەکەمدا هەڵدەکشێ. خەریکە لە تابلۆیەک

***

# گوللە بە جێگای نان بە یەکسانی دابەش کرا

*ن: مینا ئەسەدی*

*و: محەمەد حەمامیان*

چیرۆك

ئەگەر تەنانەت پەنجەرەیەك کراوە بێ

ئەگەر تەنانەت باڵێك بۆ هەڵفڕین ببێ

من دەتوانم پێی بفڕم و نیگای دونیای دەرەوە بکەم

من دەتوانم خۆر بدۆزمەوە.

هاتبوو کچەکەی بباتەوە، کەل و پەلی کچەکەیان لە پرێسکەیەکدا پێ ئەسپاردەوە، کاتێك دایك هەراسان، بە ترس و لەرزەوە پرسیاری کردبوو ئازەر، ئەدی کچەکەم ئازەر کوا؟ مەگەر قەرار نەبوو ئازاد بکرێت، پاسدارەکان لە ژێر قاقای پێکەنینیان دا و کوتیان ئازاد بوو، ئازادی ئازاد، وە لە حاڵێکدا کە پرێسکەکەیان بە زۆری خستە ژێر باڵی ژنەکە، بە لۆمە کوتیان برۆ دایە بە سلامەت، ئەوانەش لەگەڵ خۆت بەرەوە و بە یادگار هەڵیانگرە ...

هاتبوون کوڕەکەیان ببەنەوە، پێکەوە هاتبوون و خۆیان بە جل و بەرگی جوان ڕازاندبۆوە هەر وەك ڕۆژی جێژن. نەوەکەشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو.

منداڵێکی حەوت ساڵە کە لە کاتی دەستگیر بوونی باوکیدا یەك مانگێك بوو کە چاوی بە دونیا پشکوتبوو و ئێستا بە لەتێك شیرینی لە دەستدا لە خۆشی دیتنی باوکی لەسەر پێ ڕانەدەوەستا.

مەئمورەکان هاتن، پرێسکەیەکیشیان بەوان دا، دایکی کوتی، ئەدی کوا یوسف؟ بۆخۆی کەی دێت؟ لە بێدەنگیدا تەماشای دایکیان کرد،

باوکی کوتی: دەبایە ئەوڕۆ ئازاد ببوایە!



مەئموورەکان پێکەنین و کوتیان، لێرە "دە بێ" مانای نییە، "ڕەنگە" مان هەیە بەڵام "دەبێ" مانای نییە. دەنگی شیوەن و زاری هەستا: یوسف... یوسف... منداڵەکە دەستی بە گریان کرد... بابە...یوسف

یەکێك لە مەئمورەکان کوتی: لێرە شیوەن و گریان قەدەغەیە!

مەگەر ماڵ و حاڵتان نییە، بڕۆن بچنەوە لەوێ شیوەن بگێڕن. ئەوی دیکەیا کوتی: یوسف وون بووە دیسان دێتەوە ئاغا گیان خەم مەخۆ. مەئمورەکانی دیکەش لە قاقای پێکەنینیان دا...

پیرە پیاوی گۆچان بە دەست خۆی گەیاندبووە پشتی دەروازە گەورە ئاسنینەکەی زیندان، هەرچەند گەڕا کوڕەکەی نەدۆزیەوە، بە نیگەرانی بە گۆچانەکەی لە میلەی دەروازەکەی کوتا. پاسدارێک لەو دیو دەرگاکەوە کوتی: بەو حاڵ و وەزعەوە هاتووی لێرە چی بکەی؟

–ببورن سەرکار: موحسینی ئێمە ڕۆیشت؟

–موحسینی ئێوە؟

–بڕیار وابوو ئازاد بکرێ، دەرەنگ گەیشتم وامزانی ڕەنگە ڕۆیشتبێ.

– پاسدارەکە بەبێ تاقەتیەوە کوتی: هەموویان ئازاد کران. هەموو ڕۆیشتن. مەئمورێک کە لە دیوێکی پێش زیندانەوە دانیشتبوو هەرای کرد. کاری بە کێیە؟

–سوراغی موحسین دەپرسێ

–کوتت کە ئازاد کران!؟

–ئەرێ کوتم بەڵام ئەقڵی پێ ناشکێ و نافامێ،

مەئموری نێو دیوەکە هەرای کرد: برۆ مامە موحسین ڕۆی.

–ڕۆی؟ بۆ کوێ ڕۆی؟



پاسداری یەکەم بە پێکەنینەوە دوتی: چوو بۆ لای خودا

ئیشەڵڵا کاتێک تۆش ڕۆیشتی بۆ لای خودا، یەکتر لەوێ دەبیننەوە...

پیرێژن هاتبوو نەوەکانی بباتەوە، پێشتر لەوە کوڕ و بووکەیان کوشتبوو

–ئەدی عەلی و میهری چیان لێ هات؟ بۆچی نایەن.

–برۆ دایە... برۆ بە خەیاڵی ئاسوودە سەربنێوە، هەموویانیان لە سێدارەدا، تەواو بوو.

پیرێ ژن بە دەنگێکی بەرز کوتی: کوڕەکەگیان! گوێچکەم باش نابیسێ... کوتت چیان لێهات؟ کوئموری نێو دیوە چکۆلەکە کوتی: هیچ دایە هیچ ئاویان کێشان و دایان چۆڕاندن.

بە شیرینیەوە هاتبوو، هاتبوو بیتاکەی بباتەوە ئەو کچە تاقانەیەی کە تاوانەکەی تەنیا بەشداری لە خۆپیشاندانێک بوو، لە دیتنی ئەو هەموو ژن، پیاو... پیر و لاوانەی لە سەر و سینەی خۆیان دەدا، ترسی لە دڵ نیشت، نا خەیاڵ نەکا بیتای ئەو شتێکی لێ هاتبێت، دەبوایە ئەو ڕۆژە ئازاد ببوایە. تازە لە کوێی دونیا کەسێک بە تاوانی بەشداری کردن لە خۆپیشاندانێکی ئاسایی دا دەکوژن؟! نا مومکین نەبوو کە ئەوبەڵایەیان بەسەر هێنابێت،

بەلالە پەتی پرسی: ئەدی بیتای من...

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو یەکێک لە پاسدارەکانی پێش دەروازەکە گوراندی: بەرادەر...کەسێك بنێرە پرێسکەکەی بیتا بهێنێ و بیدات بەو دایکەی، پاداشی هەیە! دایك هەراسان لە سینەی خۆی کوتا

–ئەدی بیتا بۆخۆی. بیتا بۆخۆی

–پاسدارەکان لە ژێر لێوەوە کوتیان، خودا عافوی کات، خودا لە تاوانەکانیان خۆش بێت.

* * *

هەمووان هاتبون. هەموو ئەوانەی کە خۆشەویستێکیان لە زینداندا بوو. هاتبوون میهریەکەیان ببەنەوە. زەهراکەیان ببەنەوە

هاتبوو عەلی، ئەحمەد، بابەك، سیمین...گوڵێ، مەسعوود، حەمید، شوهرە، سەعید، فاتی، پەری، زوهرە و ... مەحموودەکەیان ببەنەوە، بەڵام هیچکام نەیانتوانی خۆشەویستەکانیان ببینن، هەمووان تەنیا کەلوپەلی زیندانیەکانیان پێ درایەوە لەگەڵ ولامێکی سەرسەرەکی و سەرئەنجام کە لە دووپات بوونەوەی پرسیارەکان وەڕەز بوون بە لۆمە و پێکەنینەوە کوتیان: میهر نووش فری... عەلی، ئەحمەد، مەحموود، زوهرە و بابەك و پەری فرین... تەواوی کافرەکان فرین. یانی هەموویان هەڵفرین و دەرباز بوون!

تەواوی زیندانیەکانیان کوشتبوو، دەستوور لە سەرەوە هاتبوو کە نەهێڵن تکەیەك خوێن لەسەر عەرز برژێت!! بەو هۆیە کەسێك تیر باران نەکرا.

ئیعدامە بە کۆمەڵەکان بە شێوەی لە سێدارە دان ئەنجام درا.

دەستە بە دەستە گەنجان و نەو نەمامانی بیر جیاوازیان لە زیندان هێنایە دەر و لە موحاکەمەیەکی سێ خولەکیدا کە بەشی هەرە زۆری ئەو موحاکیمەیەلە سالۆنی ئامفی تیئاتری زیندانی گەوهەر دەشت ئەنجام درا مەحکووم بە مەرگ کران و چەند ساتێك دواتر حوکمەکە بەرێوەدەبرا. جیا لە هەندێك لە زیندانیەکان کە پێشتر مەحکووم بە ئیعدام کرابوون، زۆرتری زیندانیەکان ماوەی زیندانی بوونیان تێپەڕاندبوو و بڕیار وابوو هەمان ڕۆژ ئازاد بکرێن...



هاوینی ساڵی 67 تان لە بیرە؟

لە مانگی خەرمانانی 67 بنەماڵە گەلێکی زۆر بە هۆی مەرگی خۆشەویستەکان یان شینیان گێڕا، لەو ساڵە دا ڕژیمی جەهل و دژی ئینسانی بۆ ترساندنی نەیارانی خۆی سەدان کەس لە باشترین گەنج و ڕۆڵەکانی ئێرانی لە سێدارە دا هەتاکوو دەنگی ئازادیخوازی و بیر جیاوازیان لە گەروودا بخنکێنێ و ئەو کارە ببێتە دەرسێك بۆ کسانی دیکە، دواتر تەرمی ئەوانیشەوانە و بە کۆمەڵ و لە گۆڕە بێ ناو نیشانەکاندا حەشار داو بەو جینایەتە قێزەونە لاپەڕەیەکی دیکەی خستە سەر کار نامەی ڕەش و نگریسی دەسەڵاتدارییەتی خۆی.

ئایا ئەو کوشتارانە ترس و دڵە ڕاوکێی خستە ناو دڵی کەسانی دیکەوە؟

نا... بە دڵنیاییەوە نا. مانگرتن لە خواردنی زیندانیانی سیاسی زیندانەکانی عادڵ ئابادی شیراز و ئیسفەهان و هەروەها مانگرتن لە خواردنی زۆربەی زیندانیانی سیاسی زیندانی تەوریز بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ ئەو بانگەشەیە. لەو مانگرتنە دا شەش زیندانی سیاسی گیانیان بەخت کردووە چوار کەسیش بێ سەر و شوێن بوون.

* * *

ئەوان لە سەری بڕاو نەترسان و جارێکی دیکەش هاتنە ناو گۆڕەپانی خەبات، دارەکان هەمیسان چرۆیان دەرکرد و بە جێگای هەر گوڵێکی پەڕ پەڕ کراو هەزاران خونچەی پشکوت.

سەرچاوە: کتێبی لەبەرچی ماتڵ بوون

***

# کتێب

ن: حسێن شێربەگی
و: شەماڵ

هەموو دەڵێن لاوی، لاوی، بەلاّم ئەگەر کراوە لەم دونیایەدا تەك وتەنیا من بم وبەس، هەراسێکم نیە وبەتەنیایی هاواردەکەم: منداڵی، منداڵی، منداڵی من کەوەها بوو، منداڵی ئێوە خۆتان دەزانن. زەمەن زەمەنی ڕۆژە شیرینەکان وخەون و وەهمەکانی منداڵی ومنداڵانە بوو. دوای تێپەڕینی ئەم هەمووە ساڵە هێشتاش چاوەکانم لێك دەنێم وبە هەڵفڕین دەگەڕێمەوە بۆ ئەو ڕۆژانە. ڕۆژانێکە هێشتا نەچووبوومە خوێندنگا. نەورۆز نزیك دەبووەوە و ئێمە هاوڕێیان ومنداڵانی گەڕەکەکان خولەك ژمێریمان دەکرد بۆ گەیشتنی شەوانی (چلەقاوان) چوارشەممە سووری وئاگری نەورۆز. بەلاّم هێشتامابووی، لەوانەیە مانگێك. شەوێك لەم شەوانە بابم پرسیاری لە من وبرا بچووکەکەم کرد: مناڵەکان، ئەگەر لێتان بپرسم دڵتان بەچیەوەیە بۆتانی بکڕم، چی دەڵێن؟

براکەم وەکوو هەمیشە ئاواتی هەبوونی مریشك وکەڵەباب وکۆتر و قەرقی (باشوو) پەلەوەرەکانی بوو. بەلاّم من نا، من هەرجار دڵم بەڕێیەکدا دەچوو وشتێکی داوادەکرد. ئەو شەوەش لە وەلاّمی بابم دا قیڕاندم: ((تۆپ، تۆپ، بابە تۆپم دەوێت، تۆپێکی گەورەی حەوت بەرگ وحەوت ڕەنگ کە لەگەڵ منداڵاندا لەکۆڵاندا یاری پێبکەم.))

ئەو کاتەش کە بابم تۆپی بۆ کڕیم ولەگەڵ منداڵانی گەڕەك دا بەیاری تۆپێن گەڕەکمان نایە بان سەرەوە، ڕەنگینترین وشادترین ڕۆژەکانی منداڵیم بوو. ئەگەربزانن چ شانازیەکم دەکرد کە تۆپی یاری هی منە وئەگەر بزانی کۆی هاوڕیان چ شانازیەکیان دەکرد بەسەر منداڵانی حەوت کۆڵانی لای ڕاست و حەوت کۆڵانی لای چەپی کۆڵانی خۆمان دا، ئاخر تەنیا کۆڵانی ئێمە بوو کە تۆپمان بوو، یاری تۆپێنمان دەکرد. بڕوابکەن کە چێژی یاری تۆپێنی ئەو ڕۆژانە لە چێژی خواردنی نۆکە قەنە وناووك خواردنی کێشە ڕەوێن زۆرتر بوو، لەسێبەری ئەم تۆپەدا بوو کە دەورانی خوێندنگە وهەتا دواناوەندی من ومنداڵە هاوگەڕەکیەکانم باشترین یاریکەری فتبۆڵی خوێندنگە بووین. بەلاّم ژیان رووبارە و رووبار لەڕەوت دایە ولەتێپەڕین، دەڕوات وتێدەپەڕێت وڕواڵەتەکان دەگۆڕێن، داخوازیەکان وئاواتەکانیش دەگۆڕێن.

ساڵ دەهات ودەڕۆیشت وئێمە لەماڵ وخوێندنگە وکۆلاّن و زەوینەکانی دەوری شار تەواوی سەیران ویاریمان بووبووە یاری تۆپێن، تا ئەوەیکە چەند ساڵێك تێپەڕی وشەوێك، لەوانەیە شەوی یەلدا (چلە) یەکەمین شەوی زستان بابم یەکێك لەپیاوە دراوسێکانمانی، بە بنەماڵەوە، هاوڕێ لەگەڵ ژن ومنداڵەکانی دا بانگهێشت

کردبوو بۆنانی ئێوارە. دایکم وخوشکەکانم لەگەڵ خانم وکچانی پیاوی هاوسێمان دا دەیانگوت ودەیان بیست وخۆش بوون، بابم لەگەڵ پیاوە هاوسێکەمان کە لەوانەیە هاوڕێی سەردەمی منداڵی یان تازە لاوی بوو خەریکی گفت وگۆ بوون وئێمە_ من وبراکەم وسێ کوڕەکەی پیاوی دراوسێ_ ماڵەکەمان نابووە بان سەرەوە، بەهات وهاوار ودەنگە دەنگ وهەڵپڕژان بە یەکتر دا ودانە سەروکوڵی یەکتریمان. نازانم بەچ هۆکارێك، لەوانەیە بۆ دامرکاندنی ئەم هەموو هات وهاوار وقیڕە قیڕ و قەرەباڵغیەی ئێمە کوڕەکان بوو کە بابم داوای کرد لەپیاوە میوانەکە کە یەکێك لەوچیرۆکە بەتام وچێژانەی کە لەکۆندا بۆی گێڕابووە، بۆ ئێمە منداڵانی بگێڕێتەوە.

پیاوە گێڕەرەوە دەستی کردە گێڕانەوەی چیرۆکی شانامە. گێڕەرەوە گەڕابۆوە سەردەمانی لاوێتی وتازەلاوێتی، بیرەوەری ئەو کاتانە لەبەر چاوی گیانی تێگەڕابۆوە ودڵ ومێشکی ئاخنی بوو لە هەست دا، چاوەکانی لێکنابوو وبەرزەبێژی(دیکلەمە)ی دەکرد: ((بەیانیان سوپاکانی ئێران وتووران لەڕووبەڕووی یەکدی دا ڕیزیان بەست، سەرکردەکانی هەردوو سوپا فەرمانیان دا بەزوڕناچیان فووبکەنە زوڕناکانیان دا وبەزمی شەڕ لێبدەن، زوڕناچیەکان فوویان کردە زوڕناکانیان دا ودەنگی زوڕنا....دەنگی زوڕنا.... دەنگی زوڕنا.....)) لەتەواوی چیرۆکەکەی ئەوشەوە تەنیا زوڕنا ودەنگی زوڕنام مایەوە لە زەین وبیردا و دەنگی سێحراوی زوڕنا من و چ کارهایەك کە دکرێت پێی بکەیت، هەموو هۆش وبیرمی لێم ڕفاند، بەشێوەیەك کە هەتا چەند شەو تەنانەت خەونیشیم دەبینی. ئەوینی زوڕنا گەیشتە جێگایەك کە پێداگری ومکوڕبوون داوام لەبابم کرد کە زوڕنایەکم بۆ بکڕێت....

جاکە زوڕنایان کری وبوومە خاوەنی زوڕنا، دەمەوئێواران لەکۆڵان دا بۆ ماوەیەك فووم کردە زوڕنادا ودوایی هاوارم کرد: ((وەهەو هەو منداڵەکان..... وەرنە دەرێ لە ماڵان..... ئێمە کە شێر وپڵینگین، وەرن با بڕۆین شەڕبکەین.)) دوای ئەوەیکە منداڵانی گەڕەك کۆبوونەوە، پێیانم ڕاگەیاند کە لەمە بە دواوە بە دەنگی زوڕنا ئەوان بانگهێشتی کۆبوونەوە دەکەم وهەر کەسێك دەبێت لەگەڵ بیستنی دەنگی



چیرۆك

زورناکەدا خۆی بگەیەنێتە شوێنی کۆبوونەوەکە، هەروەها ڕامگەیاند کە ئێمە مندالانی گەڕەکی((کشمیش خۆرەکان)) دەبێت شەڕ ڕابگەیەنین بە مندالانی گەڕەکی ((گوو خۆرەکان)) کە سالیانێکە لەگەلیان دا دوژمنایەتیمان هەیە.

ئابەم شێوەیە بوو کە هەر ڕۆژە لەگەل ئەوەی فووم دەکردە زورنادا، مندالان بەهەلات هەلات دەگەیشتن وڕیزدەبوون. پول پول دەبوونەوە ووەکوولافاو وچەخماخە و برووسکە بەشریخەوە وهەلبەزین ودابەزین هێرشمان دەکردە سەرگەڕەکی ((گووخۆرەکان)).....

ئاخ کە چ شادی وخۆشیەك دەڕژایە دلمەوە. چ خۆشیەکی هەبوو وچ چێژ وشادمانیەك لەشمی پڕدەکرد! یادی بەخێر ئەو سالەی کە لەپۆلی چواری سەرەتایی وانەمان دەخوێند وبە ڕێنوێنی مامۆستای پۆل دەستمان کردە خوێندنەوەی کتێبە نا وانەییەکان و زۆرتر کتێبە چیرۆکەکان. یادی بەخێر چ سالێکی خۆش وچ ڕۆژانێکی خۆش بوون. لەگەل هاوڕیانی ئەو سەردەمەدا هەموو خوومان گرتبوو بە خوێندنەوەی چیرۆکە کتێب.

هەر کتێبێکی چیرۆکمان دەست دەکەوت، دەست بە دەست دەگەڕا و هەموو دەمان خوێندەوە و چ جای بەو ڕادە هێز وتواناییە بیرەی مندالانەوە شیکردنەوە وهەرس کردن ونرخاندن وتوێژینەوەمان دەکرد.

ئیدی پارەی جێژنانە وپارەی گیرفانی ڕۆژانە ومانگانە وهەر پارەیەك کە دەستمان بکەوتایە، دەکرایە خەرجی کتێب کڕین، ڕاستی کە چەندە پەڕتووکمان خوێند وچ کتێب گەلێك!! ڕۆستەم نامە، سەلیم جەوهەری، لەیلێ ومەجنوون، و....هەتا گەیشتینە چیرۆکە پۆلیسیەکان، مێژوویی و چیرۆك گەلی سۆزدارانەی سانتی مانتال و.....هیتد.



ئەلبەت ئەمە لەم سالانەی یەکەمی دواناوەندی دابوو وهەر بێ نێوان کەوتنێك دوای سالێك دوو سال خوێندن لەدواناوەندی یان باشترە بلێم کە لە14/13سالیەوە کتێب وچیرۆکە جیددیەکانمان دەست پێکرد. کتێبەکانی هیدایەت، چووبەك، کامۆ، چخۆف....هیتد بەلام ئێستا لەم باس وچیرۆکە دوورنەبینەوە. هەر لەو پەڕتووکانەی سەردەمی سەرەتایی دا، چاومان بەکتێبێکی سەرنج ڕاکێش کەوت. پالەوانی ئەو کتێبە لە لاپەڕەکانی دوایی دا داوای دەکرد لەخوێنەران شۆڕش بکەن و ڕەگی خراپی لەشاردا وشك بکەن. بێ وتن دیارە لەو سالانەدا، خراپ بۆ ئێمە گەڕەکی ((گوو خۆرەکان )) و خەلکەکەی بوون. کاتێك هەموو مندالانی گەڕەکی "کشمیش خۆرەکان" ئەو کتێبەیان خوێندەوە و باس و توێژینەوەکەی تەواو بوو، هەموو مندالانی گەڕەکەکان قۆلمان لێ هەلکرد هەتا تفاقی لەشکەرێکی گەورە بچنین و هەموو مندالانی گەڕەکی"گووخۆرەکان" لەت وپار ولەبەین بەرین، لەو ڕۆژەوە هەرڕۆژە دوانیوەڕوان کە لەخوێندنگا دەگەڕاینەوە، گیرفان و باخەلەکانمان پڕدەکرد لە کولۆ و بەرد و لەگەل فووکردن بەزورنا ئوستوورەییەکەدا هێرشمان دەکردە سەر دوژمن و قەلا ودژەکەی. کووچە وکۆلان و مال و دووکان و ژن و پیاو وبچووك و گەورەمان بەردباران دەکرد. سەرانمان دەشکاند و شووشەکانمان ورد وخاش دەکرد و ئەم شەڕە ڕووخێنەر و مال وێرانکەرەمان ئەوەندە درێژە دا هەتا دانیشتوانی مەکۆی دوژمن ژن وپیاو بەزال هاتن. کۆبوونەوەو پیلانیان داڕشت و یەکگرتوو بوون و ئەو ڕۆژەی کە دووبارە هێرشمان کردەوە کەوتینە بۆسەیانەوە، ڕژانە سەرمان دا و چاوتان ڕۆژی خراپ نەبینێت، هەموومانیان خوێنین و داماڵراو کرد و لووتی

سووتاو و سەر و دەستی شکاو هەڵمانیان گێڕایەوە بۆلای بنەماڵەکانمان. شەو لەماڵ لەبابم پرسی:

"ڕاستی بابە، قارەمانێك كە لەشەڕدا شكەست بخوات دەبێت چ بكات؟"، ڕۆژی دوایش لە خوێندنگەدا لەمامۆستای پۆلم پرسیار کرد: "بەڕێز مامۆستا.... قارەمانێك كە لە شەڕدا لە دەستی دوژمن شكەست بخوات، دەبێت چ بكات؟" سەیر لەمەدا بوو كە هەم بابم و هەم مامۆستای بەڕێز هەردوو وەڵامێکیان دایەوە بەپرسیارەکەم:

"قارەمان هەرگیز وهیچ کات وساتێك خۆی بەشكەست خواردوونازانێت! قارەمان دوای هەر كورت هێنان و ناموڕادی ونالەبارییەك دەست دەكات بە خوێندنەوە و توێژینەوەی مەسەلەكە، ئەندێشە و مەشوەرەت و ڕاوێژكاری دەكات و خۆی ئامادە دەكات بۆ خەباتی دووبارە لەداهاتوودا."

مامۆستا كە بەشەڕەكەمانی دەزانی و منداڵانی بێ لایەن هەموو شتێكیان بۆی باس كردبوو، لەكۆتایی وەڵامەكەی دا بەپرسیارەكەی من پەرتووكێكی دایەدەستم و گوتی: یەكەم ئەم كتێبە بەتێرامانەوە بخوێنەرەوە و بیدە بەهاوڕێیانیشت بیخوێننەوە، دواییەكەشی لەسەری باس و توێژینەوە بكەن. ئەڵبەت لەپۆلیش دا لە پشووی ئینشادا دەیخوێنین و شیكردنەوە و توێژینەوەی لەسەر دەكەین، دووهەمینی خەڵك ومنداڵانی گەڕەكی بەواتەی خۆتان "گووخۆرەكان" دوژمنانی ئێوە نین، تەنانەت ئەگەر عاقڵانە و ژیرانە بیربكەنەوە ئەوان دۆستانی ئێوەن و ئێوە و ئەوان"دوژمنێكی هاوبەشتان" هەیە و دەبێت پێكەوە یەكگرتووبن و بكەونە خەبات كردن لەگەڵ ئەو دوژمنە هاوبەشەدا.

مامۆستای بەڕێز درێژەی دا و گوتی: من دڵنیام دوای خوێندنەوە و باس وتوێژینەوەی باشی ئەم كتێبە و ئەو وتانەی كە لەپۆلدا لەگەڵ هەموو منداڵان دا دەمانبێت، ئیدی ئێوە دۆست و دوژمن باشتر دەناسن و بەچاولێکردن و بیرێکی دیکە دەڕواننە ژیان و ئەندێشەی لەسەر دەكەن.

من و هاوڕێیانم ئەو كتێبەمان خوێند، چەندین جار خوێندمان. چەند ڕۆژ دوانیوەڕوان کۆبووینەوەو لەبارەیەوە باس و توێژینەوەمان ئەنجام دا. بەڕاستی سەیر بوو، دوای ئەوەی كە هەموو منداڵان كتێبەكەیان خوێند، و دوای ئەوەی كە لەپۆلیش دا بەئامادە بوونی مامۆستای بەڕێز وخوێندكارانی دیكە كتێبەكەمان خوێند و لە چەند كۆبوونەوەیەك دا قسەمان لەسەر كرد، ئیدی ئەو منداڵانەی پێشوو نەبووین، ئیدی وەكوو پێشتر بیرمان نەدەكردەوە، ئیدی هیچكات بەو گەڕەكە كە بە هەڵە ناومان دەبرد بە گەڕەكی ئەستەغفێروڵڵا "گووخۆرەكان" هێرشمان نەكرد و ئەوانمان بەدوژمن نەدەزانی.



كار گەیشتە جێگایەك كە ڕۆژێكیان دوانیوەڕۆ كۆبووینەوە و دوای زۆرێك ئاخافتن وقسە لێوەكردن ساغ بووینەوە لەسەر ئەوەی كە بچینە گەڕەكی خواروو، ئەو گەڕەكە كۆنەكە و داوای لێبووردن بكەین و ئاشت بینەوە.

هەرئەم كارەشمان كرد، ئاخ چ ڕۆژێكی بەشكۆ و جوان بوو، ڕۆژێك كە هەموو منداڵانی گەڕەكەكەی ئێمە هاوڕێ لەگەڵ چەند كەس لە براو خۆشكانی گەورەترمان دا و چەند كەسیش لە باوك و دایكانمان چووینە گەڕەكی خوارەوە و لەخوێندنگە سەرەتاییەكەی ئەو گەڕەكەدا مامۆستا بەڕێزەكەی خۆمان و منداڵان و لاوان و هەندێك لە باوك و دایكەكانی ئەو گەڕەكەش هاتن و شیرینی و سێو وخەیارمان خوارد، یەكترمان ماچ كرد، تۆپی پێمان كرد و....هێتد

ڕاستی چ ڕۆژانێك بوو، ڕۆژانی تۆپ و زورنا و .....نە، نە.... ڕۆژانی كتێب، كتێب، كتێب

***

چیرۆك

# وتووێژێکی دە دەقیقەیی

*نووسین: شەهلا شەفیق*
*و: سەرگوڵ*

سەعات یازدەی بەیانی لە دەرگایان دا. بە خێرایی و بەردەوام. ژنەکە چاوێکی لە سەروسیمای خۆی کرد. بیری کردەوە کە دەبێ پۆستەچی بێت. بە گشتی هەر پۆستەچییەکە بەمشێوەیە لە دەرگای دەدا. دڵنیا و بەردەوام لە دەرگاکەی دەدا واتە پاکەتێکی پێیە بۆ ئەو، یا خود نامەیەکی راسپاردەی پێیە. لە کونی دەرگاکەوە سەیرێکی کرد. روخسارێکی پانکیلەی کچانە و سوورکارە و گەش بەرچاو دەکەوت. بە چەشنێك راوەستابوو کە جەستەی بە تەواوەتی دیار نەبوو. گومانی ژنەکە وەڕاست گەڕا. بە دڵنیاییەوە پاکەتێکی هێنابوو، یان دیاریی رێگای دوورە یا خود کاسێتێکی نێردراوی مۆسیقای کچەکەی. لەوانەشە دیسان نامەیەکی راسپاردەی لە لایەن فەرمانگەی باج بێت. هەناسەیەکی هەڵکێشا و دەرگاکەی کردەوە. چاوە شینەکانی کچەکە دەدرەوشانەوە. باڵابەرزێکی ناوشان پان. قژەکانی لە شێوەی تاجێك کۆ کردبۆوە.

لێوە بچکۆلە و سوورەکانی لێك کردنەوە:

ـ " زۆر سوپاس کە وەکو دراوسێکانتان ...".

دەستەکانی ئاوالا کرد و ئاماژەی بە دەرگاکەی تەنیشتیان و پشتەوەی خۆیان کرد:

ـ " پێشوازیتان لێکردم. چەند دەقیقە لە کاتتان دەگرم. بۆ وتووێژ سەبارەت بە نیشتمان پەروەری و پێویستیی پاراستنی سامانی گەل".

دەنگی کچەکە لە داڵانەکەدا دەنگی دایەوە. وشەکان، یەك لە دوای یەك لە دەمە چکۆلە و لێوە سوورەکانی دەهاتنە دەرێ. ژنەکە لە کردنەوەی دەرگاکە پەشیمان بووە، بەڵام وشەی نیشتمان پەروەری و رێزگرتن لە سامانی گەل وایان لێکرد کە زیاتر لە شتەکان ورد بێتەوە. هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ئەو وشانە و ئەو شمەکانەی کە فرۆشیارەکان دەیانخەنە روو نەدەدۆزیەوە. یەکسەر خەیاڵێك بە مێشکی داهات. هەر ماوەیەك لەمەوبەر داوای هاووڵاتی بوونی فەڕانسەیی کردبوو. وابیری کردەوە کە لەوانەیە پرسیارەکانی ئەو کچە پەیوەندیی بەو مەسەلەیەوە هەبێت. بە خێرایی دەستێکی بە قژی داهێنا. کچە گەنجەکە بە بێتاقەتی دەهات و دەچوو:

ـ " ئیزن دەدەی؟ وتووێژێکی چەند دەقیقەییت لە گەڵدا بکەم".

ژنەکە بە نەخوازراوی چوە ئەولاوە و کچە گەنجەکە رۆیشتە ژوورەوە.

وەکو کەسێك کە زۆر شارەزای ناوماڵەکە بێت یەکسەر بەرەو چێشتخانەکە رۆیشت و لەوێ راوەستا. ژنەکە

چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا. کچەکەی کتێبەکانی قوتابخانەی هەروا بە کراوەیی لە سەر مێزی نانخواردنەکە بە جێ هێشتبوو. فەرشێك کە لە نێو دالانەکەدا راخرابوو بە تەواوی خوار ببۆوە. ویستی دایبێتەوە و رێکوپێکی بکات. بەڵام کچە گەنجەکە لە چێشتخانەکەوە نەیهێشت:

ـ " دەتوانین دەست پێبکەین؟"

ئامازەی بە کورسییەکە کرد. ژنەکە بە شێواوی سەری لەقاند. کچە گەنجەکە لە جانتاکەی خۆی دەسەسڕێکی دەرهێنا. وردکە نانەکانی سەر کورسییەکەی خاوێن کردەوە و رژاندیە نێو چێشتخانەکەوە و بزەیەکی بە ئامازەی سەرکەوتن هاتێ. دواتر ئەو پەرداخە چاییەی کە نیوەی خورابۆوە بردیە گۆشەیەکی مێزەکە و شوێنێکی بۆ دەفتەرەکەی دۆزیەوە. لە پێش ئەوەیکە ئانیشکی بخاتە سەر مێزەکە بە دەسەسڕێك ئەو شوێنەشی خاوێن کردەوە. ژنەکە پاڵی بە شوفاژەکەوە دابوو و چاوی بڕیبوە جوڵاندنی قامکە ئەستوور و سپییەکانی کچەکە و تاجە بۆرەکەی سەر سەری. لە بەر خۆیەوە بیری کردەوە کە واباشە فەرمووی چایی خواردنەوەی بکات. بەرەولای کترییەکە چوو کە دەنگە تیژەکەی کچەکە بەرز بۆوە:

ـ " ئەگەر دابنیشی وتووێژەکەمان دەست پێدەکەین."

ژنەکە چوە لای کورسییەکە و دانیشت. پەرداخە چاییە نیوەییەکەی وەلا نا. بە بێ هیوایی چاوی لە پەنجەرە پیسەکانی چێشتخانەکە کرد. باران زۆر بە توندی دەباری و پەڵە چەوریەکانی سەر شووشەی پەنجەرەکانی شاردبۆوە. بە خۆی وت چ باشتر کە کچەکە پشتی لە پەنجەرەکەیە. کچەکە دەستە گەورە و پانەکانی بە سەر ئەو کاغەزەدا هێنا کە لە پێشی بوو، بۆ ئەوەی لوول دراوییەکەی راست بکاتەوە. لە سەر کاغەزەکە چەند پرسیارێك هەبوو، کەمێك لەولاتریش چوارگۆشەی وەڵامەکان.

ـ " لیموژ دەناسی؟".

ـ " لیموژ؟ هەڵبەتە ... یەکێك لە شارەکانی گرنگی فەرانسەیە."

کچەکە بە ئامازەی رازی بوون بزەیەکی هاتێ. ددانەکانی وەکو سەدەف ورد و رێك بوون.

ـ " کاتێك کە باس لە بارەی کەلوپەلی چینی دەکرێ چی بە بیرتان دا دێت؟"

چاوە شینەکانی لە سەر ژنەکە راگرتبوو. چاوەکانی خڕبوون و برژانگەکانی بۆر و تەنك بوون. کاتێك کە برۆ قاوەییەکانی هەڵدەتەکاندن بە تەواوی شێوەی روخساری دەگۆڕا.

ئێستا ئیتر برۆکانی لەسەر یەك بوون و روخساری کچەکە چاوەڕوان و بێ ئارام دەهاتە بەر چاو.

ژنەکە وتی: " چینی؟"

ـ " چ شتێکتان دەهێنێتەوە یاد؟ چ ناوێك؟ لەو کاتەدا بە نووکی پێنوسەکەی لە مێزەکەی دەدا.

ژنەکە بە خێرایی بیرەوەریەکانی هێنایەوە بەر چاوی خۆی: " لیموژ؟"

برۆکانی هاتنەوە سەر شوێنی خۆیان، کچەکە بزەیەکی بە نیشانەی رازی بوون هاتێ:

ـ " هەڵبەتە! لیموژ، شاری کەلوپەلە چینییە جوان و رازاوەکانە."

بە بێ راوەستان درێژەی بە قسەکانی دا و: " بۆچی چینییەکانی لیموژت خۆش دەوێ و لێیان رازیت؟" هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. ژنەکە دەیتوانی لە سەر پێستە سپییەکەی کچەکە رێگای هەناسە کێشانی ئەو تاوەکو رومەتە سوور و پتەوەکانی ببینێ.

کچەکە دووپاتی کردەوە:

ـ " بۆچی چینییەکانی لیموژت ئەوەندە پێ باشە؟"

وە لە چاوەڕوانی وەڵامدا چاوێکی بە دەوروبەریدا گێڕا. ژنەکە بیری لە دەفرە چینیەکان دەکردەوە. بیری لەو دەورییانە دەکردەوە کە بە گوڵی سوور رازابوونەوە و هەمیشە لە نێو کومیدەکەی دایە گەورە هەڵچنرابوون. بیری لە ژێر پیاڵە چینییەکانی دروستکراوی روسیە و ئەو کەلوپەلە چینییانە دەکردەوە کە دەست فرۆشەکان هەموو رۆژانی جومعە دەیانهێنایە گەڕەکەکەی ئەوان. کچەکە لە سەر کورسییەکە کەمێك شوێنەکەی خۆی گۆڕی و لاقی لە سەر لاقەکەی تری دانا. شەڵوارە چەرمییەکەی کە ڕانە پڕ و پتەوەکانی داپۆشیبوو

چیرۆك

خشەی دەهات. ژنەکە سەیری کرد بزانێ کچەکە چاو لە کوێ دەکات. دەرگاکانی کابینێتەکەی چێشتخانەکە هەموویان بەسترابون. لە بەر خۆیەوە بیری کردەوە کە تەنانەت یەک دەستە چینیشی نییە. چوارپێنج دانە دەوری چینیی هەبوو لە شێوەی جیاوازدا.

ناوچاوانی تێک نابوو. کچەکە لێوە چکۆلە و سوورەکانی بە بێتاقەتی لێک دەسوون.

ژنەکە بە ئارامی و لە سەرەخۆیی وتی: " باشە، لە بەر ئەوەی زۆر جوان و رازاوەن، جوان و رازاوە."

کە دیتی کچەکە ناوچاوانی کرایەوە هەستی بە ئارامی کرد.

کچەکە لە بەرامبەر پرسیارەکانی سەر کاغەزەکەی بەردەمی نووسی: " جوان و رازاوە" و هێڵێکی بە ژێر ئەو دوو وشەدا هێنا.

ژنەکە پاڵی بە کورسییەکەوە دا. لەو کاتەدا بیر و هۆشی هاتەوە لای خۆی و تەنیا بیری لە یەک شت دەکردەوە: کچەکە، فرۆشیاری کەلوپەلی چینی بوو. سەیرێکی موەکانی سەری کرد کە لە شێوەی تاج دروستی کردبوون و سەرە خڕ و گەورەکەیان داپۆشیبوو و پێی وابوو ئەو لە دڵی خۆیدا زۆر تووڕیە.

کچەکە سەری هەڵبڕی و وتی: " زور باشە!"

دەنگێکی تیژ و دیاری هەبوو:

ـ " من دەمهەوێ پێت رابگەیەنم کە ئەو کەلوپەلە چینییە جوان و رازاوانە خەریکە لە ناو دەچن و نامێنن. سەرمایەدارێکی چینی خەریکە شتە نوێیەکانی کۆمپانیای لیموژ دەکڕێ. بە رای ئێوە فەڕانسە نابێ بەرگری لە سامانە نەتەوەییەکانی خۆی بکات؟"

ژنەکە وتی: " هەڵبەتە کە دەبێ. بەڵام ...".

ویستی بڵێ کە کاتی نییە وتووێژەکە درێژە پێبدات بەڵام کچەکە چووە نێو قسەکانی:

ـ " ئێستا دەگەینە ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندییان بە خۆتەوە هەیە." وە بە بێ راوەستان یەکەم پرسیاری ئاراستە کرد: " ناوت چییە؟"

ژنەکە بە بێ هیوایی رازیی بوو. لە بەر خۆیەوە وتی کە رووداوەکە خەریکە لە کۆتایی نزیک دەبێتەوە" ناو و ناوبانگ و ناردنی نامە. کچەکە دەنگێکی بەرز و رەسای هەبوو. زۆر خێرا و بە پڕتاو:

ـ " ناوت؟ ... پیشەت؟ ... ناوی هاوسەرەکەت؟ ... پیشەی هاوسەرەکەت؟ ... نەتەوەت؟ ...

ژنەکە بە وشەی کورت وەڵامی دەدایەوە. وەڵامەکانی لە گوێی خۆیشیدا شتێکی نامۆ بوون. هەموو شتێک بە لایەوە سەیر و سەمەرە بوو.

ئەوەی کە ئێرانییە، ئەوەی کە هاوسەر و دوو منداڵی هەیە، پیشەی هاوسەرەکەی و ئەوەی کە بۆ خۆی ماڵدار بوو. کچەکە بە لۆمەوە چاوێکی بە دەورووبەری خۆیدا گێڕابوو. بەڵام ئێستا بە خۆشحاڵییەوە چەپڵەی لێدەدا:

ـ " بەختەوەر دەبم ئەگەر بەشێک لە هونەرە نەتەوەییەکانی فەڕانسەتان پیشان بدەم."

بە خێرایی داهاتەوە و لە جانتا دەستییەکەی خۆی سێ پایەیەکی رەشی بچوکی دەرهێنا و لە سەر مێزکە داینا.

یەک دانە دەوری چینی سپی هێنایە دەرێ و بە دەسەسڕێکی رەنگ قاوەیی پاکی کردەوە و لە سەر سێ پایەکە داینا. دەوران دەوری دەورییە سپییە چینییەکە بە شێوەی کەوانەی زێڕین رازابۆوە. گۆشەی کەوانەکان هەتا نێو دەورییەکە هاتبوو، بە خەتێکی زێڕین لە سەری نووسرابوو: ژان و ماری. لە خواری دەورییەکە رێکەوتێك وەبەرچاو دەکەوت.

کچەکە بە گورجی دەورییەکی دیکەی لە جانتاکەی دەرهێنا و بە دەسەسڕێك پاکی کردەوە. لە سەر دەورییەکە گوڵی رەنگ کارەبایی زەرد بەرچاو دەکەوتن و لە سەرووی ئەوانەوە نووسرابوو:

ویرژینی و ژاك. دەیەمین ساڵوەگەڕی هاوسەرگیری 1994.

کچەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا:

ـ " زۆر رۆمانسییانەیە".

دەورییەکی دیکەی لە جانتاکەی دەرهێنا. بە گوڵی وردی سوور نەخشێنرابوو. ژنەکە بێ ئەوەی کە بیهەوێت، قسەیەك بە سەر دەمی دا هات و وتی:" ئەوەیان زۆر جوانە."

کچەکە بە خێرایی دەورییەکانی دیکەی خستەوە نێو جانتاکەی و ئەو دەورییەی کە بە گوڵی سوور رازابۆوە خستیە سەر سێ پایەکە و لە پێش چاوی ژنەکە دایندا:

ـ " ئایا تۆ ئەوەیانت پێ باشترە؟"

ژنەکە وتی:" زۆر جوانە".

کچەکە پاڵی وە کورسییەکە دا و کەمێك دەنگی بەرزتر کردەوە:

ـ " بەڵێ هەڵبەتە! زۆر جوانە! ئێمە دەمانهەوێت لە پاراستنی ئەو جوانییە و هونەر و سامانی نەتەوەیی فەڕانسەدا یارمەتیدەری ئێمە بن."

ئەو دەورییە بە دەستی کەسانی هونەرمەند دروست کراوە و شەش سەد فڕانك نرخەکەیەتی. بەڵام بۆ ئەوەی کە ئێوە بتوانن بەشداریی لە پاراستنی سامانی نەتەوەیی دا بکەن، ئێمە تەنیا ... ."

لەو کاتەدا لاقی لە سەر لاق لابرد و بە رێکی دانیشت.

ـ " تەنیا سێ سەد فڕانك و یان باشتر بڵێم دووسەد و نەوەد و نۆ فڕانك."

وەرەقەیەکی بۆ لای ژنەکە برد و هێمایەکی جارانی " زەڕب"ی لە خوارووی کاغەزەکە بە سەر چوار گۆشەیەکدا هێنا:

ـ " ئێرە ئیمزا بکە!"

ژنەکە بە ناڕەحەتییەوە لە سەر کورسییەکە خۆی تەکان دا و:

ـ " گوێت لێ بێت، نزیکە و " نوئێل"ە و من بودجەم ..."

کچەکە بە پەلە قسەکەی پێ بڕی:

ـ " بەڵام نوئێل خۆ جەژنی نەتەوەیی ئێوە نییە. ئێوە ناچار نین ئەو جەژنە بگرن. وانییە؟"

لە دەنگی را دەزانرا کە لۆمەی دەکا.

ژنەکە هەوڵیدا کە بۆی شی بکاتەوە کە هەر چۆنێك بێت منداڵەکان بۆ نوئێل دیارییان دەوێت. بەڵام کچەکە کە هەروا ناوچاوانی تێك نابوو زۆر راشکاوانە رایگەیاند:

ـ " هەر بەو جۆرەی کە جەختت کردەوە، ئەرکی هەموومان ئەوەیە کە بەرگری لە هونەر و سامانە نەتەوەییەکان بکەین."

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا:

ـ " نابێ لە دەست بچێ."

سەری هێنایە پێشەوە و:

ـ " ئێمە لە هەنگاو هەڵێنانی خۆشەویستانەی ئێوە بەرامبەر بە لیموژ سوپاستان دەکەین."

چاوە خڕەکانی بڕیبوە ژنەکە:

ـ " ئێوە بۆ قیستی یەکەم تەنیا سەد فڕانك دەدەن، پاشماوەی قیستەکە لە کاتی وەرگرتنی دەورییەك دەدەن."

وە بە هێمنی بزەیەکی هاتێ:

ـ " پێت خۆشە ناوی کێی لە سەر بنوسین؟ تۆ و هاوسەرەکەت، یان کچەکەتان، یا خود کوڕە بچکۆلەکەتان؟"

ژنەکە وتی:" کچەکەم". ناوی کچەکەی شی کردەوە.

فرۆشیارەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا:

ـ " ناوێکی قورسە".

لە دواییدا پسوولەی بانکی لێ وەرگرت و بە وردی ژمارەکەی نووسی.

کاغەزەکانی لێك جیا کردنەوە و پەڕەیەکی رەنگ پەمەیی لە سەر مێزەکە دانا:

ـ " ئەوەش پسوولەی ئێوە. لە بیرتان نەچێ لە کاتی وەرگرتنی دەورییەکەدا ئەو پسوولەیان نیشان بدەن."

ئێستا کچەکە قیت و قنج لە ناوەڕاستی چێشتخانەکە راوەستابوو.

ئێستا ئیدی ئاسودە بوو و ناوچاوانی کرایەوە و بگرە یەك لۆچیش لە دەموچاویدا نەدەبینرا.

بە شەڵوارە چەرم و بارانییە رەشەکەی شێوەی پەیکەرێکی دەدا کە لە ناکاو لە وێ دانرابێت.

ژنەکە چوو بۆ لای کترییەکە:

ـ " پێت خۆشە کۆپێك چایی بخۆیتەوە؟"

ـ " سوپاس حەزم لە چایی نییە".

ژنەکە ویستی فەرمووی قاوەی بکات، بەڵام کچەکە ئێستا لە لای دەرگاکە بوو. لە ناکاو دەرگاکەی کردەوە و ماڵئاوایی کرد و رۆیشت.

***

چیرۆك


سەرچاوە: سایتی روناهی

# گوڵی سوور

*نوسەر: مەنسوور یاقووتی*
*وەرگێڕ: محەممەد تەرەغە*

نیوە شەوە و نیوە شەو جانەوەر دەهات بە شوێنیدا. ڕێ چارەیەکی نەبوو زارکی غارەکە بە بەردێکی گەورە گیرابوو. لە گۆشە هەڵدەلەرزی و بە ترسەوە چاوی دەبڕیە ئەو قووڵکەیەی کە جانەوەر لەوێوە بە شوێنیدا دەهات بە دیوارێکی سارد و بەردێکەوە پاڵی دەداوە. دەستی لە بەردە سەخت و گێرێنج گێرێنجەکان گیر دەکرد. لاقە رووتەکانی درێژ دەکرد هەتا جانەوەر عەمەلیاتی خۆی لە سەر، دەست پێ بکا. ئەم گۆشە تاریکە هیچ نوورێکی وێ نەدەکەوت. بەردەکان رووتەڵە و تەنانەت گوڵە بەردینەشیان لە سەر نەروا بوو. شتێکی سەوز نەدەبیندرا. لە سەر بەردەکان تەنیا خوێن و ئێسقان و لە سەر دیوارەکانیش یادگاری کە بە بەردی نووک تیژ یا بە خوێن نووسرا بوون، دەبیندرا. جانەوەر لە کانگووری دەکرد بەڵام دەستەکانی وەکوو دوو تەسمە درێژ بوون و روخساری وەکوو کەمتیار وا بوون، خاوەنی چاوێکی گەورە و خوێن تێچزاو بوو. بە گشتی جانەوەرێکی تیسکن و تورە و تەوسەن و بوغزاوی بوو. کاتی عەمەلیات کە دەگەیی، نەفەسی لە سینەدا بەند دەبوو. ددانەکانی لە ترسان وە شەقە شەق دەکەوتن. ناهومێد لە راکردن، ناهومێد لە رزگار بوون، چاوی دەبڕیە میچی نەوی غارەکە. جانەوەر ددانە تیژەکانی لە بنی پێی کە پان و فلچ ببونەوە، دەناو دەمارەکانی دەچاوی. جاری وابوو ئێسقانێک دەکەوتە ژێر ددانی، قرچ قرچ دەیکرۆشت. دەینەڕاند نەڕەکەی لە نێو غارەکە دەنگی دەداوە. ئەو جار جانەوەر زمانی مشارئاسای خۆی لە بنی پێ خوێناوێکانی وی دەنا و بە دەستە تەسمەییەکانی کە قایم و کەشئاسا و قورس بوون، بە تەواوی هێزەوە دای دەهەێناوە. هەموو جارێ بە هۆی ئەم زەربانە مێشکی سەری دەجووڵاوە. هێزێ، لە ناوەوە گوشاری بۆ چاوەکانی دێنا کە لەجێی خۆیان دەرپەڕن. سێکانی خوێنیان دەپاڵاوت. سیستمی دەمارەکانی وەکوو ئاگر دەسووتان و گیانی یاو گرتووی وە ناڵەناڵ دەخست. لقە شووڵێکیش کە دۆزی بوویەوە، بە ددانی هەڵی دەگرت و گوشاری دەدا. جانەوەر بە کاوەخۆ بە ددانەکانی گۆشتی بەرە پێیەکانی کوت کوت دەکرد. وردە ئێسقانی لاقەکانی کە هەرکامیان بە قەرا باڵنجێک هەڵ ماسی بوو دەجوو. زمانی مشارئاسای لە نێو گۆشت و پێست و ئێسقان و دەماری دادە سووڕاند. دەستە تەسمە ئاساکانیشی بە تەواوی هێزەوە دەوەشاند. ئەو تەسمانە ئەگەر لە بەردەکانی غار درابان، وەهارە هارێ دەخستن، ئەو تەسمانە ئەگەر لە دەریا کەوتبان دەیان شڵەقاند.

نەیدەزانی عەمەلیات لە بنی پێیەکانی چەندە دەخایەنێ. کات و زەمان لە وێدا مانایەکی نەبوو. کات لەوێدا وێستا بوو. شەوێکی چڵکن و خوێناوی و تژی نەعرەتە و ئاخ و دەرد بە سەر هەرێمی غار و ئەم گۆشە تاریکەدا قورسایی دەکرد. جووڵەی نەدەکرد. دەینەڕاند و شووڵە ویشکەکەی لە ژێر ددانیدا گوشار دەدا و شەپۆلانی دەرد وەکوو روبارێ لە ئاسنی تواوە لە بنی پێیەوە هەتا تەوقی سەری دەگەڕا. شووڵەکەی فرێ

دەدایە سووچێك و وەها دەینەڕاند کە دیوارەکانی غار دەلەرینەوە.

هێلانەی سیمرغ بە سەر کێوی قافەوە بوو، کە لە دوورەوە وەك خەرمانەیەك لە بەفر و مژدا لە ژێر تیرێژی رۆژدا ئەدرەوشایەوە. دەبوایە دۆڵ و دەر و چۆم و کێوە بەرز و ئەستەمەکان بپێون و کوێرە رێیەکان کە بە هەوراز و لوتکەی کێوەکاندا تێپەڕ دەبوون، بە سەر بێنن. دەبوو دەست بە سەر گەوە حەستەم و تیژکەڵەکاندا بگرن و لە کەند و لەندە قووڵەکان تێپەڕ بن و لە هەر هەنگاوێکدا بەرە و پیری خەتەرێکەوە بچوایەن. حەوت خان کە رۆستەم گرتی و ئیسفەندیار دەستی بە سەردا گرت هاوتا کردنی دەگەڵ ئەم مەترسیانە کە لە سەر رێگەی ئەوان بۆسەی کرد بوو، هیچ بوون. ئەوان دەبوایە لە هەزاران خانی پڕ خۆف و خەتەر تێپەڕ بوایەن، هەتا دەگەیشتنە هێلانەی سیمرغ. هەر هەنگاوەو جادووگەرێك، هەر هەنگاوەو دێوێك، هەر هەنگاوەو داوێك و فێڵ و تەڵەکەیەك و جانەوەرێکی دڕندە. بەڵام ئەوان لە سەر ئەوە ساغ ببوونەوە کە بچنە خزمەت سیمرغ و پەڕەکانی بێننەوە. لە هەر جێیەك کە دادەنیشتن، هەتا پشوویەك بدەن و تۆز و خۆڵی ماندوویی لە رووخسار بسڕنەوە و دەمێك بە ئاوی زوڵاڵی کانیەك تەربکەنەوە، جادووگەری ژیان لە ڕواڵەتێکی نوێ و رەنگێکی نوێیەوە دهەاتە پێش و لە بەر دەمیان هونەری خۆی دەنواند. ئەوان ماندوو شەکەت چاویان لە کێوی قاف بڕی بوو، ئەو جێیەی کە سیمرغی شکۆدار لە پەنا سەروی بەرز و سەر سەوز و بە شکۆ دەژیا. لە سەرەتای رێگەدا یەکیان گیرۆدەی وەسوەسەی جادو گەری ژیان ببوو.

ـ تا لوتکە رێیەکی زۆرە!

ـ ئەگەر لێ بووردووییمان بێ، دەگەینێ.

ـ خەڵکی لێ بووردوویشیان بوو، نەگەیشتنێ.

ـ ئێمەش تاقی دەکەینەوە. ـ تاقی کردنەوەی تاقی کراوە رەوا نییە.

ـ ئەم قسانە کۆن بوون. ـ ئەی ئەم پاشقول دانەی تۆ کوێی تازەیە؟

***

بەڵام ئەوان دوو کەسی وەڕێ کەوتن. بە شوێنی دیاری دا کراو کە و بە سەر کەندەڵانە سەر سووڕ هێنەکان و بە نێو جەرگەی لێرەواری چڕ و تاریکەکان و بە قووڵایی دۆڵە چۆڵ و هۆڵەکانەوە تێپەڕ دەبوون. نەفەری دووهەمیان لە نیوەی رێدا ماندوو بوو. بۆ ماندوو بوونەکەی بەڵگەی نەهێنایەوە بڕو بیانووشی نەگرت. پاڵی بە چنارێکی بەرزەوە داو گوتی:

ـ ماندوو بووم، هێزی رێگا رۆیشتنم نەماوە.

گوتی: ـ بە پشوو دان هێز دەگرێوە و وەڕێ دەکەوێوە.

نەفەری دووهەم گوتی: ـ بەڕاستی ماندوو بووم و هێز و بڕستم نەماوە

ـ پێت وایە بۆ ماندوو بووین؟

ـ بڕستی من هەر ئەوەندەیە. بۆ درێژەدان ئامانجێکی پتەوی دەوێ، ئەمن نیمە.

بەڵام ئەو بەتەنیایی و بە دڵگەرمییەوە وەرێکەوت. لاقەکانی بە تواناو بە برست و کەیلی هێزی جەوانی بوون. تەسمەکان دادەهاتنەوە. ئاگرێکی ترس هێنەر لە بنی پێیەکانی هەتا ناو دەرونی بڵێسەی دەدا. ـ هەستە! هەستا. لە کاتێکا کە لاقەکانی خوێنیان لێ دەتکا و هەڵماسی بوون و لەت و کوت ببوون. ـ هەڵێ! ـ ناتوانم! جانەوەر بە پێیە قورسەکانی چووە سەر قامکەکانی، چووە سەر لاقەکانی هاواری لێ بەرز دەبۆوە و لە نێو غارەکەدا تلی دەدا! ـ تەسمەکان لە پشتی دران. هەستا ـ سیمرغ لە کوێیە؟ بۆ رزگارت ناکا، هەڵێ! ئەویش لە دڵی خۆیدا دەیناڵاند و دەیکوت: وەختی خۆی دێت. ـ ئەگەر تەنیا جێیان نەدهەێشتم. گیرۆدەی وەها ئاکامێکی پڕ دەردی سەر دەبووم؟ چۆکەکانی لە باوەش گرت و چاوی بڕییە تاریکی نێو غارەکە. جەرگی لە تونیان گڕی گرتبوو. دڵی بۆ تنووکە ئاوێك حەکەدار دەبوو. نێو چاوانی لە گەرمی یاودا دەسووتا. جانەوەر ماندو ببوو. رۆیبوو هەتا پشوویەکی وەبەر بێتەوە و بگەرێتەوە. رێ چارەیەکی نەبوو. لە کونی بەردەکانەوە کە لەبەر غارەکە کەوتبوون، بۆنی گوڵی سوور دەهاتە ژوور.

***

چیرۆك



# 26ی ڕێبەندان

***پێشکەشە بە یادی ئاشکرابوونی تێکۆشانی کۆمەڵە***

***ن: مامە هەژار***

*15/2/2008*





26ی ڕێبەندانە

یادی سوری کۆتی دیلیەتی پچڕانە

26ی ڕێبەندانە

ڕۆژی کۆمەڵەی کۆمەڵی کوردستانە

ڕۆژی بە خوێن نووسینەوەی

یەکگرتنی کرێکارانی جیهانە

26ی ڕێبەندانە

ڕۆژی مەشغەڵ داگیرسانی

شۆڕشی نوێی کارگەرانە

ڕۆژی سووری هاوڕێ "حوسێنی کەریمی"

سەر قافڵەچی شەهیدانە

*   *   *



منیش ئەمڕۆ

خامەکەم هێناوەتە گۆ

پڕ بە گەروی وڵاتەکەم

هاوار ئەکەم

لە "ئەڵمانە"ی مەریوانی

تا بەر سەرای سولەیمانی

سوێندتان دەدەم

تو کاک فوئادی سوڵتانی



چی زەحمەتکێشە و چی کرێکار
دەستە دەستە ببنە پێشمەرگە و جەنگاوەر
پۆل لەدوای پۆل
دژ بە تیرۆر و داگیرکەر بگرن سەنگەر
تا ئازادی و بەرابەری
بۆ مرۆڤ دەکەن دەستەبەر
ئەوسا ئاسودەگی دەدەن
بە رۆحی سدیق کەمانگەر
لەگەڵ لالۆ "دوکتور جەعفەر"

*  *  *



لە 26ی رێبەندان
هەموو ساڵێك... لە هەڵەبجەی شەهیدستان
72 رۆح لە کۆمەڵە و گوردانی شوان
دەبنە 72 سروودی هەستانەوە بۆ کارگەران
دەبنە 72 دێڕ شیعر
دەبنە هۆرە و سیاچەمانە و لاوك و حەیران
دەبنە 72پەیکەری سونبول ئاسا
لە شاری سنەی خوێناوی
بکرێن بە هێمای ئازادی
لە گۆڕەپانەکەی "مەیان"

*  *  *

لە 26ی رێبەندان
هەر لە گوردانی کاك شوان
لە ئوردوگا سەر بەرزەکەی
"بۆتێ"ی نێو دۆڵی بالیسان
26 دەنگ
تێکەڵ بە هاواری لالۆی شێخ وەسانان
دەبنە سروود بۆ سەربەستی
دینە هێزی هەستانەوە



شیعر




بەرامبەر زوڵم و ژێر دەستی

دەبنە هەنگاو

دەبنە دەست و بازوو و چاو

لەبۆ بینای سوسیالیستی

* * *

26ی ڕێبەندانە

لە گشت لا شایی و لۆغانە

ئەستێرەی سوور لە تەوێڵی ناو چاوانە

کوڕگەل.. هەستن

کچگەل.. هەستن

ڕۆژی کار و بەرخودانە

کار خوڵقێنەری ئینسانە

کار مایەی بوون و هەر مانە

ڕۆژی کۆمەڵەشتان پیرۆز

ئەی پێشمەرگە

ئەی شۆڕشگێڕ

ئەی کارگەرانی گەل و هۆز

کار کەن... کار کەن

بۆ ئازادی و بۆ یەکسانی

تو کاک فوئادی سوڵتانی

تو کاک فوئادی سوڵتانی

***





# درێژترین ڕۆژی ساڵ

ن: یۆرگۆ سیفریس
لەفارسییەوە :محەممەد تەرەغە

سەرچاوە: سایتی رونامی

(1)
رۆژ لە جێگەی بەرزینی خۆیراو
لەولاشەوە مانگی نۆی
بیٔئەوەی بیرەوەرێکی لە سینگی خۆی دا حەشار دابیٔ
مەودایان دەربەندە شەوێکی پرئەستێرە
پرلەشەپۆلی تۆفانی ژیان
لەسەرخەرمانەوە ئەسپانی شەڵا لٓی ئارەق
بەسەر لەشە رماوەکان چوار نال دەئاژوێن
هەمووشتیٔ ك هەر لەوەوە دەستی پیٔ کرد
ئەو ژنەش کەلە بەر چاوت ئاوا روو لە گەشە بوو
لە پر دەژاکیٔ و
ئەژنۆی دەنوشتێنەوە
بەرداشەکان هەموو شتێك دەهارن
بەمجۆرە هەمووشتێك دەبێتە هەسێرە
لە شەوی درێژترین رۆژی سال دا

(2)
هەموو لە زیندە خەودان
کەچی کەس وەسەر خۆی ناهێنیٔ
ئەوان وادەزانن کە تەنیان
ئەم گوڵە سورە مەزنە
هەمیشە لە ویٔ بوو
بەردەوام لە لای تۆ،لەشیرن خەویدا .
لەلای تۆ و نەناسیاو
ئێستە کە لێوەکانت بە بەری ناوەوەی پەرەکانی فێرە
قورسایی بەشکۆی ئەم کیژەی کە بەدەم سەماوە
کەوتە ناو رووباری زەمانەوە و



شیعر

تۆیش گوێت لە شڵپ و هۆری خۆفناکانەی بوو,
هەر وا بێهودە هەناسەکانت بە فیرۆ مەدە.

(3)

لە وەها خەونێك دا
ئەم زیندەخەوانەی سانا رەنگ دەدۆرێنن
هەر تراویلکە خەونیان لێ دەمێنێ
وەك ئەو ماسییەی ساتێك لە ژێر شەپۆلانەوە دەدرەوشێ و
لە ناو قوراو دا بزر دەبێ
یا وەك خۆرپایەك کە بەردەوام رەنگ دەکۆرێ .
شارێك کە بۆتە مەکۆی خراپەکاران
دەڵاڵان و ژن جوان کەران
ئەشقی پرتووکاو دەفرۆشن
ئەو کیژەی کە لە زەریاوە سەری هەڵدا
پیستی گایەك دەکاتە بەر
تا بەڵکوو لاوی بە شان و باهۆ بە بەری هەڵکێشێ
شاعیر
لەناو ئەو پیسایەی مناڵانی کۆڵان گەر تێی هەلدەکەن
پەیکەرە گەلێك دەبینێ خوێنیان لێ دەچۆرێ.
دەبێ لەم خەوە راپەری،
لەم پێستە شەلاق خواردوە بێیە دەر




(4)
تەپ وتۆز
بەدەم بای سەر شێتەوە
هەر چوار لا دەتەنێ
دوکەڵێکی توولەکەو مەرگاویانە
دەست و پێ ی ئینسان لە تین وهێز دەخا
جەستەکان دەکەونە دەمی بێوازیەوە
ئەوان تینون بەلآم لەهیچ لاوە ئاو نادۆزنەوە,
وەك باڵندەی سەر لقی دار لێ رو لەوێ هەڵکە
بێهودە پەرو بالدەکوتن
تازە ئیتر بالکرنەوەیان محاڵە.
ئەم ولآتە
وەکوو گۆزەڵە گڵ

وردەوردە ویشك دەبێتەوە.

(5)

جیهان بە مەلافە گەلێکی خەواڵوو داپۆشراوە
جگە لەمە چی پێیە وەدەری خا
لە شەوانی گەرم دا
ئەو کاتانەی شەقە چرچۆکەکەی (هکاتە)
لەسەر بان را
سینگ و بەرۆ ئاوالآ لە هەمبەر مانگی نوێی دەستکرد شیوەن دەگێرێ
دوو کوڵفەتی زۆر مناڵ بەدەم باوێشك دانەوە
ئەکسیری بۆن خۆشی لە قازانە مس دا دەکوڵێنن
بەیانی هۆگرانی، هەڵی دەمژن
ئەشقی ئەو هەر لە ئێستاوە
وەکوو سیمای رازاوەی دەورگێرکی تراژیدیا
هەرەس دێنێ .



(6)

لەم خوارەوە،لە ژیر پێمانەوە
دەریایەکی ئاوێنە ئاسا
لە ناو خەزێنەکان دایە-
لەنیوان زەقوومە* سپیەکان
لە نێو بەردە سەختەکان دا
بێنەوە بیرت ئەم کراسەی
بەلەشتەوە دەخزی و بەند نەدەبوو
کراسێ بێ ئەوەی گیانی لەبەرا بێ
دەکەوتە سەر پێیەکانی تۆ
خۆزکە ئەم خەوەش ئاوا
دەرژایە ناو خەزێنەی مردۆکانمانەوە

(7)

لە باخچۆڵە دا
چنارێك
بە هەناسەکانی
شەو و رۆژ
لە بژاردنی ساعاتی تەمەنت دایە
ئەم ساعاتەی شینایی ئاسمانی تێگەراوە و

شیعر

بە حوکمی مانگ دەگەرێ
گەڵاکان بە سەر دیوارە سپێەکان دا
بە جێ پێیانی تاریکی دا دەروێ ن
چەند دار کاجیش لەمپەرتا وهەروا بە پێوەن
ئەو لاتر گڵۆپ و چراخانی شار و
ئینسانەکانیش هەر ئەم جۆرەی خولقاون.
بەڵام مەلێکی رەش
بۆ ئاو خواردنەوە کە دێ
دەخوێنێ
هەر وەك ئەو قومریەی جارجار دەخوێنێ .
لەم باخچۆلە دا
کە ئەوەندەی چاوەیەکە
دەکرێَ خۆر ببینی
کاتێ لە سەر دوو مێخەکی سوور هەڵدەنیشێ
لە سەر دانەکانی زەیتوون و چەپکەگوڵی یاس.
خۆت هەر ئەم جۆرەی کە هەی، ببینە
نە ئەوەی کە شێعر لە قوڵایی چنارەکان دا بنێژی و
بە مڵکی خۆت بەرهەمی نەهێنی
گەر ویستیشت هەراو تر پێی بگەی
هەر ئەو شوێنە بدەوە کە لێی راوەستاوی



(8)
ئاوێنەیەکی سەختە لاپەری کاغەزی سپی
تەنیا ئەو شتەی کە تۆیەك بە تۆ نیشان دەدا .
دەگەڵ تۆ دەدوێ کاغەزی سپی
دەگەڵ دەنگی تۆ
نە ئەو دەنگەیکە پێت خۆشە.
موسیقای تۆیە،ژیانی تۆ
هەر ئەمجۆرەی بێ سەمەر راتبوارد
بەڵام بێتو بتهەوێ
هەمیسان دەتوانی بیگێریەوە
گەر دڵ بەم لاپەرە سپییە بسپێری،
دەتگێرتەوە ئەم شوێنەی دەسپێکت بوو.
سەفەری زۆرت کردن
مانگ و رۆژی بێ ئەژمارت دی
لە مردوان و زیندوان ئاگادار بووی

رەنجی پیاوانی جەوانت لە قوڵایی دڵەوە هەست پێ کرد
کوێرەوەری ژنان و
تاڵی رۆژگاری کورانی کرچ وکاڵیش هەروەتر.
ئەگەر بەم بۆشاییە بروا نەهێ نی
هەموو هەست و ئاواتت بە فیرۆ دەروا ،
مەگەر لەو شتەی دا بیدۆزیەوە کە پێت وایە
ونت کردووە،
خەت دانی لاوی-ت ،
پشکۆتنی ناچارانەی تەمەنت.
ژیانت ئەوشتەیەکە دۆراندوتە
بۆشایی ئەم شتەیەکە دۆراندوتە
ئەم لاپەرە سپییە.



(9)
لەو شتانەی کە نەیاندیبوو دەدوای
ئەوانیش پێت پێدەکەنین
بەڵام تۆ لەناو رووبارە تاریکەکان دا
هەر سەوڵت لێدەدا
لە شووێنی دژ بە وان را
لە شوێنێکی نەناسیاو
شیلگیرانە دەرۆیشتیە پێش
کوێرکوێرانە
کەوتیە شوێن قسەگەلێکی تێکوڵ دارەوە
ئەو قسانەی وەك لكو پۆی دار زەیتون چر و پرن.
لێگەریَ باپێبکەنن
تۆ دەتویست ئەو جیهانەي تر
بکەیە جێنشینی تەنیایی چەوسێنەرانەی ئەمرۆ
جێنشینی ئەم زەمانە رماوە.
لێگەریَ باپێبکەنن، بەدڵی مەگرە
فێنکایی دەریا و فێنکایی بەربەیان
بێ ئەوەی بمانهەوێن هەر هەن

(10)
ئەوکاتەی زیندەخەوەکان
دەمەو تاوهەڵاتن
هەستی کردەوەیان گەشەی دەکرد

شیعر

لێو گەڵێکم دیت
گەڵا گەڵا دەپشکوان
لەوە ترسام
ئەو داسە لووس و باریکەی بە ئاسمان دا رادەبوورێ
بنیشێتە ملیان



(11)
ئەودەریایەی کە بە مەندی دەیناسن
بەلۆتکەو گەمییەسپییەکانیەوە
دەگەڵ پشوو پشوو شنەی فینکایی
بەسەر دارە ناژەکان و
کێوی«ئەگینا»وە،دەشنێتەوە،
بەسەر لەشتا دەخزا
ئاسودەو گەرم
وەکوو ئەندێشەیەك کە هێشتا هەر دەڵەمەیە
بەڵا م لە ئاوە تەنکەکان دا
ئەختاپووسێ نێزەلێ  دراو
جەوهەری ژین دەدەڵێنێ
لە ناو ئاوە قوڵەکانیش دا
ئەی خۆزگە وەبیر خۆت دەهێنایەوە
کە دوورگە جوانەکان کەی کۆتایی دێن
بەبارتەقای هەموو رووناکی و تاریکی سەیری تۆ دەکەم

(12)
لەدەمارە هەڵماساوەکانی ئاسمان دا
هاوکات دەگەڵ گەرمای چەوسێنەر
خوێنی جماو دەئاژوێَ
چش لە مەرگ کە بەختەوەری لێرە بێ
هەتاو
ترپەی نەرمی نەبز ە
تا دێ هێدیتر لێدەدا.
دەڵێی هەر ئێستا بوو  راوەستا

(13)
ساتێ دواتر خۆر دەوەستێ
پەریان لە دەسپێکی رۆژ رسکان دا
گیانیان وەبەر پێستی ویشکی زەریا ناوە

کەڵەشێرێك سێ جار خوێندی،تەنیا سێ جار،
لەسەر بەردێکی سپی
مارمێکەیەك ملەمای لەخۆی بریوەو
سەیری گیا سوتاوەکان دەکا،
ئەوشوێنەی کەمار ماتەی لێهەڵگرتووە
بایەکی رەش ئاسمانی پیرۆزەیی دادەدرێ
سەیر کەئاسمان خەریکە لێك بڵاو دەبێ
ژانی قورسی لەدایك بوونەوە

(14)

ئیستا هەموو شتێك لەحەسرەتی سوتانی
ئەو قورقوشمەدایە کەبەتینی دەریای
هاوین
بۆفاڵ گرتنەوە، سووریان کردۆتەوە.
هەموو رووت و قوتی دەستی ژیانن
رۆیشتن،مانەوە، رۆنیشتن ، هەڵکشان،
لێوەکان و لەشی ئۆخژن پێ  هاتوو.
هەر ئەمجۆرەی کە لە دةمی نیوە رَۆ دا
دارە ناژ-کەچۆتە ناوجیوەی خۆیەوە-
بۆگەشانەوە حەجمینی نییە و
ئیتر تاقەتی ژانی نەماوە
بانگەشەی  مناڵان
تا خۆڵەمێشەکان کۆکەنەوە و
بیچەقێننەوە.
ئەوەی کەرۆیوە، تازە هیچ
بەڵام ئەوەی ماوە دەبێ بسوتێندری
دروست لەجەنگەی نیوەرۆدا کە خۆر
بە دڵی گوڵی سەد گەڵاوە لکاوە.



سەرچاوە: گۆڤاری کلك ژومارە: 3،شەهریوەری1377

***

شیعر

# " باڵندە "

ن:سیاوەش کەسرایی
و: م– باوەڕێز





باڵندە، کۆچە

باڵندە، سەربە شاخی وەرزەوەنانە

باڵندە، پەڕینەوە و، بەزاندنی سنوورە قەدەغەکانە

باڵندە، خوونەگرتنە بە قەفەز

باڵندە، زەوقی دەربازبوونە

باڵندە، چنینەوەی نادیاری پەڕەی گوڵە

خواستی ئاسمانی دەرونە

ڕێبوارێکی هەمیشەیی هەل و مەرجی ترسناکەو

سنگ نانە بە خەیاڵی سوورو گەشی هەرێمەکانەوە

باڵندە، بورد و بەرینایی دڵنشینی ناوی ئازادییە.

***



# دیاری

ن: نیشتمان ئەسەدی

ئەگەر هاتی
پەنجەرەیەکی شین بێنە
بکرێتەوە بەرەو
ڕوناکیی ئاوو...
بەرەوشینایی ئازادی
من میوانم لە ولاّتی
بێ پەنجەرەی پڕخەنجەردا
من میوانی ولاّتێکم بۆنی
باران لێی تۆراوە
نەختێک بارانم بۆبێنە
لێرە چاوەکان زۆر تینون
شێعرەکان ڕەش پۆش کراون
تازیە لەسەرتازیەیە
ڕەش بەڵەک بەردباران دەکرێ
گوڵەگەنم بە تاوانی
بەبەزەیی بون دەسوتێ
وشە بە تاوانی ڕوتەڵی
حوکمی ئێعدامی پێ دەدرێ
لەگەڵ خۆت
دێوانە شێعرێک
ڕۆژ ژمێرێک
پڕ بێت لە بەفر...
لەپایز...
لەگەڵای سوور و نارنجی
لێرە ڕەنگەکان زیندانین
کۆچەریەکی گۆرانی بێژی بۆبێنە
لێرە گۆرانی کەڕبووە

سەفحەکان حوکمی ئەبەدیان
بۆ دەرچووە...
ناسنامەیەکم بۆ بێنە
پڕبێت لە خۆشەویستی
لەمناڵ...
ڕەش کرابێتەوە ناوی
عەشیرەت و خێڵ و هۆزو...
چەقۆ...
سەربڕینی کۆترو پەڕەسێلکەکان
من میوانم لەولاّتی
بێ بەزەیی
ولاّتی چاوە ڕوتەڵەکان
نیگا برسیەکان
وەرزێکی کەسکم بۆ بێنە
پڕلە جریوەی مۆسیقا
لە داهاتو...
ئاوێنەیەکی بالاّنوام
بۆ بێنە...
باخۆم وەکو خۆم ببینم
لەگەڵ مۆسیقا شاعیربم
لەگەڵ باران نمەنمە بالاّبکەم
لەگەڵ شنە ئاشق بم و
بە بەهاری یەکسانی دا
بڕوێمەوە...

***

## ژومارەیەك كورتە بابەتی جۆراوجۆر كە لەلایەن خوێنەرانی ئازیزی پێشەنگ ەوە بە دەستمان گەیشتون :

# شیرینی

*( چیرۆك )     ن: شەهروز ناسری*

كاكۆڵەكانی زەرد و نەرم درێژ ببون و تا پشت رۆی هاتبوون.

چاوەكانی ئەوەندە شین بوون هەر كەس دەیدیت بێ ئەوەیكە نێوی بپرسێ پێی دەگوت: "شینە".

ئێوارەیەكی مانگی ڕەمەزان بوو. بەفرێكی چەند ڕۆژە ئاری سارد و سپی ڕاگرتبوو. پیادەڕۆ بەستبووی. خەڵك بە ئەسپایی هەنگاویان هەڵدێنا. خۆیان داپێچابوو و دوگمەی باڵتۆكانیان تا بن چەناگەیان داخستبوو. هەناسەكانیان دەبیندرا. چاویان لەبەر پێیان بڕیبوو. نزیك كاتی بانگ دان بوو. خەڵك پەلەیان بوو بۆ بەر بانگ لە ماڵێ بن. چرای دوكانەكان هەڵكرابون. كاڵای بەر ویترینی دوكانەكان ئەوەندەی تر سەرنج ڕاكێش بوون.

"شینە" لە بن دیواری بانكێك هەڵتروشكابوو. لاقەكانی تەزیبوون. پەنجەی پێی چووبون. ئەوەندە پاڕابۆوە شەویلكەی شل ببون. پەنجەی دەستەكانی لە نێو ڕان و زگی خستبوو تاكو بڕێك گرم ببنەوە. سەر گۆنای سوور هەڵگەڕابوون. گوێچكەی پتەت لێدابا دەپەڕی. جارناجارێك ئاوی كەپۆی هەڵدەلوشیەوە. دەسرۆكەیەكی لەبەر لاقی ڕاخستبوو. هێندێك قەرە پوڵ لەسەر دەسرۆكەكە دانرابوو.

خەڵك كەمتر بە دەرەوە مابوون. "شینە" دەسرۆكەكەی پێچاوە و هەستا سەر پێ. دەسرۆكەكەی بە قەرە پوڵەوە دەگیرفانی ڕاكرد و درێژایی پیادەڕۆی گرتە بەر.

"شینە" دەستەكانی دەگیرفانی خستبوو. گیرفانی خلەی قەرە پوڵی لێ دەهات. هێندێكی دیكەش بە پیادۆڕەكەدا هەڵكشا. شەپۆلێك بۆنی بایمە و زلوبیا و شیرینی تازە كاسی كرد. لە جێی خۆی ڕاوەستا. زگی قوڕەیەكی لێهات. ئاوی زاری قوت داوە. چاوێكی لە دوكانەكانی دەور و بەری خۆی خشاند. شیرینی

خانەیەك سەرنجی ڕاكێشا. خۆی بۆ ڕانەوەستا. چووە بەر ویترینی شیرینی فرۆشیەكە ڕاوەستا. چەند گڵۆپی پڕ نوور لە ویتریتەكەدا هەڵكرابوون. شیلەی شیرینیەكان ئیشتیا هێنەر بوو. "شینە" چاوی لە شیرینیەكان بڕیبوو. دەستەكانی هەروا لە گیرفانیدا بوون. ئاوی كەپۆی هەڵلوشیەوە. هێندێكی دیكەش لە شیرینیەكان ڕاما. ئاوی زاری قوت داوە. خۆی بۆ ڕانەگیرا. چاوێكی لە دەور و بەری خۆی كرد. لە پڕ دەستی لە گیرفانی دەرهێنا و پەلامری بۆ شیرینیەك برد.

لە نیوەی ڕێدا دەستی لە شوشەی ویترینەکە کەوت. داچڵەکی. سپی هەڵگەڕا. بەڵام ڕای نەکرد. ئاوی زاری قوت داوە.

خاوەنی شیرنی فرۆشیەکە بە پرتاو هاتە دەر:

– ((ئەوە چی دەکەی هەتیوە؟!... بزانە شوشەی دوکانەکەم ناشکێنی؟!))

"شینە" ئاوی کەپۆی هەڵلوشیەوە. ئامبازی لاقەکانی کابرا بوو. باڵای هەر ئەوەندە دەگەیشتە نێو قەدی کابرا. چاوە شینەکانی لە چاوە دەرپەڕیوەکانی کابرا بڕی:

– ((خاڵە، تۆ خودا خێرێکم پێ بکە. شیرینیەکیش بێ دەبێ! تۆ خودا خاڵە... خێرێك... شیرینی، شیرینی...!))

***

# "هیوا"

ن: شەهروز ناسری

لە ئاوە زینگا ژیامەوە
کاتێ
پێت خستە دڵی ڕووتەنم و
بە دەستی پڕ تۆوی ئامانج
ئاوێتەم بووی!
کە سبەی هات
هەرێمی لەشی شندرم
باخچەیەکە
خەملیو بە گوڵی خۆرەتاو
کە تیشکی
وێنەی ئەنگوستت
ڕیشاڵەکانی لەشم دەهۆنێتەوە!
***

شیعر

# "بۆنی بەفر"

*ن: هەژیر نیڤا*

دەمەوێ لە دێڕێکی

بەر دیدەکانی ڕاوەستانت

چرای شەوانی ئەندێشەی ئەوینت بۆ هەڵکەم،

ئەمشەو

بەفرە چاڵی بیرم ڕێبەندانی ڕێبوارانە

بە تۆ نەبێ ناتوێتەوە.

ئەگەر هاتی

بە پێخاوسی وەرە

با مانات کەم لە شێعرێکی "ئاویەر و ئەزمەڕەوە."

بۆنی بەفری "ئارێزم" لێنیشتووە

وەرە با شارەزووری ئەم نیگایەت

شان و ملی تەزیوم گەرم کاتەوە

چارەنووست بەندە بە بیرمەوە

هەرگیز ناسڕێتەوە لە شێعر و هەڵبەستمەوە

***

# بانگەواز

ن: مەحمود باوەڕێز

ئەم 16ی گەلاوێژە !

لە شۆڕشی ئێرانەوە

پێوەرێك بوو

سەر شێتانە

قۆڵی لە ناو قەدی شارا

لە ڕۆژێکی ئەیار ئەچوو

سنە و سابلاخ و مەریوان...

هەر بورجێکیان لێ دیار بوو

بە مانگرتنی ئاشکرا

جەستەی مردووی حیزبی دەستکردیان مۆر ئەکرد

ئەو حیزبانەی

کە کول بوون و

نەیانوێرا و ...

بە نامەی ذا

لە بانگەوازی مانگرتن سڵیان ئەکرد.

# نامەی هاوڕێ

*(لە پەراوێزی کێشەکانی ئەم دواییەدا)*

لە دەروازەی سەرنجێکا

ئازارەکان زەماوەندیان کردبوو

لە ژوانگەی شاخی ئەشقا

بیرەوەری چەن سالێکیان هەلواسیبوو...

بۆ خنکاندن.

پەژارەی کچی شەرماوی و،

ئازارێکی بێ ڕەحمانە

گەمارۆی جەستەیان دابوو

بەلکوو نەهەنگ.



نەهەنگە خۆشەویستەکە

لە قەفەزەی دەریای سنگی بهێنەدەر.

سلێمانی 4/4/2007

مەحمود باوەڕێز

***

ئەم شێعرە بە هۆی ئەوەی کە لە ژمارەی 14ی پێشەنگ دا چەند دێڕێکی کەوتبوو سەرلەنوێ لێرەدا هێناومانەتەوە .

# خۆر ئاوا بوون

م_ حەمامیان

هەمووان دەڵێن:

ئاوابوونی خۆر، دڵتەنگترین کاتی ژیانە

دەسەوئەژنۆدانیشتنە، چیرۆکی نەنووسراوەی ڕەمزو ڕازێکی ژیانە

هەموان دەڵێن:

خۆرئاوابوون، گەڕان بەدوای خەیاڵاتەو

کەشتی حەزەکان لەناو دەریای ئاواتەکاندا نوقم دەکات

نامورادییەکان دێنێتەوە بیرو

تەنانەت لەنووسیندا، وشەکان بۆمان ناڕەخسێن،

ڕستەکان هاوتەریب نابن!

لەچرپینی ئاوازیشدا،

دەنگی تار بەمتردەبێت لەوساتەدا.

فرمێسکی چاویش لێیی گەڕێ

هەزار داستانت بۆ دەڵێت،

بەلاّم من،

لە ئەوپەڕی چرپی ئێوارەیەکی دڵتەنگ دا

ئاوابوونی خۆر

ژوانگەی من و حەزەکانمی، ڕوناکی بەخشی!

شنەبای ئەو ئاوابوونە

بۆنی هەڵاتنی ڕۆژگارێکی پڕ لە ئاسۆیەکی گەش و

تامەزرۆی خۆشەویستیەکی بیٚ کۆتایی کردم.

لەوساتەوە من:

ئاوابوونی خۆر،

دەستەو ئەژنۆ، عاشقانە جێژن دەگرم!

***

شیعر

# وێنە

ن: ناسر

مامۆستای وێنەکێشان: ئارام محەمەد! وێنەکەت بێنە.

قوتابی: باش مامۆستا

مامۆستا: (بە تورەیی) ئەمە چیە؟!

قوتابی: وێنەی ژورەکەمە مامۆستا.

مامۆستا: ئەم لاپەڕە ڕەشە؟! ... یانی چی.

قوتابی: ئاخر کارەبا بڕا... مامۆستا.

مامۆستا: بڕۆ لەسەر قاچێکت بوەستە، با فێر بی کەی وێنە بکێشیەوە.

قوتابی: باش مامۆستا.

15/1/2008

